بەرێوەبەرەکانی ناحیەکانی باڵەك و برادۆست شەوقی ئەفەندی و وەلیەددین ئەفەندی گۆرینەوەیان پێ بکرێت، لە سەر نووسراوی ٨ مایس ١٣٢٠ ژمارە ٣٧ جێگیر کراوە و لە مێژووی دەست بە کاربوونیان بۆ هەر یەکەیان مانگانە ٤٣٠ قوروش مووچەیان بۆ دابین کراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنی کارەکە بە گوێرەی نیزام دوای سوێند خواردن و دەست بە کاربوونیان، مێژووی دەست لە کار کیشانەوە لە کاری پێشوویان رابگەیەندرێت و بە ووتەی ژمێریاری راگەیەندراوە.

18 رەبیعی کۆتایی 1322/ 2 تەمموز 1904
DH.MKT.00865.00112

آیدینجق ناحیه مدیریتنه تعیینی استرحام اولنان بالات مدیریتنده مستعفی محمد فکری افندی طرفندن ویریلن عرضحالک لفاً تقدیم قلندیغی
بیانیله موما الیهک اسعاف مستدعاسی خصوصنه مساعده بیورلمسی جزائر بحر سفید ولایتندن وارد اولوب حواله بیورلان ۱۲ ... ۳۲۹
تاریخلی تحریراتده اشعار قلنمش.
اولبابده موما الیه فکری افندینک منتخب ایسه ده ذکر اولنان بالات مدیریتنده خدمت سبقت ایتدیکی قیدده ... سابقه
استخدام اولنمسی سیاقنده اشعاراتدن آکلاشیلدیغی حالده شمدیلک بوراجه آیدینجق ناحیه بولنمدیغندن مانع استخدام رجالی اولمدیغی تقدیرده
ولایت داخلنده آیدینجق منتخبات قبول ایدیلمکی ناحیه مدیریتنه انتخاب وانهاسی خصوصنک جواباً ولایت مشار الیهایه توجیه و ابلاغ بیورلمسی
منوط رأی عالی آصفانهلریدر اولبابده امر و فرمان حضرت من له الامرکدر. ۱۲ ربیع الآخر سنه ۳۳۱ و ۷ مارت سنه ۳۲۹

بابی عالی

....


٣٤٠

لە بارەی بە میهرەبانیەوە داوای بەڕێوەبەرایەتی ناحیەیەك كراوە، لەلایەن محەمەد فكری ئەفەندی داواكاری لێخۆشبوون لە كارەكەی بەرزكراوەتەوە، هاوپێچ پێشكەش كراوە، بە ڕاگەیاندنی بۆ داواكردنی ناوبراو لە ویلایەتی جەزائیر بەحری سەفید نووسراو لە ٣١ مایس ١٣٢٠ ئاماژەی پێكراوە و حەواڵە كراوە. لە كاتی ووردبینی كردن ئەگەرچی فكری ئەفەندی لە هەڵبژێردراوەكان نییە، بەڵام بە تۆمار دەركەوتووە خزمەتی لە ناحیەی باڵەك هەبووە و بە ئاماژە دەركەوتووە دووبارە شایانی وەرگرتنەوەی خزمەتی هەیە، حاڵی حازر لێرە هیچ ناحیەیەك خزمەتی بەتاڵی نییە، خۆشی دووبارە لە بەكارهێنانەوەی هیچ لاری بوونێك نەبووە، بۆیە لە ناو ویلایەت لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەیەك كە هەڵبژێردراوەكان قەبوڵ نەكات دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە ویلایەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە و لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم كەسەیە كە فەرمانی بە دەستەوەیە، لە ١٣ ڕەبیعی كۆتایی ١٣٢٢ و لە ١٤ حوزەیران ١٣٢٠.

مۆری بەڕێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران

13 ڕەبیعی كۆتایی 1322/ 27 حوزەیران 1904

DH.MKT.00868.00079



بۆ ویلایەتی موسڵی سەروو

کاغەزی وەرگێردراوی بەڕێوەبەری ناحیەکان لەگەڵ کاغەزی جێگیرکراودا بۆ هۆبەی تۆماری نەزارەت بەرز کراوەتەوە، دوای ئەوەی لەوێ ووردبینی و تۆمار کراوە، وێنەی پەسەندکراوی پوختەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆماری باری کەسێتی بەرز کراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە سەرەتا بۆ سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیەی شکۆدار بەرز کراوەتەوە، دوای گەرانەوەی حەواڵەی هۆبەی ناوهاتوو کراوە، بە پێی نووسراوی مێژووی ٦ شوبات ١٣١٧ ژمارە ٢٥٥، حاجی عەبدوڵلا ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەك پوختەی وەرگێردراوی باری کەسێتی لە تۆماری خۆچێی تۆمار کراوە، پشت بەستن بە کاغەزی وەرگێردراوی باری کەسێتی ناوبراو لەگەڵ کاغەزی جێگیرکراودا پێویستە کارەکە جێبەجێ بکرێت، بە ووتەی هۆبەی ناوهاتوو نووسراو بۆ راگەیاندنی کراوە.

17 زیلحیجە 1323 /12 شوبات 1906
DH.MKT.01144.00008

صدارت عظمی مکتوبی قلمی

بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی سەروو

حاڵی حازر لە مەرکەزی رەواندز یاخود لە مەرکەزی ناحیەی باڵەك گەڵاڵە تا یاران تەپە هێلی تەلەگراف درێژ بکرێتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە لە وەڵامی نووسراوی ٩ شەوال ١٣٢٣ بەپەلە هیممەت بکرێت لە راگەیاندنی.

15 شەوال 1323/ 13 کانوونی یەکەم 1905
BEO.002719.203853

٢٤٨

موصل ولايتى [illegible]

[illegible] استدعا ايدلمش —

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بابی عالی

....

قەڵەمی فەرمانبەران

ژمارە ۲٤٨

محەمەد تۆفیق ئەفەندی بەرێوەبەری داودیە سەر بە ویلایەتی موسڵ داواکاری بەرز کردۆتەوە، لەلایەن هەندێك کەسی سەروو بە رێگەی ساختەکاری (تزویر) لە ویلایەت بۆ بەرێوەبەری ناحیەی باڵەك گوازراوەتەوە، بەمەش گلەییەکەی لە شوێن خۆیەتی، داوای کردووە لە ناو ویلایەتەکەی تر بۆ بەرێوەبەرایەتی ناحیەیەك بگوازرێتەوە.

لە کاتی ووردبینی کردن داواکاری ناوبراو لە بەرێوەبەرایەتی داودیە بەستراوەتەوە، لە بارەی گواستنەوەی ناوبراو بۆ بەرێوەبەرایەتی باڵەك لە تۆمار دەرکەوتووە هیچ ئاماژەیەك لە ویلایەت دەرنەچووە، لەسەر راگەیاندنی ئەم زانیارییە، داوای زانیاری لە ویلایەت بکرێت کە گواستنەوەی ناوبراو پەیوەست کراوە بە چ هۆکارێك؟، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە، لە ١٥ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٣ و لە ٦ حوزەیران ١٣٢١.

مۆری بەرێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران

15 رەبیعی کۆتایی 1323/ 19 حوزەیران 1905
DH.MKT.00977.00005

TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie — دولت تلغراف معاملاتندن دولایی مسئولیت قبول ایتمز

Retransmission ou Expédition تکرار کشیده ویا سوق				RECEPTION الخذ			
سوق نومروسی N° d'expédit	کشیده اولنان مرکز transmis à	Date تاریخ	مأمور امضاسی Signature de l'employé	مأمور امضاسی Signature de l'employé	Date تاریخ	واسطه مرکزی Reçu de	نمره نومروسی N° d'ordre
۱۵۷		H. [illegible] M. ۲۰	[signature]	[signature]	H. ۱۱ M. ۱۹	دیاربکر	[illegible]

De — Pour — موردی — مخرجی: موصل

N° — Mots — Date — H. ساعت — M. دقیقه — تاریخ: [illegible] — نومرو: ۱۸۰۵۷ — کلمه / غروب

Voie طریق — Indic. Eventuelles اشارت مخصوصه

داخلیه نظارتنه — مستعجل

... حبسخانه‌سی ایله یالک ناحیه‌سی حکومت قوناغی ایچون محلاتجه استئجار اولنان
خانه‌لرک بدل ایجاری سنویسی اولان [illegible] قروش آیلق [illegible] ایچون متفق [illegible]
نامه‌لرک ارسالی معروضدر [illegible] کانون ثانی

موصل والیسی [illegible]

DH.MB.HPS 27/56 5

TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

دولت تلغراف معامله‌سندن طولایی هیچ بر مسئولیت قبول ایتمز

(STAMBOUL)

Retransmission ou Expédition تكرار كشیده ویا سوق				RECEPTION			
سوق نومروسی No d'expédit.	كشیده اولنان مركز transmis à	Date تاریخ	مأمور امضاسی Signature de l'employé	مأمور امضاسی Signature de l'employé	Date	مخابره مركزی Reçu de	نومروسی No
٧٢		٢٧ ... ساعت ... H. ... M. ...			ساعت ... H. ... M. ...	دیاربكر	228

De ... Pour موردی موصل

No ... Mots ... Date ... H. ... M. ... تاریخ ٤٠ ٣/١٩٤

Voie ... Indic. Eventuelles اشارت مخصوصه طریقی

داخلیه نظارتنه — مستعجل ١١٤

دهوك حكومتنده قوناغی اوطه لرله جوار رجالك خرابه بولنمسندن جهتیله
قائمقام داراده و تحریراته اجوبه نظارتك ابلاغ ایلدیكی محكمه بلدیه بیلیب
دوائرك [illegible] قرب [illegible] بدل ایجاری اولا به ایكی یوز غروشك حواله بایله
ارسالی محاسبه افاده سیله معروضدر ١٤ ت

موصل والی وكیلی

[illegible]

موصل ولایتنه اشبو تلغرافه مربوط تحریراتنده دهوك قضاسی حكومت قوناغی [illegible]
اولمه‌سندن [illegible] [illegible] ایلدیكی [illegible] [illegible]
[illegible] حكومت قوناغی [illegible] ماده‌سنده تخصیصات [illegible]
[illegible] تقدیر [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible]

[illegible] ٢٧ [illegible]

مطبعهٔ [illegible] احسان وشركاسی

(3 zhf 605)

[illegible]

داخلیه نظارت جلیله‌سنه

١٧

[illegible]

نەزارەتی ناوەخۆ

لە نێوەخۆ ئەم خانانەی بۆ گرتووخانەی ڕەواندز و قۆناغی حکوومەتی ناحیەی باڵەك بە کرێ گیراوە، ساڵانە کرێیەکەیان ٣٤٢ قوروشە، بۆ دابین کردنی حەواڵەنامە نێردراوە. لە ٤ کانوونی دووەم ١٣٢٧.

تاهیر والی موسڵ

17 سەفەر 1330/ 6 شوبات 1912

DH.MB.HPS.00027.00056

....

نەزارەتی ناوەخۆ

قۆناغی حکوومەتی دهۆك وێران بووە و ناتوانرێت تێدا ژیان بەسەر ببردرێت، بۆ فەرمانگەکانی قائیمقام و تەحریرات مانگانە ٤٠ قوروش بۆ کرێ دیاریکراوە و کرێیەکە ٢٠٠ قوروشە، بە ووتەی ژمێریاری حەواڵەنامە ڕەوان کراوە.

ئەسعەد وەکیلی والی موسڵ

پشت بەستن بە تەلەگراف و هاوپێچ تەحریراتی ویلایەتی موسڵ، بۆ قۆناغی حکوومەتی قەزای دهۆك کرێی مانگانەی هەر یەکەیان ٤٠ قوروش دیاریکراوە، کە ٢٠٠ قوروش لە موازەنەی ئەم ساڵە لە بەشی چوارەم خاڵی یەکەمی قۆناغەکانی حکوومەت لە بابەتی کرێ بریار دراوە، بە تەلەگرافنامە حەواڵەی خۆچێی کراوە، دوای ڕەزامەندی دان حەواڵەنامە ڕێکخراوە و بۆ کارگێری ڕەوان کراوە، بریار و حەواڵە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە. لە ٢٧ شوبات ١٣٢٨.

3 ڕەبیعی کۆتایی 1331/ 12 مارت 1913

DH.MB.HPS.00027.00056

....

ویلایەتی موسڵ

قەڵەمی مەکتوب

ژمارە ١٧

ئەم خانانەی لە ناوچەکانی ناو ویلایەت بە کرێ گیراوە، ناو و مێژووی کرێ و مانگانەیان لە دەفتەری دیاریکراو تۆمار کراوە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

پشت بەستن بە تەلەگرافنامەی نەزارەتی عالی لە مێژووی ١٦ کانوونی دووەم ١٣٢٧، لە ناو ویلایەت ئەم خانانەی بە کرێ گیراون، ناو و مێژووی کرێی مانگانەیان دیاریکراوە و ڕێکخراوە، لە دەفتەری ژمێریاری ویلایەت هاوپێچ پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە. لە ٩ جەمادی یەکەم ١٣٣١ و لە ٢ نیسان ١٣٢٩.

مۆری والی موسڵ موحەررەم حەسەن

9 جەمادی یەکەم 1331/ 16 نیسان 1913

کرێی قۆناغی حکومەت

سالانه	مانگانه	خانه	ناوی شوێنەکان	تێبینی
٤٥٦	٣٨	١	ناحیەی توزخورمات و سەر بە مەرکەزی سەنجەقی کەرکووك	لە مێژووی ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٠١ ەوە خانەیەك بە کرێ گیراوە
٦٣٦	٥٣	١	ناحیەی مزوری سەر بە قەزای دهۆك	
٧٢٠	٦٠	١	قەزای گوڵعەنبەر سەر بە سەنجەقی سلێمانی	
١٨١٢	١٥١	٣	دەبێتە	

کرێی گرتووخانە

سالانه	مانگانه	خانه	ناوی شوێنەکان	تێبینی
٣٠٠	٢٥	١	قەزای بازیان سەر بە سەنجەقی سلێمانی	لە مێژووی ١٣ مایس ١٣٢٦ەوە خانەیەك بە کرێ گیراوە
٣٦٠	٣٠	١	قەزای شارباژێر سەر بە سەنجەقی سلێمانی	
٦٠٠	٥٠	١	قەزای گوڵعەنبەر سەر بە سەنجەقی سلێمانی	
١٢٦٠	١٠٥	٣	دەبێتە	
٣٠٠	٢٥	١	مەرکەزی قەزای کەرکووك	
١٥٦٠	١٣٠	٤	دەبێتە	

کرێی فەرمانگەی داد

سالانه	مانگانه	خانه	ناوی شوێنەکان	تێبینی
١٠٢٦	٨٥,٢٠	٣	قەزای زاخۆ	لە مێژووی ١ مارت ١٣٢٣ەوە خانەیەك بە کرێ گیراوە

کرێی مەکتەبی سەرەتایی

سالانه	مانگانه	خانه	ناوی شوێنەکان	تێبینی
٢٤٠	٢٠	١	قەزای زاخۆ	لە مێژووی ١ مارت ١٣٢٣ەوە خانەیەك بە کرێ گیراوە

کرێی فەرمانگەی دادگای شەرعی

سالانه	مانگانه	خانه	ناوی شوێنەکان	تێبینی
٤٥٦	٣٨	١	قەزای سنجار	لە مێژووی ١ تشرینی یەکەم ١٣٢٧ەوە خانەیەك بە کرێ گیراوە

کرێی فەرمانگەکانی ناسنامە و تاپۆ

سالانه	مانگانه	خانه	ناوی شوێنەکان	تێبینی
٤٥٦	٣٨	١	قەزای سنجار	لە مێژووی ١٦ تەمموز ١٣٢٧ەوە تا ٢٠ کانوونی یەکەم ١٣٢٧ ئەم خانەیەی بە کرێ گیراوە رەت کراوەتەوە و رەزامەندی نیشان دراوە لە قۆناغی حکوومەت نیشتەجێ بن

لە ٢٩ مارت ١٣٢٩

مۆری ژمێریاری ویلایەتی موسڵ

DH.MB.HPS.00027.00056



سەڵاحەدینی ئەیوبی : لێکۆڵینەوەیەکی خەلدونیانە

نووسینی: ئەحمەد سەعید ئیقبال و محەمەد عاسف
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر

ئەبستراکت:
کتیبەکەی سەڵاحەدین، گێرانەوەیەکی میتافیکشنانە(ئەودیو خەیاڵکردەی)ی تاریق عەلییە لەبارەی گرتنەوەی قودس لەلایەن سەڵاحەدینی ئەیوبی و هەروەها سەرهەڵدانی ماڵباتی ئەیوبییەکان. تاریق عەلی لەو بڕوایە دایە، کە دەستبەربوونی پاڵپشتی خێڵەکی(العصبیة/ دەمارگیری) و نمایشکردنی باشترین توخمگەلی شارستانێتی موسڵمان (العمران/ئاوەدانی)، وای لە سەڵاحەدین کرد بنەماڵەی ئەیوبی بگەیەنێتە ئەوپەڕی مەزنایەتی خۆی. کەتنی کریسیتیانەکان و هەڵسانەوەی موسڵمانەکان لە سووڕێکی دەورانی خۆیدا ڕوویدا، تیۆری سووڕی دەورانی ئیبن خەلدونە بە سەرهەڵدان و ڕوخانی شارستانێتی لە کتێبی موقەدیمەی خۆیدا ڕێک لەگەڵ چوارچێوەی تیۆری ئەم لێکۆڵینەوەدا دێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو ڕوانینە ئەوروپییە بۆ مێژووی شاڵاوی خاچدارەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەدوای ئاراستەی هەنووکەیی کێشە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەڕوا. ئامانجی ئەم نووسینە ئەوەیە، بۆ گەیشتن بە ئاشتی جیهانی لەسەر کریستیان و موسڵمانەکان پێویستە خۆیان لە ڕەگوڕیشەی بەیەکدادانە مێژووییە خوێناوییەکان ڕزگار بکەن، بەتایبەتیش لە یادەورییە بەژان و بەسوێکانی شاڵاوی خاچدارەکان.

پێشەکی:
بەڕەهاییەوە ئاوابوونی خۆری دەوڵەتێک سەرهەڵدانی یەکێکی دیکە دەگەیەنێ، هەروەها تاریق عەلی بەگیانی قۆناغی دوای کۆلۆنیالییەوە ئەم داستانە مێژووییە، کتێبەکەی سەلاحەدین (١٩٩٨) وەک پەیوەندییەکی دووسەرەی نێوان دوو گەورەشارستانیەتی جیهانی، واتە کریستیان و موسڵمان نووسیوەتەوە. لەمەشدا تەکنیکی مێژونووسانەی پۆستمۆدێرنانەی ئەودیو خەیاڵ(میتافیکشن)ی بەکارهێناوە، لەمەشیاندا تاریق عەلی پارسەنگدانەوەی کەوتنی موسڵمانەکان لە ئیسپانیا لەگەڵ گرتنەوەی ئۆرشەلیم و دەرکردنی کریستیانەکان لە ساڵی ١١٨٧ لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیوبی هێناوەتەوە. کەوتنی موسڵمانان لە ئیسپانیا بەشێوەی وەرچەرخانێکی مێژوویی لەگەڵ سەرهەڵدانیماڵباتی ئەیوبییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هێناوەتەوە. نووسەر ڕوخان و سەرهەڵدانی شارستانییەکانی لە نموونەی سووڕێکدا دانەوە، کە هێمای کەوتنی خەلافەتی فاتیمی و عەباسی و پاشان سەرهەڵدانی موسڵمانەکان لای عوسمانلی تورکیا. دیسان وتاری ئەوروپییانە لەبارەی کلتوری ئیسلامی وەک ئەوەی شتێکی جێگیر و دژەمۆدێرنە لەڕێگەی جیاکردنەوەی ڕۆشنگەری، ڕۆشنبیری و موسڵمانی پاکوخاوێن لەگەڵ کریستیانی بەربەری و پیس و ئسولی ڕووبەڕووکراوەتەوە. مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشاندانی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامییە، ئەوسا چ لە ڕابردوو بێ یان یان ئێستادا، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕوانینی ئیبن خەلدونە بۆ هێز (عەسەبیەت/دەمارگیری/پاڵپشتی) و عیمران (ژیاریی/ئاوەدانی). هەر بۆیە تیۆری سووڕی بازنەیی لە سەرهەڵدان و ڕوخانی شارستانیەت لەسەر گۆشەنیگای تیۆرییانەی موقەدیمە بەناوبانگەکەی ئیبن خەلدون هەڵهێنجراوە. خۆی ئەوە تێبینی کراوە، هەر کاتێک موسڵمانان یەکێتیی کۆمەڵایەتییانە خۆیان یان هاوپشتی(عەسەبیەت/دەمارگیری)یان لەدەستدابێ، هەروەها باوەڕیشیان بە گیانی ژیاریی ئیسلامی (عیمران/ئاوەدانی) لەق بووبێ و بووبنە سێکیولار و لیبرال و بەسەر خۆیاندا دابەش بووبن، ئەوا بە ئاسانی لە لایەن شارستانی دیکەی بەهێزی هاوپشتی (دەمارگیری) و (ئاوەدانی)یەوە، کە بەزۆریش کریستیانەکانن، تێکشکاون و بەسەریاندا زاڵ بوونە. مێژوو بەگوێرەی ئیبن خەلدون بە سووڕێکدا دەڕوا، کە هەموو پاشا و ماڵباتە حوکمڕانەکان وەک ئۆرگانێکی زیندوو لەنێو بازنەکەدا خول دەخۆن. ئەوان بە ڕێگایەکی سروشتی لەدایک دەبن و دەمردن هەروەک ئەوەی چۆن لە ژیانی بوونەوەرێکی زیندوودا ڕوودەدا. هەموو هێزێکی سەردار (سەروەر) لە بەراییەوە لە ژیارییەکی ڕەوەندانە(کۆچەرییانە) سەرهەڵدەدا و بەپێی کات بەهێز دەبێ؛ هەرچەند پاڵپشتی (دەمارگیری) لەنێوان ئەندامەکانی خۆی زیاتر بێ، ئەوا بەگوڕتر دەبێ تا دەگاتە دامەزراندنی ژیارییەکی سەقامگیر و یەکڕیز و پێگەیشتنی خۆی مسۆگەر دەکا. پاشان لە دوا قۆناغی ئاوەدانیی (ژیاریی) خۆیدا لاواز دەبێ و لەبارییەک هەڵدەوشێ، ئەمەش لەبەر ناتەبایی خۆیان بەوەی شتی خۆشگوزەرانی (لوکسە و کەمالیات) بەسەریان زاڵدەبێ و لایەنی هاوپشتی دەمارگیرییان لاواز و زەبوون دەبێ، ئینجا لە لایەن هێزێکی دیکە، کە پاڵپشتی دەمارگیریی لەسەرهەڵداندایە، تێکدەشکێندرێن و دەبەزێنرێن و قووتدەدرێن. ئەم سووڕە پێواژۆیەکە پێی دەڵێن سووڕی ئیبن خەلدونی.

کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨)، نووسینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جدییە و کارێکی نۆستالگییانەی سادە نییە بۆ گێڕانەوەی ژیاننامەی سەرکردە مەزنەکەی موسڵمانان سەڵاحەدینی ئەیوبی. تاریق عەلی «ڕۆژگارێکی یەکلاکەرەوەی دژواری» لە مێژووی پەیوەندی نێوان کریستیان-موسڵمانان (ئەمجارەیان لە ڕۆژهەلاتی ناویندا) لێگرتووە، لەوێدا خوێندنەوەی دژەئەوروپییانەی خۆی لەبەرانبەر خاچداران و ڕوانینی ئەوروپییەکان بۆ سەڵاحەدین لە لایەک و گەمژایەتیی ژیاری موسڵمانانیش لەلایەکی دیکەوە بۆ کردووە. کارە ئەودیو خەیاڵکردییەکەی (میتافیکشن)ی نووسەر ڕووبەڕووبوونەوەیە یان مێژوویەکی جێگرەوەی ڕووخانی ئۆرشەلیم و خاچدارانە بە ڕوانینی موسڵمانانە، ئیدی بڕوای بە وشەکانی تیرمان Tyerman (١٩٩٨) هەیە بەوەی بانگەوازی خاچداران لە ١٠٩٥ەوە دەستی پێکردووە و هێشتاش کۆتایی نەهاتووە (Tyerman ١٩٩٨ , p. ١٢٦). خەونی گەڕاندنەوەی ئۆرشەلیم لە دەستی جوو لەسەردەمی پاش مۆدێرنەی جیهانی موسڵمانان بەستاوەتەوە بە گێڕانەوەی کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨)، بەڵام بە ڕەوشێکی مۆدێرنە لەم بەشەی جیهاندا، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لەو شوێنەی مێژو خۆی دووبارە دەکاتەوە ئەگەر بێت و سەڵاحەدینێکی دیکە بێت و عەرەب لەژێر بەیداخی ئیسلامدا کۆبکاتەوە.

نمایشێکی ئەدەبییانە

یەکەمین بایۆگرافی سەڵاحەدینی ئەیوبی کە لە ڕۆژئاوا بڵاوکرابێتەوە بە وێنەیەکی سوارچاکیی و ڕۆمانتیکیانەی سەڵاحەدین، کتێبی مێژووی سەڵاحەدین بوو، کە لە ١٧٥٨دا لە لایەن مێژونووسی فەرەنسی لویس مارین Louis Marin بڵاوکراوەتەوە. هەمان ئەفسانەی جوامێری لەبارەی سەڵاحەدینەوە لە لایەن مێژونووسێکی دیکەی فرەنسییەوە بەناوی میشیو N J.F. Michaud لە ١٩٦٦ەوە بە ناونیشانی مێژووی خاچداران (١٨١٢-١٨٢٢) بڵاوکرایەوە. هەرچەندە مێژونووسە فەرەنسییەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە مێژونووسی کورد بەهائەدین ئیبن شەداد (١١٤٥-١٢٣٤) و هەندێ سەرچاوەی دیکەی بەردەستی ئەوکات بەستبوو تا ئەوکاتەی وێنەیەکی ڕۆمانتیکی سەڵاحەدین لە کتێبەکەی The Talisman (١٨٢٥) لە لایەن مێژونووسی سکۆتلەندی سێر والتەر سکۆت Sir Walter Scott بڵاوکرایەوە، کەتێیدا تیشکی خستۆتە سەر گێڕانەوەی ئینگلیزییانە بۆ ئەفسانەی جوامێریی سەڵاحەدین لە نزیکەی سەدەیەکدا. ئەو وێنە ڕۆمانتیکییە هەر لە زەینی مێژونووسانی سەدەی بیستەمیشدا مابووەوە، هەر بۆ نموونە وەک ستانلی لێین پۆل Stanley Lane-Poole (١٨٩٨)، ڕێنێ گروست Rene Grousset (١٩٣٤) و ها.ئا.ر.گیب H.A.R. Gibb (١٩٧٣). ئەو مێژونووسانە تیشکۆی هزریان خستبووە سەر ئەو هۆکارانەی ئاخۆ بۆچی سەڵاحەدین جەنگاوەرێکی عەرەبی تەواو جیاواز بوو، هەروەها ئەو سەرکەوتنەکانی خۆی لە ڕەگوڕیشە ڕەوەندایەتییە کوردییەکەیدا و هەروەها لە یەکخستنی خەڵکی عەرەب بەوەی هاوپشتییەکی کۆمەڵایەتی تۆکمە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا پێکبهێنێ، دۆزیبووەوە. هەرچەندە لە قۆناغی پۆستمێدێرنەدا مێژوونوسان و ئەکادیمستانی وەک مالکۆلم لیۆنس Malcolm Lyons

و داڤید جاکسن David Jackson ئەو نموونە ڕۆمانتیکییەکان شکاند و سەڵاحەدینیان وەک سیاسەتوانێکی پراگماتی و ستراتیژوانێکی لێهاتوو لە کتێبەکەی خۆیان بەناوی سەڵاحەدین و سیاسەتی جەنگی پیرۆز (١٩٨٤) نیشان دا. هەندێ وتاری بەدواداچوونی نوێش وەک ئەوەی ئاوێنەی سوارچاکی Mirror of Chivalry : سەڵاحەدین لە خەیاڵدانی ئەوروپییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست (١٩٩٦) بە قەڵەمی جۆن تۆلان John Tolan و ئەفسانەی جوامێریی سەڵاحەدین لە ئەدەبیاتی و مێژوناسی ڕۆژئاوا (٢٠٠) لە نووسینی مارگرێت جەب Margaret Jubbدا خاڵی پۆستمۆدێرنانە بۆ ڕوانینی ئەفسانەی جوامێری سەڵاحەدین دەخەنەڕوو، کە ئێستا لەنێو بازنەی ئەکادیمییانەدا بووەتە ڕوانینی ئەوروپیانە بۆ بابەتەکە. لەگەڵ ئەوەشدا لە وتاری سیاسیانەی عەرەب-موسڵمانی گشتیی جەماوەرییدا، سەڵاحەدین بەتەواوی بە ڕێگا و شێوازێکی دیکە یاد دەکرێتەوە، واتە بە لێکدانەوەیەکی نوێ کە لەگەڵ ڕاستییە مێژوییەکانیشدا دژیەکانەیە. وێنەی نوێی سەڵاحەدین لە ئەدەب و سینەمادا وەها بەرهەمهێنرایەوە کە پاڵەوانێکی پان عەرەب-ئیسلام-ییە بەوەی لەژێر کاریگەرییەکەی ئەودا ناسیونالیزمی عەرەبی و ئامانجەکەیان کە ڕزگارکردنی فەلەستینە بێتەدی، بەگوێرەی سەیفۆ Sayfo (٢٠١٧)، زۆر لە سەرکردە و سەرانی موسڵمان هەروەک حازف ئەسەد (سوریا) ، سەدام حوسێن (عێراق) و یاسر عەرەفاتی فەڵەستین خۆیان بە وێنەی خەیاڵاوی سەڵاحەدین گرێدەدایەوە. هەندێ لە توێژەرانیش گەنگەشەی شایستەبوونی وێنەی سەڵاحەدین لە هزری سیاسیی مۆدێرنی عەرەبدا دەکەن، هەروەک کارۆل هیلنبراند Carole Hillenbrand، ئانا ماری ئێد Anne-Marie Edde و ئیمانۆئێل سیڤان Emmanuel Sivan. لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێداچوونەوەیەک بە سەڵاحەدین لە ئەدەبیاتی مێژوویی پۆستمۆدێرنەدا لە خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی و ساتی هەنووکەییدایە، کەچی مەبەستە سەرەکییەکە لێی هەر ڕەنگدانەوەی باری ئێستایە. میتافیکشنی مێژوویی پۆستمۆدێرنەش زۆر بەتوندی هۆگر و خۆشەویستی بۆ وێنە پاڵەوانەییەکەی سەڵاحەدینین و شاڵاوی سێیەمی خاچداران و جەنگی حوتەین و کەوتنی ئۆرشەلیم (١١٨٧) لەدەست نەداوە و هەرگیزیش کۆتایی نەهاتووە، هەروەها لیستێکی دوورودرێژی فیکشنیش هەیە بە چیرۆکەکانی سەڵاحەدین و سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئەیوبی پەیوەستە. هەرچەندە میتافیکشنی ڕۆمانی مێژویی پۆستمۆدێرنە، گێڕانەوە مەزنەکانی لەبارەی سەڵاحەدین و زنجیرەندی خاچداران لەبارەیەک هەڵدەوەشێنێ و چەندین ڕوانین و گۆشەنیگای لەبارەی ڕۆژگاری دەمارگیریی لە پەیوەندی نێوان کریستیان و موسڵمانان دەهێنێتە گۆڕێ. ڕۆمانی پۆستمۆدێرنی وەک جاک هایت Jack Hight سێیەنەی سەڵاحەدین: هەڵۆ (٢٠١١)، شانشین (٢٠١٢) و جەنگی پیرۆز (٢١٣) دا تەواوی سەچڵییە مێژووییە خوێناوییەکەی وەها وێنادەکا، چۆن سەڵاحەدین تەواوی عەرەبی لەژێر دەسەڵاتی خۆی یەکخستبوو، چۆن شانشینی کریستیانیش شیرازەی لەبارییەک ترازابوو، خۆیان لاواز و کلتورەکەشییان وێران بووبوو. سێیەنەکی دیکەی میتافیکشن هی ڕۆماننووسێکی دیکەی بریتانی ڕۆبن یەنگ Robyn Young کە بریتین لە برایەتی (٢٠٠٦)، خاچدارەکان (٢٠٠٧) و قوداس: کەوتنی شاسوارانی پەیکەر (٢٠٠٨)

پەردە لەسەر دارمانی هێزی خاچدارانی کریستیانی و سەرەتای جەنگی نوێیان لەگەڵ ڕکابەرەکانیان هەڵدەداتەوە.
دوو لە ڕۆمانە مێژووییەکانی بریتانی دوابەدوای هێرشیەکانی ۹/۱۱ گەڕاونەتەوە سەر شاڵاوی سێیەمی خاچداران و کەوتنی ئۆرشەلیم: ڕیچارد وارن Richard Warren بەناوی مەیدانی شمشێرەکانی باوەڕ (۲۰۱۰) و کامەران پاشا بەناوی سایەی شمشێرەکان (۲۰۱۰). هەردوو نووسەر تێگەیشتنی خۆیان بۆ کێشمەکێشی پەیوەندییەکانی نێوان کریستیان و موسڵمانەکان وردەکارانە لەبەر تیشکی ڕوانینی بەیەکدادانی شارستانییەکانی هنتگتۆن ڕوون کردوەتەوە. هەردوو ڕۆمانەکە ئەو گریمانە باوەیان ڕەتکردۆتەوە بەوەی شاڵاوی خاچداران بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجی دینی لەپشتەوە بووە، ئیدی ئەوان ئەوەیان بینیەوە کە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیی و خواستی کۆلۆنیالی هۆکاری فروانخوازێتی شاڵاوی خاچداران بووە. کامەران پاشا (۲۰۱۰) لە ڕۆمانی سایەی شمشێرەکاندا، لەوە نیگەرانە و مایەی خەم و پرۆشی ئەوە بووە، کە کوشتنی زۆروزەوەند لەبن ناوی خوداوە کراوە (ل. ۱۲٦). هەردووکیان فیلد و پاشا جەخت لەسەر وتەکانی ئەدوارد سەعید لە کتێبەکەی ڕۆژهەڵاتناسی (۱۹۷۸) دەکەنەوە، بەوەی پەیوەندی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات پەیوەندییەکی زاڵ بووە (ئەدوارد سەعید ۱۹۷۸ ل ٥). بەهەمان شێوەش ڕۆمانی جەنگاوەرانی خودا: ڕیچاردی شێردڵ و سەڵاحەدین لە شاڵاوی سێیەمی خاچداراندا (۲۰۰۱) بە قەڵەمی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جێمس ڕێستن James Restonیش لە پۆستمۆدێرنەکانە، بەوەی جورج بوش لەدوای ۱۱ی ئەیلول نەیدەزانی چیدەڵێ کاتێ لەو بۆنەیەدا قسە سووکەکەی دەربڕێ. شەڕی خاچداران پەڵەیەکی هەرەڕەش و درندانەیە بە جەستەی مێژوویی پەیوەندییەکانی کریستیان و موسڵمانان. زۆر کاری ئەدەبییانەی پۆستمۆدێرن، هەروەک میشێل ئەلێکساندەر ئایزنەر Michael Alexander Eisner بەناوی خاچداران (۲۰۰۳)، ڕۆمانی کچی لمی سارا بیرانت Sarah Bryant (۲۰۰٦)، سەڵاحەدین: پاڵەوانی موسڵمانانی جێفری هیندلی Geoffrey Hindley (۲۰۰۷)، جەنگی پیرۆزی ئانگس دۆنالد Angus Donald (۲۰۱۰)، شێردڵی شارۆن پێنمان Sharon Penman (۲۰۱۱)، جادوبازەکەی پاشای سیسیلیا هۆلاند Cecelia Holland (۲۰۱۱)، حەجی سێت فریدمان Seth I. Friedman (۲۰۱۲)، شێردڵی ستیوارت بینس Stewart Binns (۲۰۱۳)، بێوەژنی خاچداری مارگرێت برازیر Margret Brazear (۲۰۱٤) و گورگی خودای جێفری لی Jeffrey Lee (۲۰۱۷)، هەموو ئەمانە سەروسەودایان لەگەڵ ژیان و کەسایەتی سەڵاحەدین و ئەو بەیەکدادانە توند و دڵڕەقانەی شەڕی خاچدار و موسڵمانان و جیوازییە فەرهەنگییەکەی نێوانیان بووە.
هەر بەهەمان شێوەش ڕۆمانەکەی تاریق عەلی بەناوی کتێبەکەی سەڵاحەدین (۱۹۹۸) پێدەچی لە باشترین ڕۆمانی پۆستمۆدێرن میتافیکشنی مێژوویی بێ، هەر بەڕاستیش بووە بابەتی هەندێ لە ئیمتیازی خوێندکاری زانکۆکان. توێژەران و بەدواداچووانی وەک ئەحمەد جەمال (۲۰۱۱)، ڕۆبین ویکاندەر Robin Wikander (۲۰۱۳)، وەسیم حەسەن مەلیک (۲۰۱٤)، داڤید واتەرمان David Waterman (۲۰۱٦) و کانتیا ئەدەبپور Qanita Abedpour (۲۰۱۸) بەدوای تیۆری ئەنترۆپۆلۆجی، فێمێنیزم، و ئیسلامفۆبیا و هتد..

لەنێو ڕۆمانە خەیاڵکردەکانی تاریق عەلیدا گەڕاون، بەڵام بەهۆی ڕێبازی دیکەی سەرهەڵداوی دیسپلیندار تاقینەکراونەتەوە. هەر بۆیە، ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست هەوڵدەدا ئەو بۆشاییە ڕوانینی ئیبن خەلدونیانە و تیۆرییەکانی سەرهەڵدان و داڕوخانی شارستانییەکانی کریستیانی و ئیسلامی بەگوێرەی گێڕانەوەی ڕۆمانی کتێبەکەی سەڵاحەدینی تاریق عەلی بخاتەڕوو.

چوارچێوەی تیۆری

ئەم لێکۆڵینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاریی چۆنایەتییە تێیدا تیۆری ئینن خەلدون بۆ سەرهەڵدان و داڕمانی شاستانییەکان بەکارهاتووە، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی ئەلموقەدیمەدا هاتووە بەوەی دوو ڕوانینی سەرەکی تێدا دۆزراونەتەوە ئەوانیش: عەسەبیەت/دەمارگیری (پاڵپشتی کۆمەڵایەتی) و عیمران/ئاوەدانی (ژیاری)یە. لێکۆڵینەوەکە دەرخەری سیاسەتی هۆشیاری مێژوویی ڕۆشنبیریی تاریق عەلی نووسەرە بۆ کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨)، تێیدا پەردە لەسەر وتاری دژەئەورووپیانە لەبارەی مێژووی پەیوەندییەکانی کریستیانی-ئیسلامی لە سەدەی دوازدەهەمدا لادەدا. بۆ تێگەیشتنی گشتگیر بۆ ئەو میتافیکشنەی ئاڵۆزە پۆستمۆدێرنە، کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای بەرڕەوتی مێژویی و ڕۆشنبیرییدا هاتووە، پێدەچێ بۆ ئەمە شێوازی کاترین بێلێسی Catherine Belseyمان بۆ شیکاری دەروونی بەکەڵک و زۆر گونجاو بێ. بێلێسی لە کتێبی ڕێگای لێکۆڵینەوە بۆ توێژینەوەی ئینگلیزی (٢٠٠٥) ڕاسپاردەی ئەوە دەدا، کە بۆ هەموو ئەو دەقانەی هەوڵدەدەن واتاکەی لە بەرڕەوتی ڕۆشنبیری و مێژوویی بۆ بابەتە تێبگەن، ئەوا شیکاریی دەق باشترین کاری پەیوەستە پێیەوە. هەر بۆیە ئەو نموونەیەی بەردەست شیکارییەکی دەقیی کتێبەکەی سەڵاحەدینە، هی تاریق عەلی نووسەر (١٩٩٨(کە تیۆری ئیبن خەلدونی بەکارهێناوە، واتە مێژونووسە ناودارەکەی سەدەکانی ناوەڕاستی عەرەب لە ڕێی کتێبی ئەلموقەدیمە و کتێبەکەی هیچون Hutcheon لەبارەی شاعیریەت لە پۆستمۆدێرنەدا: مێژوو، تیۆر و فیکشن (١٩٨٨) بۆ میتافیکشنی مێژوویی پۆستمۆدێرن. لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخا کە چۆن ئەم میتافیکشنە کە تیدا دەقئاوێزانی و لاساییەکی تەوسئامێزانە و داڕشتنەوەی ڕوانینی مێژوویی بۆ ئاشکراکردنی سیاسییەکانی هەروەک شیعرەکانی کلتوری پۆستمۆدێرنە بەکارهێناوە. بەگوێرەی هیچون بێ، ئەم جۆرە نووسینە مێژوییانە ڕێگە بە نووسەرەکەی دەدا بابەتەکە و ڕاستیە مێژووییەکان ئازادانە پێشکەش بکەن و بەکارهێنانی شتەکەشیان وەک ئامرازێکە بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو، کە چیدیکە هاوتەریب و بابەتیانە نیین (بڕوانە یچون ١٩٨٨ ل ٣٦). هەروەها تاریق عەلیش لە داستانە مێژووییەکەی کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨)دا ئازادی تەواوی خۆی بەکارهێناوە، هەموو ئامرازەکانی ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرنەی لە دەقەکەی خۆی بەکارهێناوە تا ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ چەندین وردەکاریی واقیعی مێژووی ئیسلامی بکا.

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی ئەمانەی خوارەوەیە:
١- ئاخۆ بۆچی شاڵاوی خاچداران لە قۆناغی سێهەمی خۆیدا شکستی هێنا و لە لێکەوتەشدا ئۆرشەلیم لە ١١٨٧دا کەوتە بەردەستی سەڵاحەدین؟
٢- ئاخۆ سەڵاحەدین چۆن توانی وەک بەهێزترین سەرکردەی جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خۆی بنیات بنێ و ماڵباتی ئەیوبیش بگەیەنێتە لوتکەی شکۆ؟
٣- ئاخۆ چۆن تیۆرییەکەی ئیبن خەلدون یارمەتی تێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان کریستیان-موسڵمان دەدا و ئەو ڕوانگەیەی ئەو بۆ دەمارگیری (پاڵپشتی) و ئاوەدانی (ژیاری) لە فرەنیگایی پۆستمۆدێرنەدا جێگەیان دەکرێتەوە؟
بە گوێرەی ئیبن خەلدون بێ، مێژو بە هێڵێکی نموونەیی ڕاستی ڕاکشاودا ناجووڵێ. بەڵکو خول دەخوا و دەسەڵاتیش لەنێو ڕژێم و ئیمپراتۆریەتەکان لە هەڵچوون و داکشاندان، هەڵبەتە بەگوێرەی کات سووڕ دەدا و دەخولێتەوە. ئیبن خەلدون لەو بڕوایدا بوو سەرجەم ئیمپراتۆریەتەکان هەروەک ژیانێکی ئەندامی (ئۆرگانی) لەدایک دەبن و ڕێگای سروشتیانەی خۆیان هەیە. بەپێی ڕۆژگار سەرهەڵدەدەن و پێدەگەن و هێزدار دەبن، هەروەها هەر بەگوێری ڕۆژگاریش لاواز و زەبون دەبن و لە دوا قۆناغی ئاوەدانیدا (ژیاریدا) هێزەکەیان لەدەست دەدەن و لەسەر دەستی ڕژێمێک یان دەوڵەتێکی دیکە دەبەزێنرێین و دەڕوخێنرێن. دەسەڵات و سەقامگیری هەر دەوڵەتێک یان ئیمپراتۆریەتێک دوو توخمی داخوازە؛ دەمارگیرییەکی هەرەبەهێز (دەستەیەکی پاڵپشتی یان یەکانگیریی کۆمەڵایەتی) و پێناسەیەکی تەوای ئاوەدانییش (گیانی بەکۆمەڵ یان ژیاریی). ئیبن خەلدون وەهای سەیری دەمارگیری دەکرد (یەکانگیری کۆمەڵایەتی یان پاڵپشتی) وەک هۆکارێکی بنگەیی بڕیاردەرە لەسەر سەرهەڵدان و داڕمانی شارستانیەت، هەروەها وەهاشی دانابوو کە (دەمارگیری) توانستێکی سروشتی ئادەمیزادە. بەگوێرەی ئیبن خەلدون؛ هەموو تاکێک لەنێو کۆمەڵگەدا هەستی دەمارگیریی لەخۆدا هەڵگرتووە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خوێن و خزمی خۆی لە بەرانبەر هەر هەڕەشەیەک و سوکایەتیپێکردنێکی نەیار پێ بکا (بڕوانە ڕۆزنتال، بەرگی یەکەم ل ٢٦٣). هەر بۆیە داڕمانی ئیمپراتۆریەتیک بەهۆی لاوازی و زەبوونی پاڵپشتی زۆر جار دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی یەکێکی دیکە، کە هەستی بۆ دەمارگیریی بەهێزترە.
پێکهاتەی دووەمی تیۆری ئیبن خەلدون ئاوەدانییە، کە واتای شارستانیەت یان گیانی کۆمەڵبوون/کۆمەڵایەتی گروپێک بە واتا گشتگیرییەکەی خۆی دەگەیەنێ. بە گوێرەی ئیبن خەلدون، بیرۆکەی ئاوەدانی (شارستانیەت) لەو کاتەدا پەیدادەبێ، کە خەڵکەکە بەیەکەوە بژین و بەیەکەوە کۆمەڵگە بنیات بنێ و بە هێزی سەرکردایەتییەکەشی دەوڵەتێکی بەهێز ڕۆدەنرێ، کە ئاوەدانییەکەی (شارستانییەکەی) بەهێزوگوڕ دەبێ و تێیدا دەگەشێتەوە (بڕوانە ڕۆزنتال بەرگی یەکەم، ل ١٢٥). هەروەها ئیبن خەلدون ئاماژە بە ژیانێکی گریمانەیی بۆ سەروەریی دەوڵەت یان یان شارستانییەت بە نزیکەی ١٢٠ ساڵدا دەکا، ئەمەش یەکسانە بە ژیانی سێ یان چوار نەوە (ڕۆزنتال، بەرگی ١ ل ٣٧٠-٣٧٣). هۆکاری کۆتایی هاتنی ئەو ژیانە گریمانەیەی شارستانیەتیش لاوازی بەرەبەرەی هەردوو توخمی دەمارگیری (هاوپشتی) و ئاوەدانی (شارستانیەت)ە. ئەم سەرهەڵدان و داڕمانەی شارستانێتی بە سووڕی خۆیدا دەڕوا، ڕێگە بۆ لەدایکبوونی کۆمەڵگەی دیکە خۆش دەکا و کۆنەکەش لەبەین نامێنێ، ئیدی ئەم سووڕە پێی دەڵێن سووڕی ئیبن خەلدون.

شیکاری و گەنگەشە

فەیلەسوفی ئۆکسفۆرد ئات گی کۆلینگوود R. G. Collingwood لە کتێبەکەی خۆی بەناوی بیرۆکەی مێژو (١٩٩٤)دا ئاماژەی بەوە داوە، کەوا هەردوولایان ، چ ڕۆماننووس و چ مێژونووس لە کارەکانی خۆیاندا کار بە خەیاڵ و ئەندێشە دەکەن، کەواتە «هەموو مێژو مێژوی هزرە (١٩٩٤ ل٢١٥). تاریق عەلیش لە سەرنجە ڕوونکەرەوەکەی خۆی لە ڕۆمانی کتێبەکەی سەلاحەدیندا (١٩٩٨) جەخت لەسەر بیرۆکەی کۆلینگوود بۆ مێژووی خەیاڵکردە دەکاتەوە و لەو بڕوایەشدایە هەرچەندە مرۆ شتی زیاتر لە دڵ و دەروونی کەسایەتیەکان هەڵبهێنجێ، ئەوەندە بایەخی مرۆ زیاد دەبێ بەوەی دڵسۆزیی ڕاستییە ڕووداوەکانی مێژوویی بێ. تاریق عەلی ئەم بیرۆکەیە لەسەر خاچداران پەیڕەودەکا لەوکاتەی بەزۆریش هەروەها بووە کە تۆمارنووسە کریستیان و موسڵمانەکان ڕاڤەی لەیەک جیاوازایان لەبارەی ئەوەی هەر بە ڕاستی ڕوویدابوو، پێشکەش کردووە. (تاریق عەلی، ١٩٩٨).

هەرچەندە وێناکردنی تاریق عەلی بۆ سەلاحەدین ئەوە نیشان دەدا، کەوا نەوەک هەر بەتەنیا خۆی گەورەترین پاڵەوان و فریادڕەس بووە بەڵکو وەک پاڵەوانێکی کورتهێنێ نێورۆمانەکە خاڵی لاواز و بەهێزیشی هەبوون و دیارکراون. لێرەدا وێنەیەکی پیاوێکمان بە شایستەیی و ناشایستەیی هەیە، پیاوێک خۆشەویستی و ڕقیشی هەبێ، هەروەها پیاوێک گومانی لەبارەی ژنەکانی خۆی و کارمەندەکانی بەردەستی خۆیشی هەبێ. ئەم بەیەکگرتنەی مێژووی و خەیاڵکردەییە ئەو دەرفەتەی داوەتە دەست تاریق عەلی تا نیازە نۆژەنکراوەکانی خۆی بەشێوەیەک نمایش بکا بۆ ئەوەی وێنەی تەوساوی سوڵتانە مەزنەکە وەها نیشان بدا، کە تەنیا یەک چاوی کارایە. کەسیش نازانێ ئاخۆ چۆن چاوەکەی لەدەست داوە، بەڵام خۆ ئەمەیان بابەتێکی گەلێک هەستیارە. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٤٧). لە شوێنێکی دیکەدا ئیبن یاقوبی نووسەرەکەی سوڵتان وەها وێنای دەکا؛ «دیتنی ئەو بەو شێوەیە، ئەو خێرا دەنوست، کەچی چاوە خراپەکەشی بەتەواوی زەق بوو، ئەمەش ئەو سەرنجەت پێدەڵێ کەوا بێدارە، سوڵتانێک کە دەبینێ. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٤٨). خۆی هەر تەنیا میتافیکشنی مێژوویی پۆستمۆدێرن دەتوانێ ئەو جۆرە زانیارییە ساختە و داتاشراوانە زێدەباری نووسینەکەی بکا، ئاخر تاریق عەلی زۆر جاران ئەو گەمەیەی بە وشە کردووە. لەوەش پتر، تاریق عەلی لە ڕێی کەسایەتە ئافەریدکراوەکەی بەناوی شادی هەندێ ئەزمونی هەوەسداری تافی لاوی و کوڕوکاڵیی سوڵتان بۆ ئیبن یاقوبی نووسەری سوڵتان گێڕاوەتەوە. شادی بە خەندەیەکی بەدخووانە سەرچڵییەکی بەدفەڕانەی سوڵتانی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ئیبن یاقوبی نووسەر گێڕاوەتەوە:

»ئیبن یاقوب، ئەو ژنێکی هەراش بوو، هەر بەلای کەمی دوو هێندەی کوڕوکاڵەکەمان دەبوو. باقی شتەکانی دیکە بەخۆت بێنە خەیاڵی خۆت. کاتێک ئەوان لەماڵەی خۆیان بوونەوە، خۆیان لەبەر خۆرەتاودا وشک کردەوە، ئیدی ئەوکات ئەو جادوبازە سواری سەر کوڕەکەمان بوو، فێری کرد پیاو دەبێ چۆن بێ. ئیبن یاقوب، شوکرانە هەر بۆ خودا باشە، بەڵام ئەوان زۆر بێشەرمانە بوون. لەوێ لەژێر ئاسمانی شینی ساماڵ، لەبەر چاوی ئەڵڵا لە ئاسمان، هەروەک ئاژەڵ جووڵانەوە. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٥٠).

بەهەمان شێوە تاریق عەلی تیشکی ڕووناکی خستۆتە سەر «ناخی ژیانی کەسایەتییەکان» و بە شێوازێکی میتافیکشنانە دانپێدانانی خودی سەڵاحەدین و بە قسەی خۆی سەبارەت بە خۆشەویستی یەکەمین جاری بۆ نووسەرەکەی دەگێڕێتەوە و گوتوویەتی، کەوا ژنەکە دە ساڵێک لە خۆی گەوەتر بووە، لەوانەشە زیاتر. ئیدی ژنە خۆشییەکی زۆری بەخشیوەتە سەڵاحەدین و فێری کردووە چۆن چێژ و خۆشی لە جەستەی ژن ببینێ. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٦٨). هەندێک جار تەوسائاسا وەها لاسایی سوڵتانی مەزن دەکاتەوە بەوەی ببێتە نمایشێکی مێژووییانەی جدی، ئەویش ئەو کاتەی دەنووسێ گوایە سەڵاحەدین شەرابی خواردووەتەوە لەکاتێکدا خواردنەوە لە کتێبە پیرۆزەکەدا حەڕامکراوە. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٦٨).

هەرچۆنێک بێ لە ڕێی فرەدەنگی نێو ڕۆمانەکە و لە کۆتاییدا ژیانی گشتی و تایبەتی سەڵاحەدین وەک کەسێکی هاوسەنگ و بەشێوەیەکی باشی بڕواپێکراوی نێو چیرۆکەکە دەردەکەوێ. کاتێک لە ئیبن یاقوب دەپرسرێ ئاخۆ چۆن چیرۆکە جیاوازییەکانی تافی نەوجەوانی سوڵتان بگێڕێتەوە، نووسەر وەها وەڵامی سەردارەکەی خۆی دەداتەوە؛ «خاوەنشکۆ تۆ لەبارەی ڕاستییەکانەوە دەدوێی. هەرچی منیشم لەبارەی مێژو. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٤٧). ئەمەش بیرۆکەی هایدن وایت Hayden Whiteمان بیردەهێنێتەوە، بیرۆکەی ئەو لەبارەی مێژو، کە هەروەک ئەدەبیات وایە جۆرێکە لەگێڕانەوە و توانستی نمایشکردنی ڕاستییە مێژوییەکان و ڕووداوە ڕاستییە پڕ کێشەکان (وایت ١٩٩٥، ل ١٠٥). تاریق عەلیش هەروەک خودی گێڕەرەوەی خۆی، واتە وەک ئیبن یاقوب لایەنی توخمگەلی کەسی و بابەتی لە گێڕانەوەکەی خۆی لەیەکداوە و نمایشێکی ئازادانەی خەیاڵەکانیان خستۆتەڕوو.

سەڵاحەدین: ئامانجێکی مەزن، سەرکردەیەکی مەزن

هەرچەندە کتێبەکەی سەڵاحەدین ژیانی سەڵاحەدین بە گێڕانەوەیەکی میتافیکشنی ئاڵۆزەوە دەگێڕێتەوە، لێ هێشتا ڕۆمانەکە نمایشی پەیکەری سەرکردە مەزنەکە وەک بیچمێکی شارستان و یەکخەرەوە دەخاتەڕوو. هەوڵ دەدا تا بکرێ سەڵاحەدین وەک ئادەمیزاد نیشان بدا، لێ تاریق عەلی لە خاسیەتە مەزنەکانی سوڵتان کەم ناکاتەوە و وەک جەنگاوەرێکی مەزنی موسڵمانان نیشانی دەدا ، ئەو کەسەی بە هێزو تێکۆشان و ماندوبوونێکی زۆرەوە ئۆرشەلیمی گرتەوە. خۆی ڤینس لۆمباردی Vince Lombardi (٢٠٠٣) لەسەر حەق بوو کاتێ گوتی ئەو سەرکردانە دروست ناکرێن بەڵکو لەدایک دەبن. ئەوان بە بە تێکۆشانێکی سەخت پەیدادەبن بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی مەزن لە ژیاننامەی خۆیاندا وازی بکەن. (ل ٣٧) سەڵاحەدین وەها لەدایک بوو تا ببێتە سەرکردە ئینجا هەم بارودۆخ و هەم چارەنووس ڕۆڵێکی مەزنیان لە ژیاننامەیدا بینی. سەڵاحەدین خۆی ئەم ڕاستییەی زانیوە، ئەویش کاتێک بە نووسەرەکەی، واتە بە ئیبن یاقوب دەڵێ کە «چارەنووس و مێژوو ئاوێزانی یەکدی بوون تا من بکەنە ئەوەی ئەمڕۆ هەم، (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ١٢).

هەموو پیاوە مەزنەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوکەسانە بوون، کە لە ژیانیاندا مجێزبەرز و پڕ ئامانج بوون، سەڵاحەدینیش لەوانە ڕێزپەڕ نەبووە. ئەو لەژیانیدا تەنیا یەک تاکە ئامانجی مەزنی هەبووە، ئەویش ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم بووە لە چنگی خاچداران و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی ڕاستەقینەی موسڵمانان لە جیهانی ئیسلامیدا. هەر لەوکاتەی منداڵ بووە، گوێی لە چیرۆکی سامناک بووە لەبارەی ئەلقودسەوە بووە، هەمیشە لە باوکی و لە شیرکۆی مامی چیرۆکی غەمناکانەی لەبارەی چارەنووسی قودسەوە بیستبوو. سوڵتان گوێی لەوە بووە کە بەربەرییەکان بڕیاریان دابوو سەرجەم بڕواداران (بە موسڵمان و جووەکانەوە) بکوژن، ئەوانیان لە دەوری پەرستگا و پەیکەری سولەیمان کۆکردبووەوە و ئینجا ئاگریان لە ئەنواکە بەردا. «ئەوان ویستیان ڕابردووی شارەکە بسڕنەوە و هەر خۆیان ئایندەی قودس بنووسنەوە، ئەو قودسەی بۆ هەموومان دەگەڕێتەوە، بۆ گەلانی خاوەن کتێب» (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣١-٣٢).

لە میانەی ژیانی خۆیدا، ئەو تووشی زۆر سەرچڵی پڕ لە ئاستەنگ و شەڕوکوشتاری دژوار بووە، کەچی هێشتا خۆڕاگر بوو تا لە کۆتاییدا بگاتە ئامانجی خۆی. ئەو لەو بڕوایەدا بوو؛ «تاکە ڕێگە بۆ هەنگاوهاوێشتن بۆ پێشەوە لەم جیهانەدا ئەوەیە لە ڕێی سەچڵیدا هەنگاو بنێی. خۆ ئەگەر هەر لەشوێنی خۆتدا قەتیس بمێنییەوە، ئەوا خۆرەتاو دەتسوتێنێ و دەمری.»(تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٣). بە ڕێنوێنی خواوەندانە و هەلومەجی چارەنووسدار سەڵاحەدین بووە سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی موسڵمانان و دەسەڵاتی خۆی بەهێز و سەقامگیر کرد، ئەوەش لە ڕێی بەیەکەوەگەیاندنی چەندین هۆز و تیرەی لەیەکترازاوی ڕەوەندەی جیهانی عەرەبی و ئەوپەڕی هاوپشتی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا بەدیهێنا تا مەبەستەکەی لە ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم بەدیبێنێ. هەروەها ئیبن خەلدونیش بایەخی دەمارگیریی (هاوپشتی) بۆ سەرکردایەتی ڕوون دەکاتەوە: «سەرکردایەتی تەنیا لە لەژێر سەروەرییەکی ڕاستەقینەدا پەیدادەبێ، ئەو سەروەرییەش تەنیا لە ڕێگەی هەستی بەکۆمەڵ دروست دەبێ. هەر بۆیە پێویستە سەرکردایەتیکردن بەسەر خەڵک لە هەستی کۆمەڵەوە سەرهەڵبدا، کە باڵاترە لە هەستی تاکی نێو کۆمەڵەکە بەتەنیا. (ئیبن خەلدون، ل١٠١).

لەگەڵ ئەوەشدا و لەهەمان کاتدا نموونەیی سەڵاحەدین پەیوەست بوو بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئامانج و قوڵایی هەر هەنگاوێکی بۆ بەرفراوانکردنی هێزو گوڕی دەسەڵاتەکەی خۆی. بەگوێرەی ڕای ها. ئا. ئار گیب H. A. R. Gibb (١٩٦٢) بێ، سەڵاحەدین زۆر باش دەیزانی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە هەر بەتەنیا سیاسی نین، بەڵکو کێشەگەلی ئاکاریی و کلتوریشن، ئینجا لەپێناو سەرکەوتن بەسەر خاچداراندا، شتێکی حەتمی بوو هەموو گرووپە سیاسی و هۆز و تیرە ڕەوەندە کۆچەرییەکان لە پشتێنەیەکی هاوپشتی کۆمەڵایەتی (دەمارگیری/عەسەبیەت) و ڕەوشت و پاڵپشتی کلتووری ئیسلامی شارستانێتی (ئاوەدانی / عیمران) یەک بخا. جارێکیان سەڵاحەدین بە ژیاننامەنووسی خۆی بە بەهائەدینی گوت، ئەگەر هات و مرد، «ئەوا پێناچی سەربازەکانی (جەنگاوەرە ڕەوەندەکانی) جارێکی دیکە یەکڕیزی خۆیان بپارێزن.» ئیبن یاقوبیش کۆتایی کۆمەڵایەتیەکە بەم شێوەیە باس دەکا:

«قاهیرە و دیمەشق، باسی بەغداش هەر ناکرێ، پڕن لە ماڵی لەشفرۆشی، کە لاوە ڕیشدارەکان لەوێ هەموو پێویستییەکانی خۆیان دابین دەکەن، و شوێنەکان بۆ هەر کەسێکن سەردانیان بکا. ئەمەش ڕێگە پێدراوە، بەڵام کە ژنان باسی دەکەن، بۆنی میسک لە جەستەی یەکدی بکەن، ئیدی ئەمە وەک ئەوە وایە ئاسمان خەریک بێ بەسەر زەویدا بکەوێ.» (تاریق عەلی ١٩٨٨، ل ٩٣).
تەنانەت هەروەک چۆن سوڵتان خۆی بۆ ئیبن یاقوب دەگێڕێتەوە، هیچ یەکێتییەک لەنێوان پلەدارە جیاجیاکان و چینەکانی کۆمەڵگەی موسڵماندا نەبوو:
«ئاخر چۆن هیچ دینێک دەبێتە تۆمارنامەیەکی تەواو کاتێک ئەو جیاوازییە لە ڕاڤەکردن لەنێوان ڕێزی موسڵمانادا هەبێ؟ با نموونەیەک وەربگرین، شوێنکەوتووانی خەلیفەکانی فاتیمی هەمان ڕێوشوێنی بڕوادارەکانی شوێنکەوتووانی خەلیفەی بەغدایان نییە. هەمان شت بەسەر دینی ئێمە، دینی جولەکەدا پەیڕەوە. کێ حوکم بکا ئەو ڕێسا و قانون دادەنێ. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ١١٤).
ئەوەی ڕاستی بێ سەرهەڵدانی سەڵاحەدین بەند بوو بە هەبوونی توخمگەلی پەروەردەی و ژیاری (عمران/ئاوەدانی)ی ئیسلامی لە کەسایەتی خۆیدا. ئاخر ئەو هەمیشە ڕاستگۆ و بەتەواوی دڵسۆزڕەفتار لەئاست یار و نەیاردا دڵسۆز مایەوە. هامیلتۆن گیب Hamilton Gibb یش لە کتێبەکەی خۆی بەناوی لێکۆڵینەوەیەک لە شارستانێتی ئیسلامدا (١٩٦٢) دا پەسنی سەڵاحەدین دەدا بەوەی تەنانەتی ئەو لەگەڵ خاچدارانیشدا ڕاستگۆیانە ئاگربڕی ئاگربڕ بووە. لێرەدا هیچ نموونە و تۆمارێک لەبەردەستدا نییە، کە سۆز و بڕوای خۆی شکاندبێ، بەڵکو ئەو زۆر توند بووە لەگەڵ ئەوانەی سۆز و بڕوای خۆیان شکاندووە، وەک ئەوەی ڕینۆی کاتیلۆن Reginald of Chatillon و سوارچاکانی پەیکەر لێی فێر بوون.(گیبن ١٩٦٢، ل ١٠١). لەوەش پتر هەروەک گیبن ئاماژەی بۆ دەکا، ئەو پاشایەکی بەخشندە بوو، هیچ بایەخێکی بۆ پارە دانەنابوو، ئەو داهاتی میسری بۆ بەدەستهێنانی سوریا خەرج دەکرد، هی سوریاشی بۆ میزۆپۆتامیا، ئەوەی میزۆپۆتامیاش بۆ گرتنی فەلەستین. (هاملتن ١٩٦٢، ل ١٠٤).

+

بەگوێرەی غادە هاشم تەلحەمی (١٩٩٦) بێ، لەنێو شارە پیرۆزەکان لە ئیسلامدا هەمیشە ئۆرشەلیم شوێنێکی پیرۆزی لای موسڵمانان هەیە، کە وەک چەقی گەردوونی و یەکێتیی بیروباوەڕیان لێی دەڕوانن. بۆ جووەکانیش ئەو شوێنە پیرۆزەیە، کە موسا فەرمانی بە میللەتەکەی خۆی کرد بۆی بڕۆن و لێی بژین؛ لەکاتێکدا کریستیانەکانیش بڕوایان وەهایە، کە عیسا لەسەر خاکەکیدا ڕۆیشتووە هەر لەوێش لەخاچ دراوە و هەر لەوێش هەڵساوەتەوە بۆیە بووەتە پیرۆزترین شوێنی بۆ پەرستن. پیرۆزییەتی ئۆرشەلیم بۆ موسڵمانان لە ڕێی

سروش و هەڵکشانەوە لە قورئانی پیرۆزەوە هاتووە، کە پەیوەستە بەو گەشتە شەوانەیەی محەمەد پێغەمبەر لە مزگەوتی حەرامەوە لە مەککە بۆ مزگەوتی ئەقسا لە ئۆرشەلیم، یان لای پەیکەری سولەیمان، ئەمەش ساڵێک بەر لە کۆچکردن (٦٢١ی زایینی) بووە، ئەو شەوڕەوەی بە ئیسراومیعراج ناسراوە. تەنانەت بەر لە کۆچکردن بۆ مەدینە لە ٦٢٢ی زایینی، محەمەد پێغەمبەر لەکاتی نوێژکردندا ڕووگەکەی ئۆرشەلیم بووە، بەم شێوەیە بەشوێن دابونەریتی جووەکاندا دەڕۆیشت تا ئەو کاتەی ئەڵلا فەرمانی پێکرد ڕووی خۆی بۆ مەککە وەربگێڕێ. لەوەش پتر، غادە هاشم تەلحەمی (١٩٩٦) دیسان ئەوە دەنووسێ؛ گۆڕینی ڕووگە(قیبلە) هەوڵێک بوو لە لایەن محەمەد پێغەمبەرەوە بۆ ئەوەی هەردوو دینە پێشووەکەی ئیبراهیمی لەیەک جیابکاتەوە و ئۆرشەلیمیش ئاراستەیەکی ئایندە بۆ خۆی وەربگرێ. کەواتە، ئۆرشەلیم هەر لە ڕۆژگاری زووەوە لە ویژدانی موسڵماناندا نەخشی هەبووە، سەڵاحەدینیش لەو بڕوایەدا بووە تا ئەوکاتەی لەدەستی بێبڕوایان دەرنەهێنرێ، ئەوا جیهانی ئیسلامی بە فراژێی خۆی نامێنێتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرشەلیم بەر لە شاڵاوی خاچدارەکان نموونەیەکی ناوازەی مەڵبەندێکی لێبوردەیی ئیسلام بوو. بەگوێرەی مستەفا ئەلحەیاری Mustafa Hiyari (١٩٩٠)، زانا ناودارەکەی ئەندەلوس، ئیبن ئەلعەرەبییش لە کتێبەکەی خۆی (رحلة)دا ئاماژە بە ئۆرشەلیم دەدا وەک ژینگەیەکی لەباری زانست و زانیاری، ئەمەش لەوکاتەی لەوێ بابەتی بۆ کتێبەکە کۆکردووتەوە، ئەوکاتەی لە ١٠٩٣ی زاینیندا تێیدا ئاکنجی بووە. لەوێدا کۆڕ و مێزگردی گەورە زانایانی موسڵمان و دەمەتەقێی شایستەی پیاوانی ئایینی لەنێوان موسڵمان و جوولەکە و کورستیاندا هەبووە (بڕوانە مستەفا ئەلحەیاری ل١٣١). : سەڵاحەدین هەر خۆیشی بڕوای بە هێزی زانین بووە، قسەی نەستەقیشی لەبارەوە هەیە: خەون ببینی و بیزانی باشترە لەوەی نوێژ بیکەی هیچ نەزانی (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ١١)، ئەمەش سەلماندویەتی کە لە ماڵباتی ئەودا بوار و دەرەتانی هزر و بیرکردنەوە چەند فراوان بووە.
تاریق عەلی لە میانەی کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨) دا ئاماژەی بە جیاوازی یەکلاکەرەوەی نێوان شارستانێتی کریستیان و موسڵمانان داوە، هەروەها دژە ڕوانینە ئەوروپییەکەشی لەبارەی کلتوری ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست نیشان داوە. لە ١٠٩٩، ئەوکاتەی پەلاماردەرە فەرەنگییەکان دیوارەکانی ئۆرشەلیمیان گەمارۆدا، بۆ ئاکنجییەکانی شارەکە سامناکترین ڕۆژگار بوو. خاچداران لە حوزەیرانی ١٠٩٩زایینیدا لە دیوارەکانی ئۆرشەلیم نزیکبوونەوە و بۆ نزیکەی چل ڕۆژ ئابڵوقەی ئۆرشەلیمیان دا. هەر بەگوێرەی مستەفا ئەلحەیاری(١٩٩٠) ئەوان لە ١٥ی تەممووزی ١٠٩٩دا بەسەر شارەکەیان دادا، ئەوسا کوشتوکوشتاری شارەکەی بەدواداهات. ئەوان زیاتر لە حەفتا هەزار کەسیان لە خەڵکەکەی ئەوێ کوشت و ئۆرشەلیمی موسڵمان لە سەرجەم ئاکنجییەکانی بەتاڵ کرا (مستەفا ئەلحەیاری ١٩٩٠، ل١٣٨).

بەپێچەوانەی کلتوری سیاسی ئیسلامی کە لەسەر بنەمای هاوپشتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز (دەمارگیریی) ڕۆنرابوو، کەچی کلتووری سیاسی فەرەنگی (ئاوەدانی/عیمران) وەک لاواز پەرەنەسەندوو نیشان درا بەوەی خاوەن سۆز و قسەی خۆیان نەبوون و زۆرجاریش بۆ سوودێکی دونیایی ناپاکییان لە هاوپەیمانەکانیان کردووە. ئەوان هەر بەڕاستی هەستی دەمارگیرییان لەنێو ڕیزی پلەدارەکانی خۆیان لەدەستدابوو، وەک شیرازەترازاو وەک کەسانی دژبەیەک لە ڕەفتار و گفتارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان دەرکەوتن. هەرچەندە هەردوو پاشای ئینگلستان و فەرەنگستان لە پاپاوە بانگەوازیان بۆ کرا، بەڵکو لەشکر و هێزەکانیان یەکبخەن و شەڕەفی خاچدارەکان بکرنەوە (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٣٢١)، کەچی ئەوان هێشتا لەسەر یەک پرسیش یەکانگیر نەبوون. لە سەرێکی دیکەوە، هەرچی سەڵاحەدین بوو پەیوەندییەکی هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزی سەربازی و ڕاوێژکارە سیاسییەکان هەبوو، هەمووشیان یەک بانگەوازیان هەبوو؛ «سەرباز و تیرهاوێژ و شمشێربازیان لەسەرتاپای قەڵەمڕەوییەکە بۆ ئەو پرسە لەیەک کۆببنەوە.» (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٢٣٥). سوڵتان بە میرزادە و دەرباری خۆی گوتبوو، کە «ئەو ڕێسا سادەیەی (دەمارگیرییە) یەکەمین ڕۆژانی بیروباوڕیان بیردەخاتەوە» (تاریق عەلی، ١٩٩٨، ل٢٣٦). تاریق عەلی ئاماژە بەوە دەکا، هەستی ئەو هاوپشتییە قووڵەی نێو سەربازانی سەڵاحەدین بەهۆی هەستی دەمارگیرییەوە بوو، چونکە ئەگەر ئەوان لە ڕاوانی فەرەنگ لە ئۆرشەلیم (ئەلقودس) سەربکەون، ئەوا ئەو لەشکرەی پێکی دەهێنن لەتەواوی مێژوودا یاد دەکرێتەوە.(تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٢٣٩). هەروەک تاریق عەلی لەسەر زمانی سوڵتان سەڵاحەدینیشدا دەگێڕێتەوە: «ڕیچار لاینهارتی (شێردڵ) و پاشای فەرەنگستانیش هەرگیز لەنێوان خۆیان ڕێکنەدەکەوتن و ڕقوکینەی نێوانیان تادەهات لەگەڵ یەک توندتر دەبوو، تا ڕادەیەک بەسەر خواستیان بۆ زاڵبوون بەسەر ئێمەدا سەرکەوت» (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٤٨). وەنەبێ شاڵاوی خاچداران هەر لەنێوخۆیاندا ناتەبابووبن، بەڵکو ستراتیژێکی سیاسیی ڕوونیشیان بۆ ئەرکەکەیان لە وڵاتی پیرۆزدا نەبوو.
ئیبن یاقوبیش باسی ئەوە دەکا، زۆر لە شۆفارەکان(سووسەکاران)ی فەرەنگ زانیارییان لەبارەی کورتهێنی نەبوونی هاوپشتی لەنێوان سوپای ئینگلیزدا هەبوو. کاتێکیش ڕیچارد بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکانی وڵاتی پیرۆز جێدەهێڵی، زۆر لە لۆردە فەرەنگییەکان نێردەیان بۆ لای سەڵاحەدیندا نارد، «نامرادانە داوای پارێزگارییان لە سەڵاحەدین دەکرد بۆ ئەوەی لە دژی یەکدی بیانپارێزێ» (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٣٤٨). لەوەش پتر، ئامانجی سەرەکی ڕێچارد گەڕانەوە بوو بۆ ئینگلستان تا تەخت و تاجەکەی لە دەست برا ڕکابەرەکەی ڕزگار بکا. هیچ کام لە سەرکردەکانی لەشکری کرستیانی مجێزبەرزیی دینیی خۆیان بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی وڵاتی پیرۆز نیشان نەدا. کەواتە تاریق عەلی هاودژی نێوان جیاوازییە کلتوری و سیاسییەکانی نێوان شارستانێتی موسڵمان و ئەوروپییەکان نیشان دەدا و بەتوندیش گوتنەکانی مەڵبەندە ئەوروپییەکان لەبارەی مێژوی موسڵمانان ڕەتدەکاتەوە و هەڵوێستی دژە دەستوەردان نمایش دەکا.

سەڵاحەدین دوای گرتنەوەی ئۆرشەلیم لە ئۆکتۆبەری ١١٨٧دا، بە جوامێرترین شێوەی ژیانی خۆی دەجووڵێتەوە، ئاخر ژیانی نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کریستیانی ڕزگار دەکا، هەروەها لە ڕێی پەیمانێکی ئاشتیشدا گەڕانەوەیەکی سەلامەتیان بۆ مسۆگەر دەکا. بەڕەهاییەوە، ئەو لە پێگەیەکدا بوو بەدوای تۆڵەکردنەوەی خۆیدا بگەڕێ، بەڵام وەهای نەکرد، چونکە باوەڕە ئیسلامییەکەی فێریکردبوو دلۆڤان و لێبوردە بێ. لە پەیامێکی بۆ یەکێ لە سوارچاکانی فەرەنگی بەناوی بلیان، ئەوەی بەبیردەهێنێتەوە: بە خەڵکەکەی خۆت بڵێ، ئێمە ئەو ڕەفتارەتان لەگەڵدا ناکەین کە پێشتر ئێوە کاتێ بۆ یەکەم جار شارەکات گرت، کردتان... ئەوان ئەوەم بەبیردەهێننەوە هەمووومان بڕوامان بە چاو بەچاو و دان بەدان هەیە.» (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣١١). سوڵتان سەڵاحەدین ئەوپەڕی لێبوردەیی بەرامبەر ژن و منداڵە کریستیانەکان بەکارهێنا و بە بلیانی ڕاگەیاند ئەو خەڵکەکەی خۆی هێورکردۆتەوە و پێیگوتون ئێمە هەمومان ئەهلی کتێبین و شارەکەش بۆ هەموو ئەوانەیە کە بڕویان بە کتێبەکە هەیە. «بە ژنەکانتان بڵێ ئازادان تەنانەت ئەگەر نەتوانن پارەی فدیەی خۆشیان بدەن... بلیان کەوتە چۆک و دامێنی کەواکەی سەڵاحەدینی ماچ کرد» ٠تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٣١١). «ئەوەیە هێزوگوڕی سوڵتانەکەمان، تا ڕادەیەک هەر هەواڵی نزیکبوونەوەی ئەو دوژمنی دەتۆقاند. ئەوان خۆ نەچووبوونە جەنگ، بەڵکو لەبری ئەوە کشابوونەوە نێو سەربازگەکەیان» (تاریق عەلیی ١٩٩٨، ل٣٣٤). تاریق عەلی زۆر خاسیەتی باش و چاکی سەڵاحەدینی گێڕاوەتەوە. «هەرگیز وچانی نەدەدا. ئەو شەوانە زیاتر لە دوو یان سێ سەعات زیاتر نەدەنوست... ئەو پەنجا ساڵ بوو، بەڵام وەک ئەوەی بیست ساڵان بێ، ئاوا سەربازەکانی دەبردنە نێو گۆڕەپانی جەنگ، شمشێرەکەی بێ باک لە جیهان بەرزدەکردەوە. هێشتاش دەمزانی کە ئەو زۆر لەبارەی پێگەی لەشکرەکەی نیگەرانە... ئەو هەمیشە سەری بەرز ڕادەگرت. ئەو حەزی بە پیداهەڵگوتن نەدەکرد و گوێی خۆشی لە ئاست پەسندانی زیادەڕۆی کەڕ دەکرد، کە بووبووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانی قەڵا. هەمیشە بە خۆشییەوە ئەرکی ئەوانی دیکەی ڕادەپەڕاند. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل. ٣٣٦). لێ خۆی ئەوە میتافیکشنێکی پۆستمێدێرنەیە، ئاخر دەقەکە خودی قسەکەی خۆی لەباریەک دەترازێنێ کاتێک تاریق عەلیی نووسەر دەنووسێ کە سەڵاحەدین «لاوازییەکی زۆری بۆ قەرەواشەکانی هەبوو.» (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٣٦). نووسەر چەمکی ڕۆژئاوایی بۆ حەتمیبون و ڕۆڵی چارەنووس بۆ ڕوخانی موسڵمانان لەباریەک هەڵدەوەشێنێ و ئاماژە بەناتەبایی و کورتهێنی دیسپلین وەک هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ شکەستەکەیان دەکا. سەڵاحەدینیش هەمان ڕوانین لەگەڵ ئیبن یاقوب دەگۆڕێتەوە کە دەڵێ:

«ئەوەی ئێمە لێی تێناگەین ئەوەیە، هیچ سەرکەوتنێک بەبێ شکست نابێ. تەنانەت داگیرکەرە مەزنەکانیش مێژوش تووشی ژانوناسۆری پاشەکشە بوونە. ئێمە بۆ لێبڕاوی و سەقامگیری کورتهێنین. هەر تەنیا دوای چەند شکستێکی کەم ورەمان دادەبەزێ، گیانمان لاواز دەبێ و دیسپلینمان نامێنێ. تۆ بڵێی ئەوە لە ئەستێرەکانمان

نووسرابێ؟ تۆ بڵێی ئێمە هەرگیز نەگۆڕێین؟ ئەرێ بێبەزەیی قەدەر وامان لێدەکا بەردەام ناسەقامگیر بین؟ باشە لە ڕۆژی پەسڵاندا چۆن وەڵامی جوبرائیل بدەینەوە کاتێک لێمان دەپرسێ: «هۆ شوێنکەوتووانی محەمەد پێغەمبەر، ئەرێ بۆچی لەکاتی زۆر تەنگانە، لەڕووبەڕووبونەوەی دوژمندا خۆتان هاوکاریی یەکدیتان نەکرد؟» تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٣٨).
تاریق عەلی بە لەدەرگەدانی فرەڕوانگەیی پۆتسمۆدێرنە چیرۆکی سەدەکانی ناوەڕاست دەقرێژ دەکاتەوە، هەوڵدەدا موسڵمانان لە تیرۆرزم و توندوتیژی جیابکاتەوە. تاریق عەلی شارستانیەتی ئیسلامی (ئاوەدانی/عیمران) وەک کلتورێکی یەکجار ئاڵۆزوبڵۆز دەخاتەڕوو، کە بەتەواوی لە بەدحاڵیبوونەکەی میدیای خۆرئاوایی جیایە و هەروەها لە ڕوانینی هینتگتن جیایە بەوەی گوایە موسڵمانەکان لەڕوی کلتوری سیاسییەوە کورتهێنن. ڕۆمانی کتێبەکەی سەڵاحەدین لە نووسینی تاریق عەلی وێنای دژەڕوانینی ئەوروپیانە دەکا و ئەوە دەخاتە ڕوو، کە موسڵمانەکان لێبوردە و ئاشتیخواز و خاوێن و ناجنسین، ئەمەش کاتێک بە کریستیانەکان بەراورد دەکا لەوەی شەڕانگێز و ناڕاستگۆ پیس و لەڕووی هزریشەوە لەخوار ئاستی موسڵمانان بوون. ئەوەی ڕاستی بێ ئەرکی بژارکردنی بۆ مێژووی کۆلۆنیال کردوە و هەوڵیداوە کێشمەکێشمی گوتاری بەردەوامی ڕۆژئاوا لەبارەی ئیسلامۆفۆبیا بخاتەڕوو، دیاریشە نیگەرانە لەو پەیوەندییە هەنووکەییەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین. هەر بۆیە بە مەبەستی ڕۆژگارێکی دیاریکراو لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەهێنێتەپێشەوە، ئەوکاتەی موسڵمان و جوو لە پەیوەندی ئاشتیانەی خۆیاندا بوون و هەوڵیش دەدا دابڕسێتە بیرۆکەی هاوپەیمانێتی جوو. کریستیان بەوەی حاڵەتێکی سەقامگیری مێژوویی هەبووە، ئینجا کار بۆ توندوتۆڵبوونی پەیوەندییە نەریتییەکانی جوو-ئیسلام دەکا. لەوەش پتر، هاوپشتییەکی گەورەی نێوان موسڵمان و جوو لەدژی خاچدارەکان نیشان دەدا. ئیدی تاریق عەلی لە ڕێگەی نیشاندانی ئەم وێنانەوە ئاوڕێکی ڕەخنەئامێزانە لەو ڕەوشە هەنووکەیەی ئێستای ئیسرائیل و فەلەستین دەداتەوە و کێشەکە وەک پرسێکی کۆلۆنیالی نیشان دەدا، لەوەی تێکگیران و ململانێیەکی ئایینی بێ لەنێوان موسڵمان و جوودا.
لە دووی ئۆکتەبەرداساڵیادی ڕزگارکردنی ئۆرشەلیمە لەدەست خاچدارە کاسۆلیکەکان و بە بەشداریکردن لەو بۆنەیەدا، سەڵاحەدین بووەتە هێمایەکی مێژوویی سەرکرایەتییەکی مەزن. هەرچەندە زۆر کەس لەو بڕوایەدان، کە یادکردنەوەی بیچمە مەزنەکانی مێژویی وەک سەڵاحەدین لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەی ئاوەدانی /عیمران (شارستانیەتیان) لاوازە و لەڕووی سەربازیشەوە کورتهێنن وەک عەرەب شتێکی باوە. هەندێکیش بۆیە یادی دەکەنەوە تا قەرەبووی ئەو ژانوناسۆرەی ئێستا تێیدان بکەنەوە زۆر لە ئەوانی دیکەش بەدوای سەڵاحەدینێکی نوێدا دەگەڕێن تا ڕزگاریان بێ لەدەست ئەو دارسانە ئاسایشاپرێزییەی لەلایەن ڕۆژئاواوە لە بەرانبەریان وەستاوە. مێژووش سەلماندوویەتی هەر کاتێک شارستانێتی ئیسلامی تووشی ڕۆژی تەنگانەی خۆی هاتبێ، ئەوا لە ڕێی شۆڕەسوار و جوامێرێکی وەک سەڵاحەدین پارێزراون ئەو کاتەی بە خاسیەتە جوان و زێڕینەکانی دژی زوڵموزۆر و چەوساندنەوەی وەستاوەتەوە.

ئەنجام

تاریق عەلی لە ڕۆمانی کتێبەکەی سەڵاحەدیندا سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئەیوبی لەژێر سایە و سەرکردایەتییەکی بەهێزی وەک سەڵاحەدین و کەوتنی کریستیانەکان لە ئۆرشەلیم نیشان داوە. ئەو لەڕێی ڕەچەڵەکە ڕەوەندییە/کۆچەرییە کوردییەکەی خۆی سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی کرد و ئۆرشەلیمی لەدەست خاچدارەکان دەرهێنایەوە، ئەمەش لەڕێی یەکخستنی عەرەب و ئافراندنی هەستێکی بەهێزی دەمارگیری/عەسەبیەت (هاوپشتی کۆمەڵایەتی) لەنێوانیان. ئەفسانەی سەڵاحەدین و لەنێو گوتاری ئەورووپی و بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە پاڵەوانێکی جوامێریەوە بۆ جەنگاوەرێکی کەمۆ و فێڵزان گۆڕاوە، هەرچەندە نەشتوانراوە لە بەهای بایەخی ئەفسانەی شەڕی خاچدارەکان کەم بکرێتەوە. بەلارێدابردنی کەسایەتییە مێژووییەکان لە ئەدەبی پۆستمۆدێرن بەگشتی و بەشێوەیەکی تایبەتیش لە میتافیکشنی مێژووییدا شتێکی زۆر باوە. نمایشکردنی تاریق عەلی بۆ پاڵەوانێکی موسڵمان خۆی دەبێتە گرفت ئاخر ئەو لەو میتافیکشنەکەی سەڵاحەدین وەک پیاوێک بەخۆی و ئامانج و کەسایەتییەکی بەرزەوە بەڵام بە لەڕووی هەوەسبازییەوە ئاستنزم نیشان دەدا. تاریق عەلی، سەڵاحەدین وەک پیاوێک پڕ لە گۆبەند و چێژی مرۆیی نمایش دەکا، بەڵام بەژنوباڵای هێشتا هەر بەرزە چونکە ئامانجەکەی بەوپەڕی شکۆ و ئاوەزەوە بەدیهێنا. لەمەش زیاتر هەڵوێستە چاکەکارییەکەی لەگەڵ نەیارەکانیدا، نەخاسمە لەگەڵ کریستیانەکان ئەوا خەسڵەتە مێژووییەکەی کردبوویە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی. هەر بەڕاستیش گرتنەوەی ئۆرشەلیم ناوناوبانگی ئەوی لەدوای عومەری خەلیفەی دووەم گەیاندە لوتکە، عومەریش ئەو کەسە بوو لە ٦٣٧ی زاییندا بۆ یەکەمین جار دەستی بەسەر ئۆرشەلیمدا گرت. هەموو ئەو سەرکەوتنە مەزنە ئەستەم دەبوو ئەگەر هاتبا و سەڵاحەدین ماخۆی خاسییەتەکانی خەلدونیانە بۆ سەرکردەیەکی مەزن نەبوایە و هاوپشتی کۆمەڵایەتی (عەسەبیەت/ دەمارگیری) لەنێو هۆزو تیرە ناتەبا و پەرشوبڵاوەکان و دەستەو تاقمی خانەوادەی ئەیوبی بەدینەهێنبا. هەروەها کتێبەکەی سەڵاحەدین بایەخی مێژووی و ئایینی شارە پیرۆزەکەی ئۆرشەلیم، کە بەگشتی بۆ هەرسێ ئاینە ئیبراهیمییەکان و بەتایبەتیش بۆ ئیسلام گرنگ بوو، گەڕاندەوە؛ هەروەها ئەو ململانێیە سێقۆڵیە بە ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین گرێدەداتەوە. دووبارە دەستبەسەرداگرتنەوەی ئۆرشەلیمی داگیرکراو دیسان پێویستی بە سەڵاحەدین ئەیوبییەکی دیکە هەیە، خۆ ئەگەر ئەو هاوپشتییە کۆمەڵایەتییە (عەسەبیەت/دەمارگیرییە)ش لە لایەن موسڵمانان نەیەتە دی، ئەوا ئامانجی پەرستن لە مەسجیدی ئەقسا هەرگیز بەدینایەت.

هەر بۆیە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و و شۆڕش و هەرای وڵاتانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پەیوەستە بەو هۆشیارییە مێژووییە و ڕۆشنبیرییەی پاش جەنگی خاچدارەکان. بۆ بەدبەختیش خوێندنەوەی ئیسلامی ئێستا، کورد و فارس و تورکی خستۆتە پەراوێز و بەشێوەکی سەرەکی هەر عەرەبی کردۆتە چەقی بازنە. ئەو ناتەباییە پەرتەوازەییەی دەوڵەت و دەستەو تاقمە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکان لە بەرژەوەندی کریستیان و جوولەکەن، ئەوانەی بەیەکەوە و لەژێر یەک سەرکردایەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیمانی باکووری ئەتڵەسی کاردەکەن. دانپێدانانی جورج بۆش لە وتارە سەرۆکایەتییەکەی خۆی لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەردا گوتی ئەوەی ڕاستی بێ جەنگی جیهانی لەدژی تیرۆر تۆڵەکردنەوەیەکە لە جەنگی خاچدارەکان و ژیاندنەوەی دیاردەی بەیەکدادانی مێژوویی و کلتوری لەنێو شارستانیەکاندا. پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ئەفغانستان شێوەیەکی جەنگی خاچدارانی و پۆستمۆدێرن بوو لەلایەن کریستیانە ڕۆژئاواییەکان و پشتگیری مەعنەوی و سەربازییانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بێ گومان بە قازانجی ئیسرائیل تەواودەبێ لەدژی دەوڵەتە عەرەبییەکان و ڕێکیش لەگەڵ هزری هۆشتیاریی مێژووی و کلتوری قووڵ لەبارەی ئۆرشەلیم دێتەوە، هەروەک چۆن شەڕەکانی ئەو دواییانەی ئەمریکا یارمەتیدەر بوو بۆ ڕوانگەی ڕۆژانەی ئیسلامی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. چڕبوونەوەی تەقەکردنی بەکۆمەڵی چەندپاتەوەبوو و ڕشتنی خوێنی تاکەکان بەهۆی ئەو ڕق و کینە و ئەو کێبڕکێیە پەنگاوەی نێوان ئەو هەوادارانەی هەردوو دینە سەرەکییەکانە، ئیدی لەپێناو بەدیهاتنی ئاشتی و ئارامی جیهانی، لەسەر کریستیان و موسڵمانان پێویستە خۆیان لە ڕەگوڕیشە مێژوویە بەیەکدادانە خوێناوییەکان ڕزگار بکەن. وێڕای ئەوەی میتافیکشنەکەی تاریق عەلی دەقێکی خۆهەڵگێڕەوەیە و لاسایەکی تەوسئامێزانەی کەسایەتی سەڵاحەدین، ئیدی چەمکی تایبەتییەکەی خۆی لەمەڕ پێگەی مەزنیی موسڵمانان لەباریەک دەترازێنێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەڵاحەدین وەک هێمایەک بۆ بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبینێ و گرفت لە گوتاری مێژووی لەبارەی سەڵاحەدین و شەڕەکانی خاچدارەکاندا دەبینێ، کە تێیدا ئاراستەیەکی فرەڕوانین دەبینێ و هەروەها بە مێژووی پۆستمۆدێرنەی جیهانی ئیسلامی دەبەستێتەوە. بەکورتی ئەم نووسینە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەر کاتێک موسڵمانان هاوپشتی کۆمەڵایەتی (عەسەبیەت/دەمارگیری)ی خۆیان لەگەڵ باشترین توخمی شارستانییەت(عیمران / ئاوەدانی)یان دۆڕاند، ئەوا شکست دەخۆن و بۆڕدەدرێن، هەرکاتێکیش سەرکردەیەکی بەهێزیان هەبوو، هاوپشتی کۆمەڵایەتی بەدیهێنا و خاسییەتە ڕاستەقینەکانی شارستانێتی تێدا ڕەنگدایەوە، ئەوا سەرکەوتن بەدیدێنن.

ئاماژەی سەرچاوەکان:

1- Ali, T. (1998). The Book of Saladin. Verso.
2- Collingwood, R. G. (1994). The Idea of History. Oxford University Press on Demand.
3- Ehrenkreutz, A. S. (1972). Saladin. SUNY Press.
4- Field, R. W. (2010). The Swords of Faith. Strider Nolan Media.
5- Gibb, H. A., Gibb, H., Muḥammad ibn Muḥammad ʿImād al-Dīn al-Aṣfahānī al-Kātib, Baha› Al-din Yusuf Ibn Rafi 1145-1234. Al-Nawadir Al-Sultaniyah Ibn Shaddad, & 'Im̄ad al-D̄in Mụhammad ibn Mụhammad K̄atib al-Ịsfah̄an̄i. (1973). The life of Saladin: From the works of 'Imād ad-dīn and Baha' ad-dīn. Clarendon Press.
6- Gibb, H. A., Polk, W. R., & Shaw, S. J. (1962). Studies on the Civilization of Islam, by Hamilton A.R. Gibb. Edited by Stanford J. Shaw and William R. Polk. Princeton University Press.
7- Griffin, G. (2005). Research Methods for English Studies. Capstone.
8- Grousset, R. (1934). Histoire des croisades et du royaume franc de Jerusalem. Librairie Plon. Hiyari, M. (1990). Crusader Jerusalem, 1099-1187 A.D. Jerusalem in History, Olive Branch Press, New York, pp. 137-140.
9-Jubb, M. A. (2000). The legend of Saladin in Western Literature and Historiography. Edwin Mellen Press.
10- Khaldun, I., Rosenthal, F., Dawood, N. J., & Lawrence, B. B. (1969). The Muqaddimah: An Introduction to History. Bollingen Foundation.
11- Kosinski, J. (2007). Being There. Grove/Atlantic.
12- Lane-Poole, S. (1898). Saladin and the Fall of the Kingdom of Jerusalem. The Other Press.
13- Lombardi, V. (2003). What it takes to be #1: Vince Lombardi on Leaders: Vince Lombardi on Leadership. McGraw Hill Professional.
14- Lyons, M. C., & Jackson, D. E. (1984). Saladin: The politics of the Holy War. Cambridge University Press.
15- Paris, G. (1987). La Legende De Saladin. The Old French Crusade Cycle (The Jerusalem Continuations), 7. Pasha, K. (2010). Shadow of the Swords: An Epic Novel of the Crusades. Simon & Schuster. c, J. (2001). Warriors of God: Richard the Lionheart and Saladin in the Third Crusade. London : Faber and Faber.
16- Said, E. W. (1978). Orientalism. New York : Pantheon Books.
17- Sayfo, O. (2017). From Kurdish Sultan to Pan-Arab Champion and Muslim Hero: The Evolution of the Saladin Myth in Popular Arab Culture. The Journal of Popular Culture, 50(1).
18- Scott, S. W. (1825). The Talisman. Archibald Constable and Co. London.
19- Talhami, G. (1996). Jerusalem in the Muslim Consciousness. The Muslim World, 86(3-4),229-242. https://doi.org/10.1111/ j.1478-1913.1996. tb02727.x
20- Tolan, J. (1996). Medieval Christian perceptions of Islam: A book of Essays. Choice Reviews Online, 33(10), 33-5672-33-5672. https://doi.org/ 10.5860/choice. 33-5672
21- Tyerman, C. (1998). The Invention of the Crusades. Macmillan International Higher Education.



کتێبی: کرد و کردستان
نووسینی: واسیلی نیکیتین
وەرگێرانی بۆ کوردی: وژار فهری

بزووتنەوەی نیشتمانیەکانی کورد
لە باسکردنی بزوتنەوە نیشتمانیەکانی کورد، ناتوانرێت هەستیاریی ئەم بابەتە پشتگوێ بخرێت. ئایا کورد توانای پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی هەیە؟ ئایا ئەم دەوڵەتە دەتوانێت بەردەوام بێت؟ ئەگەر دەوڵەتێکی لەو شێوەیە پێکبێت، دەبێتە هۆکاری ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە؟ یان بەپێچەوانەوە ئایا دەبێتە هۆی ناسەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەراست؟ رەنگە وەڵامی ئەم پرسیارانە جیاواز بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگی دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ پرسی کورد زیندووە. چونکە ئەگەر لە ژێر رۆشنایی کردەوەی نافەرمانی یان بێ بەرنامەییدا لە بزووتنەوە نیشتمانیەکانی نەتەوەیی کورد بروانین، ئەوا هەڵەیەکی گەورەیە و دادپەروەری نیە. لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەر دوای لێکۆڵینەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نەتەوەی کورد درێژە بە لێکۆڵینەوەکانمان لەم بوارەدا نەدەین و لە بەرامبەر قۆناغی ئێستای گۆرانی ئەم میللەتە بێدەنگ بین، ئەوا کەمتر لەوەی نووسیومانە کردوومانە.

سێ قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.
بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سێ قۆناغدا تێپەریووە: یەکەم: قۆناغی گوێرایەڵی نەکردن و راپەرینی کۆمەڵایەتی و شۆرشی ئەو فیۆداڵانەی کە قبوڵیان نەدەکرد پێشێلکارییەکیان بەرامبەر بە مافەکانیان بکرێت. قۆناغی دووەم لەسەردەمی شۆرشی تورکیا سەریهەڵدا، کاتێک کوردەکان دەیانویست ئەوانیش دەستکەوت بۆخۆیان بەدەستبهێنن، و وەک نەتەوەیەک بناسرێن. دواجار قۆناغی سێیەم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستپێدەکات، ئەوکاتە ئیتر بابەتی کورد لە گفتگۆوە نێودەوڵەتیەکان سەرهەڵدەدات و پرسی کورد بەنێودەوڵەتی دەکرێت بۆ نموونە لە رێککەوتنەکانی سیڤەر و لۆزان. قۆناغی ئێستا لە دامەزراندنی رێکخراوی نیشتمانی کورد خۆیبون لە ساڵی ١٩٢٧ دەست پێدەکات، لەم بابەتەدا تەنها باس لە قۆناغی یەکەم دەکەین.

ئەو شۆرشانەی کە دەرەنجامی کاریگەریان نەبووە

١١ شۆرشی عبدالرحمن پاشا
عەبدالرحمان پاشا، کورەزای ئیبراهیم پاشا، دامەزرێنەری شاری سلێمانییە (١٧٨٦). دوای ئەوەی بە خەنجەر پارێزگاری تورکی (کۆیە)ی کوشت و شکستی بە رکابەرە کوردەکەی خالد پاشا هێنا کە لە شوێنی ئەو داندرابوو بۆ حوکمرانی شاری سلێمانی، چووە ئێران. لەگەرانەوەیدا، سەرەرای ئەوەی پاشای ئێران هاوکاری کردبوو، بەڵام لەلایەن تورکەکانەوە کە کورەکانی خالید پاشایان لەگەڵدا بوون، شکستی پێدەهێنرێت و جارێکی تر پەنا دەباتەوە بۆ ئێران. گەرانەوەی سەربردەی جەنگەکانی لە گۆرانیە فولکلۆریە کوردیەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

١٢ شۆڕشی بلباسەکان ١٨١٨
بەپێی ڕاپۆرتە سەربازییەکانی ڕووسیا، لەوانە ڕاپۆرتەکەی ڤالیامینۆڤ بۆ ئێرمۆلۆڤ کە لە بەرواری ٢٤ی نیسانی ١٨١٨ و نامەکەی ١٠ی ئابی ١٨١٨ بۆ ناسلێرود، عەباس میرزا، شازادەی جێنشین، سەرکەوتوو نەبووە لە سەرکوتکردنی یاخیبووان و زیانێکی قورسی بەرکەوتووە. لە دەوروبەری هەمان کاتدا لە ساڵی ١٨١٥دا کوردانی نیشتەجێی ژێر دەسەڵاتی پاشاکانی تورکیا (پاشالیک بایزید و وان) دەستیان بە یاخیبوون کرد و کوردە کۆچەرییەکانی ئێرانیش لە نێوان یەریڤان و نەخچیڤان و خوی پەیوەندییان پێوە کرد. ئەم یاخیبوونە لەلایەن فەرماندەی سەربازی ئەرزەروم شکستی پێهێرا. بە پێی گوتەکانی ڤیلچفسکی ئەم یاخیبوونە تەنیا هاندان و پیلانی چەند کەسێک نەبوو، بەڵکو جەماوەرێکی زۆر ڕاپەڕیبوو. ئەم جەماوەرە لەلایەکەوە لەلایەن سەرۆکە بۆماوەییەکانیانەوە ئەشکەنجە دەدران و دەچەوسانەوە و لەلایەن دەوڵەتەکانەوە ئازار دەدار و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی پارەپەرستی و قازانجەکانیان، کارەکانیان مایەپووچ بوون، هەروەها هەموو ئەو جەنگانە کە پیاوەکانیان دەبرد بۆ جەنگ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەمبوونی کرێکار بۆ مەرداری و کشتوکاڵ. هەروەها لە ساڵانی ١٨١٨، ١٨٢٠، ١٨٢٢، یاخیبوونی کوردەکان لە دژی دەوڵەتی ئێران یان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕوویدا. لە ساڵی ١٨٢٥دا سەربازگەیەکی یەکێک لە قەڵاکانی ئێران، تا دوا سەربازیان لەلایەن کوردەکانەوە کوژران.
١٣ کوردەکان لە سەردەمی شەڕی ڕووسیا و عوسمانیدا
میرەکانی ڕواندوز، بۆتان، بێهبەهان و هەکاری ئامادەنەبوون بەشداری لەو ململانێیە بکەن. بەهلوول پاشا، کوردێکی بایزیدی، هەوڵیدا لەگەڵ ڕووسەکان یەکبگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەمیر پاشا (موش)یش هەوڵی دەدا خۆی لە ژێر چەقۆی تورک دەربهێنێت. ڤیلچێڤسکی ئەم هەوڵانە بە هۆکاری هەستی دۆستایەتیی ڕووسیا لە نێو کورد دا نازانێت، بەڵکو پێی وایە حوکمڕانانی کورد نەیاندەتوانی ڕەعیەتەکانیان چەکدار بکەن بۆ یارمەتیدانی تورک، چونکە دوورخستنەوەی جوتیاران لە زەویەکانیان، لە کاتێکدا ژمارەی کرێکاران زۆر کەم بوو، کارێکی دژوار بوو.
هاوکات لەگەڵ ئەم گرژییە کۆمەڵایەتییە، هەستە نەتەوەییەکانیش بەرجەستە دەبن. ڤیلچێڤسکی دەڵێت ئەگەر ناوی ئەو هەڵچوونانە بە (باند) و (وەحشیگەری) بهێنین، ئەوا بەهەڵەدا چووینە. بەپێی کتێبی (کوردانی ئاسیای بچووک)ی ترۆتەر لە کاتی شەڕی ١٨٢٨-١٨٢٩دا، کوردەکان کۆنترۆڵی دۆخەکەیان کردبوو. یاخیبووانی جیاواز سەرەنجام یەکیانگرت بۆ دەستپێکردنی ئاگرێکی گەورەی ڕاپەڕین. ئەم ڕاپەڕینە دژی فیوداڵە گەورەکان بوو بەبێ جیاوازی کورد و تورک، کە بە ئامرازکردنی ڕەعیەتەکانیان، زیانی بە ئابووریی کۆچەریی دەگەیاند. ئاغای گوند کە کرۆکی بورژوازی گوند بوو، هاندەرە و بزوێنەری ئەو یاخیبوونە بوو. بە ڵام نابێ لە بیر بکرێت کە ئاگایی نەتەوەیی کورد سە رەتا لە نێو هەڵبژێردراوەکاندا، واتە لە نێو میر و دەوروبەریاندا ئاشکرا بوو، پاشان لە ناو جەماوەر و ڕەعیەتیشدا بەدیارکەوت، لەمەدا فاکتەری ئابووری تاکە فەکتەر نەبوو کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبووبێت.

١٤ کورد و ڕاپەڕینی میسر (١٨٣٢ – ١٨٣٩)

میرمحمد ڕەواندزی کە چەندین میری تریش پەیوەندیان پێوەکردبوو، ئەمەی بە هەلزانی و دژی تورکەکان یاخی بوو. تورکەکان بە خێرایی محەممەد پاشای سیواس کە لەشکرەکەی بە هێزەکانی پاشای بەغدا و موسڵ بەهێزکرابوون، نارد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میر محمد ڕەواندزی، میر محەمەد شکەستی هێنا ڕەوانەی قوستەنتینیە کرا و لەوێ لێیخۆشبوونی بۆ دەرکرا. بەپێی گێڕانەوەیەکی تر، لەکاتی گەڕانەوەی کوژراوە. مۆڵتکێ کە ئەوکات فەرماندەیەکی گەنج بوو لە خزمەتی سوپای عوسمانیدا، هاوسۆزی خۆی بەرامبەر بە یاخیبووانی کورد نەدەشاردەوە و بۆ نموونە بیهێنە بەرچاوت کە چۆن باسی رادەستبوونی سەعید پاشا کردووە، کە هاتۆتە لای حافز پاشا بۆ گوێڕایەڵی و رادەستبوون، ئەو ئەفسەرە دەڵێت:

کاتێک پێ وابوو کە قەڵا جوانەکەی رادەست دەکات، وە دوای ئەو هەموو قسە و ڕووداوانە دڵنیا نەبوو لەوەی کە تواناى مانەوەی دەبێت، نەمتوانی خۆم بگرم لە سەرسامبوون و ستایشکردنی ئەو هەڵوێستە چەقبەستوو و متمانەبەخۆبوونەی کە لە کاتی نزیکبوونەوە و ماچکردنی دەستی پاشا نیشانی دا.

شۆرشەکان بەردەوامیان هەبوو. دوای شکستی تورکەکان لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٣٩ لە شای نەسیبین، مەحمود پاشا لە سلێمانی دەستی بە یاخیبوون و شۆرش کرد. حکوومەتی عوسمانی لە جیاتی ئەو کەسێکی دیکەی بۆ حوکمڕانی لەوێ دیاری کرد ومەحمود پاشا پەنای بۆ ئێران برد. نێوەندگیری و دەستێوەردانی حکومەتی ڕووسیا و بەریتانیا لە ساڵی ١٨٤٣ ڕێگری لە جەنگێکی نوێ لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کرد.

١٥ شۆرشی بەدرخان پاشا (١٨٤٣ – ١٨٤٦)

ئەو زانایانەی کە لەم بارەیەوە قسەیان کردووە لەوانە (مینۆروسکی، سوون، ئادامۆف، ویگرام)، هۆکارەکانی ئەم یاخیبوونە بە دەرئەنجامی ئەو توندوتیژیەی کە بەدرخان و نوروڵلا پاشا لە دژی مەسیحییەکانی هەکاری ئەنجامیاندا، دادەنرێت. لە ئەنجامدا لەلایەن توپال پاشاوە شکستیان پێهێنرا (هەندێک پێیان وایە کە کورەمامی بەدرخان خیانەتی لێ کردووە)، لە ئەنجامی پشتگیریکردنی تێروانینی پی ڕۆندۆ لە (کتێبی عەشایەر لایەپەرە ٦) دەتوانین بڵێین، پێکدادانەکانی نێوان کوردەکان و مەسیحیە چیانشینەکان کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە زۆر لەیەک نزیکن، لەسەر بابەتی خێلەکی بووە نەک ئایینی، بەڵام لە نێو نەوە و لایەنگرانی بەدرخاندا بۆچوونێکی دیکە لەو بارەیەوە باوە. بەدرخان بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی نالەباری تورکەکان لە دوای شکەستی نەسیبین، دەسەڵات و هەژموونی خۆی تا وان و موسڵ و ساوجبلاغ و رەزایە (ئورومیە) و دیاربەکر فراوانکرد، چەند میری گەورەی کورد لەوانە میر کورحسین و میری ئەردەلان بوونە هاوپەیمانی. لە ساڵی ١٨٤٥، لە گەرمەی ئامادەکاریەکاندا، نیستۆریەکان یاخی بوون و چیتر باجیان بە میر بەدرخان نەدا، بە جۆرێک کە بەدرخان ناچاربوو هەموو هەوڵێک بدات کە بخاتەوە ژێر دەسەڵات و رکێفی خۆی.

هەندێک بەڵگە هەن لە ئەرمینیا کە دەریدەخات بەدرخان لە بابەتی ئایینیدا، سیاسەتێکی میانرەوانەی پەیرەوکردووە، ئەو خۆی بە بریاردەری سیاسی و ئایینی ناوچە ئازادکراوەکان لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان دادەنا. بەدرخان بۆ چەند ساڵ لە وڵات دوورخرایەوە و لە کاندی (جەزیرەیەک لە کرێت - یۆنان) و دیمەشق ژیانی بەسەربرد، و لە ساڵی ١٨٦٨ کۆچی دوایی کرد.

١٦ شۆرشی یەزدانشیر (١٨٥٣ – ١٨٥٥)

ئەم شۆرشەش بە سوودوەرگرتن لەو کێشانەی کە لە دەرەنجامی شکەستی عوسمانیەکان لە دژی رووسیا سەریانهەڵدابوو، لە هەکاری و بۆتان دەستیپێکرد. یەزدانشیر سەرەتا بیتلیس و موسڵ، دواتر هەموو ناوچەکانی نێوان وان و بەغدای خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، نەستوریکان لە ژێر ئاڵای یەزدانشیر گیرسانەوە. لە ساڵی ١٨٥٥ بروای بە بەڵێنەکانی نەمرود رەسام فەرمانبەر لە کۆنسوڵخانەی ئینگلیس کرد، لە دەرەنجامدا دەستگیرکرا و رەوانە قەستەنتەنیە کرا. ئەویش وەک عبدالرحمن پاشا وەک پاڵەوانێی نەتەوەیی ناسێنرا، چەندین شیعر لە گۆرانیە فلکلۆریە کوردیەکان هەن کە باس لە گەورەیی ئەو دەکەن.

١٧ شۆرشی شیخ عبیداللە نهری (١٨٨٠)

ئەم شۆرشە گرنگە کە کۆتا شۆرش بوو پێش راپەرینی گەنجانی تورکیا، ئامانجی سەربەخۆیی خاکی کوردستان بوو. ئەم شۆرشە لە ناو خاکی ئێران و لە ناوچە هاوسنوریەکانی (رەزایە ‹‹ئۆرومیە››و بنان و مراغە) روویدا، بە جۆرێک بۆ ماوەیەک تەبریز لە ژێر هەرەشەدا بوو. دەرەنجام، کوردەکان بە ناچاری کشانەوە بۆ نێو خاکی عوسمانی، نارەزایی توند لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە راگەیەنرا و لە کۆتاییدا، ئێران و تورکیا پێکەوە بەهۆی هێزی سەربازیەوە کۆتایی بە یاخیبوون و چالاکیەکانی شێخ عبدللە هێنرا. شێخ عبداللە سەرەتا گوێزرایەوە بۆ قەستەنتەنیە، دواتر راگوێزرایەوە بۆ مەککە. لە دوای ئەوەی راپەرینی گەنجانی تورکیا روویدا، کوری شێخ عبداللە، بە ناوی شێخ عبدالقادر کە دواتر بوو بە سیناتۆری تورکیا، لە مەککە گەرایەوە. بۆ وەبیرهێنانەوە گرنگە ئاماژە بدەین بە هەوڵە سەرنەکەوتووەکانی دوو کوری بەدرخان ئەمیر ئەمین ئەعالی بەگ و ئەمیر مەدحەت بەگ لە ساڵی ١٨٨٩، کە هەردووکیان لە کەمینێکدا دەسگیرکران. هەندێک لە خێلەکانی کورد وەک خێلی موتکی، ناوبانگ بوون بەوەی هەمیشە لە ململانێدان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

فەهلەویات و زمانی ئاخاوتن و شێعرڕی بابا تاهیری هەمەدانی

ئیرەج مورادی باقلاوایی
سەردەشت (شارۆچکەی ڕەبەت) – ١٨ی ڕەزبەری ١٤٠٣

سەججادە مەی پیا ڕژاوم و عوریان و لەش-بەخوون
نوێژم مەزەننە وایە لەمەولا بکەن قوبووڵ
ڕێگەی هودا تەریقەتی عەشقە دە «مەحویا»
وەرن و پیا بڕۆن و (صَلّوا عَلَی الرَّسُوْل)

بەشی یەکەم//

سەری قسە

یەکێ لەو کەڵکەڵە گەورانەی چەند ساڵە وەک گۆیەک لە گۆڕەپانی مێشکمدا بازبازێن دەکا، پڕۆژەی نووسینەوەی دووبارەی (مێژووی وێژەی شاعیرانی کورد)ە. دیارە هەرمانێ بەرفراوانە و کاری تاکەکەس نییە. پۆلێک پسپۆڕ و شارەزای گەرەک کە سەرجەم توێژینەوە مەیدانیەکان بپشکنێ و بیکاتە گەڵاڵەیەکی نیشتمانی. لەو پێناوە وەک تاک ئەرکی سەرشانە، دەست لە توێژینەوەی بەڵگەنامەیی و مەیدانی هەڵنەگرین تا پاشخان و پێخۆری نووسینی تۆکمە و تەواوی ئەو گەڵاڵەیە ئامادە بکرێ. ئینجا لیژنەی پسپۆڕان دەست بە نووسینەوە و ڕێکخستنی بکەن. بەش¬بەحاڵی خۆم ئەوەی توانیومە کردوومە و لەسەریشی بەردەوامم.

پاییزی ٢٠٢١ بە وتارێک لە ژێر ناوی (نووسینەوەی ژیانی مەلا مستەفا بێسارانی پاڵپشت بە چەند قەباڵەی نوێ و توێژینەوەی مەیدانی) لە کۆنفرانسی (ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک) لە شاری هەڵەبجە بەشداریم کرد. پاڵپشت بە خوێندنەوە و هەڵێنجانی ورد لە چەند قەباڵەی کۆن، مێژووی ژیانی مامۆستا بێسارانیم لە (١٠٥٣-١١١٣) بۆ (مەودای: ٩٥٠-١٠٥٠ کۆچی) هەڵگەڕاندەوە. (شاخەوان، ٢٠٢١: ١٠١-١٤٤) لە وتاری¬تر لە (یەکەمین کۆنفرانسی مێژووی کورد لە ئاوێنەی دەستنووس و بەڵگەنامەکاندا – ٢٠٢٢ – زانکۆی سلێمانی) بۆ یەکەم جار ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکە، شاعیرێکی دیکە لە هامفەردانی مامۆستا بێسارانی بەتۆکمەیی خستە ڕوو. (مورادی، ٢٠٢٢: ٦٠-٩١) پێشتریش لە کتێبی (شاعیرانی کۆنی کەڵاتەرزان) ژیان و بەسەرهات و شێعرەکانی (شێخ شەمسەدینی دەرەهەردی: ٩١٢-٩٨٥ کۆچی، عەبدی کەڵاتەرزانی، شێخ شەهابی کاکۆزەکریایی: ١٠٠٣-١٠٧٢ کۆچی و ...) باس کردووە کە ئەویش لەسەر هەمان بنەمای داڕشتنی مێژووی وێژەی کوردی دێتە ئەژمار. (مورادی، ٢٠١٩: ١١١-١١٢ و ١٨٧)

ماوەیەک دەستم دایە کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیاری تاکوو هەرمانێک لەسەر باباتاهیری هەمەدانی بکەم، بەڵام دواتر زانیم دکتۆر ئارمان حوسەینی ئاب¬باریکە-¬-سەحنە و کاک ڕزگار جەباری¬-¬هەولێر هەندێ هەنگاوی تازەیان لەسەر ئەو کەسایەتیە هەڵگرتووە.

ئەوان پاڵپشت بە بەڵگەی مێژوویی و وێژەیی و ئاخاوتنی شێعریی، سەلماندوویانە ئاخوتنی شێعرەکانی باباتاهیر شێوەزاری کوردی گۆرانییە. خاڵی دەستپێکی ئەوان ئەو گومانە بووە کە لەناو توێژەرانی فارسدا لەسەر ئاخاوتنی شێعریی باباتاهیر کەوتوونەتە تەتەڵە کە زمانی شێعرەکانی فارسی نییە و دەبێ شێوەزار یا زمانێکی دەڤەری پەهلە بێت. بۆیە چەندین توێژینەوە کراوە و هەرکام بە لای خۆیدا ڕایکێشاوە و بە لوڕی و ڕاژی (کەرەجی) و مازەندەرانی و لەکی دانراوە. بەدڵنیاییەوە ئەنجامی توێژینەوەکانی دکتۆر حوسەینی ئاب¬باریکە وەک شارەزا بە (لەکی و لوڕی و هەورامی) ئیتر هیچ گومانێکی نەهێشتۆتەوە کە زمانی ڕەسەنی ئەو شێعرانە کوردیی گۆرانییە (ئامێتەی لەکی و هەورامی).   پاییزی ١٤٠٢ لەگەڵ کاک کەماڵی ڕەحمانی¬-¬خانێ لەسەر پڕۆژەیەکی نووسین کەوتینە گفتوگۆ. بەڕێزیان باسی هاتە سەر ئەوەی دوو شاعیری گەورە: عومەری خەیام و بابا تاهیر، زۆرترین وەرگێڕانی شێعریان بۆ کراوە لەناو شاعیرانی کورد. ئەوەی عومەری خەییام، شوکر بە کۆبەرهەم و تاک لە چەند شوێن چاپ بووە، بەڵان ئەوەی بابا تاهیر ماوە و دەکرێ وەک پڕۆژەیەک کاری لەسەر بکەین.

وەک دەزانین تاکوو ئێستا کەسانێک وەکوو: مامۆستایان پیرەمێرد، ئەحمەد موستەفا (دڵزار)، عیزەدین موستەفا ڕەسووڵ، سابیر سەعید شوکری (ڕازی)، موحەمەد موحەمەد ئەمین (کاکەی فەلاح)، ئەحمەد سەلمان (تاقانە)، عەلی کەماڵ باپیرئاغا (کەماڵی)، سدیقی بۆرەکەیی، مەلا موحەمەدی غەزایی، ناسری حیسامی، ڕەحیم لوقمانی، ئازاد بەرزنجی و ئازاد سەیدئیبراهیمی (هۆگر) ئەوەی بەناوی دیوانی بابا تاهیری هەمەدانی چاپ بووە، کردوویانە بە سۆرانی. ئەڵبەت مامۆستا باقی شەفیعی ئەو بە هەورامی وەریگێڕاوە. کاک کەماڵ لەبەر چەند هۆیەک ئەوەی مامۆستا ڕازی وەک بنەما هەڵبژارد و ڕەپاڵ ئەوەدا لە پەراوێزیش نموونەی وەرگێڕانی شاعیرانی دیکەی دانا. دیارە ئەمە بۆخۆی کارێکی گەورەیە لەو کۆکردنەوەیە. بە هەر حاڵ ئەم پەرتووکە دەتوانێ هەوڵێک بێ لە داهاتوودا کەسانێک بێن دیوانی بابا تاهیر بێ¬دەستکاری و فارساندن چاپ بکەنەوە.

لە وتاری بەردەست پاڵپشت بە سەرچاوە مێژوویەکان و توێژینەوەی پسپۆڕان پوختەیەک سەبارەت بە فەهلەویات و زمانی ئاخاوتن و شێعریی بابا تاهیری هەمەدانی باس دەکەین.

زمانی پەهلەوی و ناوچەی پەهلە و پێوەندی بە زمانی کورد

فەهلەوی لە وشەی پەهلە وەرگیراوە. یەکەم جار (المسالک و الممالک: ٢٣٠-٢٣٤ کۆچی) و (الفهرست: ٣٧٧ کۆچی) ئاماژەیان بە زمانی پەهلە و شێعری فەهلەویات کردووە. (دخویە، ١٨٨٩: ٥٧ و ئیبن نەدیم، ١٣٨١: ٢٢) قەیسی ڕازی (٦٣٠ کۆچی) دەڵێت: «زمانی ئەهلی عێراق [= هەرێمی جبال یا پەهلەییان] پەهلەوی بووە.» (شەمس، ١٣٣٦: ١٦٢). ئەبولمەجدی تەبریزی لە (سفینە تبریز: ٧٢١-٧٢٣ کۆچی) لە چەند شوێن باسی پەهلە و فەهلەویاتی کردووە: «جمع بلاد عراق را فهلوە [پهلە] می¬گویند و سخنان ایشان را فهلوی...». (دەستنووسی مجموعە حدودا ٢٠٠ رسالە، خطی ١٤٩٥٠، ژمارە قفس

١٤٥٩٠، کتێبخانەی مەجلس شووراى ئیسلامی¬-¬تاران، لاپەڕە: ٢٥٨ و ٥١٧) پاڵپشت بە کتێبی (ألتّنبیهُ و الإشراف: ٣٤٥ کۆچی) [لە بازنەی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا] زمانەکانی پەهلەوی، دەری، فارسی، خووزی و سوریانی بووە و لەناو ئەوانە پەهلەوی زمانی فەرمی و دیوانی پاشاکان دانراوە. هەروەها ئاخێوەرانی پەهلەوی لەم هەرێمانەدا ژیاون: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماه¬نەهاوەند، ئازەربایجان، ماسبذان، قۆم، بەسرە، سەیمەرە، ماه¬کووفە و کرمانشاهان.» (مەسعوودی، ١٣٣٨: ٧٤ و سەفا، ١٣٥٢: ١٤٢/١) ئیبن¬حۆقەل (٣٥٨ کۆچی) لەو بارەوە ڕوونکردنەوەی دیکەی داوە: «عبدالله بن مقفع گوید زبانهای فارسی [ایرانی] عبارت از پهلوی، دری، فارسی، خوزی و سریانی است. پهلوی منسوب است به پهله که نام پنج شهر است اصفهان، ری، همدان، ماه¬نهاوند و آذربایجان. و اما دری زبان شهرنشینان بود و درباریان با آن سخن می¬گفتند و منسوب بدربار پادشاهی است و از میان زبانهای اهل خراسان و مشرق زبان مردم بلخ در آن بیشتر است. اما فارسی زبان موبدان و علما و امثال آنان بود و مردم فارس با آن سخن می¬گفتند و خوزی زبانی بود که با آن شاهان و امیران در خلوت و هنگام بازی و خوشی با اطرافیان خود سخن می¬گفتند و سریانی زبان همگانی و نوشتن هم نوعی از زبان سریانی فارسی است». (ئیبن¬حۆقەل، ١٣٨١: ٢٢)

هاوشێوەی مێژوونووسان فیردەوسیش لە شاهنامە پەهلەوی بە زمانی فەرمی شاهان هێناوە:

نبشته من این نامەی پهلوی　　به پیش تو آرم مگر نغنوی
گشاده زبان و جوانیت هست　　سخن گفتن پهلوانیت هست
شو این نامەی خسروان باز گوی　　بدین جوی نزد مهان آبروی

هەروەها وەک زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز لە فارسی باسی کردووە:

نبشتن یکی نه، که نزدیک سی　　چه رومی، چه تازی و چه پارسی
چه سغدی، چه چینی و چه پهلوی　　ز هر گونەای کان همی بشنوی

لە ڕووی زانیاریانەکانی ئیبن¬حۆقەل وا دەرئەکەوێت دەری زمانی پاشاکانی لای بەڵخ و بوخارا و خۆراسان بووە. سەدەکانی دواتر بووە کە زمانی فارسی دەری هاتووەتە ناو پەهلەویەکان. بۆ نموونە لە توێژینەوەیەک پاڵپشت بە ناوەرۆکی سەرچاوە مێژوویەکان تا سەردەمی سەفەویە کە پایتەختی ئەو دەسەڵاتە چووەتە ئەسفەهان، زمانی ئەو شارە و دەوروبەری پەهلەوی بووە. بەرەبەرە گۆڕدراوە بە دەری. (بەرجیان حەبیب، ١٣٩٢: ٩٢) یا گۆڕانی زمانی ئازەری بۆ تورکی لای سەفەویەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی باپیرەگەورەی شائیسماعیل واتا جونەید هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ خۆشکی ئوزۆن حەسەنی ئاق¬قۆیۆنلووی تورکەمان و لەو ژنە حەیدەر لەدایک بووە. پاش کوژرانی جونەید، حەیدەر بووەتە جێنشینی باوکی و بەو شێوەیە زمانی بنەماڵەییان لە ئازەرییەوە بەرەو تورکەمانی [= تورکی] گۆڕاوە. دواتر حەیدەر هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ یەکێ¬تر هەر لەو بنەماڵە تورکەمانییە و شائیسماعیل لەدایک بووە. ئیتر بەو جۆرەیە زمانی دایکیی شای سەفەویە بووەتە تورکی و دیوانی شێعرەکانیشی هەر بە تورکی داناوە. (سەفا، ١٣٦٩: ١٢٩/٥- ٤٢٤/٥ و لێویس، ١٩٩٩: ١١)

ئەورۆکە میراتی زمانی پەهلەوی بۆ ئێمە ژمارەیەک پەرتووکە وەکوو: «خوەداینامەگ، زەند، پازەند، درەخت ئاسووریک، یادگار زەریران، کلیلەگ و دەمنەگ، شایست نەشایست، بۆندەهێشن، دینکەرت و ...» یا ژمارەیەک شێعری فەهلەویات یا کەتیبە و قەباڵەی کۆن. ئەگینا ئیدی زمانێک نەماوە بە ناوی پەهلەوییەوە بناسرێتەوە.

پرسیار ئەوەیە ئایا پەهلەوی تەنیا یەک زمان بووە؟ پاش گۆڕانی زمانی ئەسفەهان و تەورێز و هەمەدان و ... بە فارسی و زمانەکانی دیکە، ئەو پەهلەوییە چی لێ هات؟ یا دەتوانین بێژین ئەو زمانەی سەردەمی ساسانیەکان و چەند سەدەی دواتر کە بە پەهلەوی ناسراوە، تەنیا شێوەزارێکی فەرمی و پێوەر و ستانداردکراوی ناو شێوەزارەکانی ناوچەی پەهلە بووە؟ ئاخر ئەوەی لە مێژووودا سەبارەت بە پەهلە، پەهلەوی، پەهلەویان و فەهلەویات باسی دەکرێ تەنیا دەڕواتە بازنەی زمانی دیوانی دەسەڵات و سەبکی ئەدەبی شێعر و پەرتووکەوە. لە هەرێمی پەهلە لەو سەردەمە چەندین زمان لە ئارادا بووە وەکوو: ئازەری، وەلایەتی (شاری یا شارستانی)، ڕازی (کەرەجی)، گورجی، تاتی، خووزی، کوردی، [تەنانەت بەپێی هەندێ سەرچاوە] تەبەری، تاڵشی و مازەنی.

یەکەم جار (مروج الذهب: ٣٣٢-٣٣٦ کۆچی) ئاماژەی بە زمانی کوردی کردووە و نووسیویە: «کوردەکانی [جبال] چەند تیرە و هۆزێکن. هەرکام شێوەزاری کوردی خۆیان هەیە.» (مەسعوودی، ٢٠٠٥: ٩٦/٢) لە مێژوودا گەلێ لاپەڕە تەرخان کراوە سەبارەت بە زمانی کوردەکان، بەڵام وەک ئاماژە (احسن التقاسیم فی معرفة الاقالیم: ٣٧٥ کۆچی) باسی زمانی هەمەدان کردووە و بە «واتم واتوا» هانیویەتی. (مەقدەسی، ١٣٨٥: ٥٩٥) هەر دوو وشەکە هەورامین و بە زمانی ئیمڕۆ دەبێتە «وتم وتوو/وتت». وەک چۆن ئیستاکەش لە کوردەواری هاوشێوەی ئەو دەربڕینە هەیە: «ماچۆزوان [بۆ هەورامی] و ئەڕازوان [بۆ لەک و کەڵهوڕ]». کەواتە مەقدەسیش بە دەربڕینێ بازاڕی و عامیانە وتوویە: «هەمەدانی واتم¬واتوزوانن». دیارە دەستەواژەکە تەواو هەورامییە. ئەمە بۆخۆی سەرەداوێکی گرینگە بۆ شێوەزارێ وەکوو هەورامی لە هەرێمی هەمەدان. سەرەداوی دیکە بۆ دۆزینەوەی بەڵگاندنی «واتم واتوا» و پێوەندی لەگەڵ کوردی، شێعرێکە پێش ٩٨٢ کۆچی نووسراوە و لە توێی دیوانێکی دەستنووسی سەعدی شیرازی کەوتووە. ئەمیش لە ڕووی وشەکانیەوە بەڕوونی دیارە ئەو نیودێڕە کە بە ڕستەیەکی زمانی کوردی دانراوە، هەورامییە:

گه به ترکی گویدم هی¬هی کمنسد قلتبان　　قلتی بلتی می¬ندانم می¬زند چوبم به سَر
گه بتازی آستین بر من زند، گوید تعال　　گه به کُردی گویدم بوره هنی ورنا بوَر

(فیرووزبەخش، ١٣٩١: ٤٤٦-٤٤٨ و دەستنووسی ژمارە ١١٣٦ کتێبخانەی مەجلسی شوورای ئیسلامی¬-¬تاران، کلیات سعدی شیرازی، نووسراو لە ٩٨٢ کۆچی، کاتب: گیوشاه کمرەای) هەر سەبارەت بە زمانی خەڵکی هەمەدان سەیری گێڕانەوەکەی قەیسی ڕازی بکەین کە باسی لەحنی ئەورامەنە و بەیتی پەهلەوی ناوچەی هەمەدان و زەنگانی کردووە. (شەمیسا، ١٣٦٣: ١٦٢) ئەبولمەجدی تەبرێزی (٧٢١-٧٢٣ کۆچی) سەبارەت بە ئەورامەنان نووسیویە: «جمع بلاد عراق را فهلوه [پهله] می¬گویند و سخنان ایشان را فهلوی و قبیلەای بودند در همدان که ایشان را اورامنان گفتندی...

گویند اورامنان قبیله‌ای بودند در همدان...». (دەستنووسی سفینه تبریز: ٢٥٨ و ٥١٧). ئەوکاتە بیلادی عێراق/ عێراقی عەجەم بە جوغرافیای زاگرۆس و کوردستان تا لای هەمەدان و ڕەی و ئەسفەهان وتراوە. عێراقی عەرەب هەم بۆ جوغرافیای بەغداد و ئەو دەڤەرە دانراوە. حافیزی شیرازی لە شێعرێکی بەڕوونی ئەو دابەشکارییە جوغرافیاییە دەرخستووە:

عراق و فارس گرفتی به شعر خوش حافظ بیا که نوبت بغداد و وقت تبریزست

(شیرازی حافیز، ١٣٢٠: ٣٠) هەر لە سەردەمی ئەبولمەجدی تەبرێزی، ڕاڤەکاری قورئانی پیرۆز، ئیبن¬کەسیر (٧٠١-٧٧٤ کۆچی) لە تەفسیری ئایەتی ٢٢ سوورەی ڕۆم (وَ مِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَ الْأَرْضِ وَ اخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَ أَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) ئاوا باسی زمانە باوەکانی ئەو سەردەمەی کردووە: «و اختلاف السنتکم یعنی اللغات فهولاء بلغة العرب و هولاء تترلهم لغة اخری و هولاء کرج و هولاء روم و هولاء حبشة و هولاء افرنج و هولاء بربر و هولاء تکرور و هولاء هنود و هولاء عجم و هولاء صقالبة و هولاء خزر و هولاء ارمن و هولاء اکراد الی غیر ذلک.» (ئیبن کەسیر، ١٩٩٨: ٢٧٩/٦) لێرە ئاماژە بە زمانەکانی عەرەبی، مەغۆلی، گورجی [یا لەوانەیە کەرەجی]، ڕۆمی، حەبەشی، هێندی، فەرەنگی، بەربەری [ئەمازیغ]، تەکرۆر [سنێگاڵی و فولانی]، هێندی، عەجەمی [فارسی]، سەقالبە (ئیسلاڤ)، خەزەری (ڕووسی)، ئەرمەنی و کوردی کراوە. ئیبن¬کەسیر بۆ دەڤەری پەهلە تەنیا ئاماژەی بە گورجی و کوردی کردووە.

هەر سەبارەت بە کوردبوونی دەڤەری هەمەدان و زمانی کوردی مێژوو نکۆڵی نییە و دەیان بەڵگە هەیە. شاعیرێکی عەرەب (بکر ابن نطاح: ؟-٨١٥ کۆچی) لە شێعرێکی ئاماژەی بە ڕووداوێکی شاری نەهاوەند کردووە کە کوردی ئەو شارەیان دوور خستووەتەوە:

نفی الکُرد عن شعبی نهاوند بعدها سقی فرض القربان بالرفقات
واورد ماء البشر بالبیض فارتوت وعل رماحا من دمنهلات
ولم یثنه عن شهرزور مصیفها و ورد اجاج الشرب غیر فرات
و من همذان قارعته کتیبة فابت بطیر النحس النکبات

(بەکر بن نطاح، ١٣٦٢: ١١ و جەباری، ٢٠٢٤: ١٥٢) نەهاوەند یەکێ لە هەرێمەکانی پەهلە بووە. عەیدعاشقی نەهاوەندی ناسراو بە جەشنی (مردن: ٧٣٨ کۆچی) لە شێعرەکانی (بلاغة المراد فی طریق الاوراد) دە پارچە دووبەیتی (فەهلەوی) هەیە کە زمانەکەی تەواو ئامێتەیە لە هەورامی و لەکی. هەروەها سێ جار لە شێعرەکانیدا وشەی (ئەورامە - ئەورامەن) ی هێناوە:

(١)

دڵا ئەر عاشقی یارت یەکی وەس وە گەر ها دوو کونی یارت نەبوو کەس
نەسێحەت ڕایەگان ئەر ها پەزێزی هەر ئانکەش دڵ یەکی یارش یەکی وەس

(٢)

ئەز بە پەنهان مەبەروون ئەو خەزینە سافیش کەردەنان ئەورامەی سینە
مەنۆشوون جامێ مەی ئەز چە مەدینە ئەمن ئەورامەنی دی تو بوینە

(٣)

ئەزەو بازام ئەزەو بازام ئەزەو باز   کە گرد لامەکانم کەرد پەرواز

ئەهلێ ڕازام و ئەژ حەق مەکەروون ڕاز   نازەنینام وە ئەو حەق مەکەروون ناز

(٤)

ئەمن بە غەیب ئەوادی سرڕی لەولاک   شەرابو عاشقانم کەرد هەنناک

نوور موحەممەدم دە لامەکان دی   وەژان نوورم بەدی ئەورامەنی پاک

(موئەزەنی، ١٣٩٧: ٥٤ و جەباری، ٢٠٢٤: ١٥١-١٥٨ وەرگیراو لە دەستنووسی ژمارە ٦٦٥ – بلاغة المراد فی الطریق الاوراد: شێعرەکانی شاعیر لە کتێبخانەی سولەیمانییە بەشی حەسنوپاشا-تورکیە)

لە کەلامی یارسانەکان ئەرومەن بەواتای شاری هەمەدان هاتووە. کاتێ شاخوەشین عەزمی دیداری باباتاهیر کردووە بۆ هەمەدان بەم شێوە دواوە:

شا چەنی مێردان شاخوەشین پەسەن   جە ئەڵوەند کوو دا شی وە ئەرومەن

خەڵق هەمەدان ئامان وە پێشواز   سەر و ماڵ کەردن گیشت وە پایەنداز

شا واتش وە خەڵق خاران زاهر   وەعدەی مهمانیم وە یانەی تاهر

شاخوەشین خوەشنام قەدەم-ڕەنجە کەرد   تەشریف وە یانەی بابا تاهر بەرد

(تەبریزی کرندی: ٤٤)

هەر سەبارەت بە وشەی (اورامن) تاک¬دێڕی خوارەوە ئاماژەیە بەوەی کاتی خۆی هەورامان زیندانی ئەسکەندەری مەقدۆنی تێدا بووە:

سکندر بە هر کس غضب برگشود   اشارە بە زندان اورامن نمود

(لاپەڕەی لە دەستنووسی تاریخی شارەزوور – مەلا عەبدوڵا شەیدا: ١٢٦٢-١٣٢٥ کۆچی)

کەواتە دەتوانین ئەو شێوەزارە هەورامی یا لەکییە لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا بووە، بە «کوردی پەهلەوی» دابینین. وەک چۆن فارسەکان لە ڕیزبەندی مێژووی گۆڕان و گەشەسەندنی زمانەکەیاندا نەریتێکی وایان داهێناوە: فارسی باستان، فارسی میانە و فارسی امروزی. واتا زمانی شێعرەکانی باباتاهیری عوریان، پوورفەرێدوونی کوردیی شیرازی، جەشنی نەهاوەندی و هەندێ لە کەلامبێژانی دەورەی شاخوەشینی لوڕستانی بە کوردی پەهلەوی دابنین. ئەگەرچی دەمێکە ئەو شێوەزارە بە «کوردی گۆرانی» دانراوە، بەڵام ئەوە بزانین کە گۆرانی دەتوانێت بەو سەبک و شێوازە شێعریەی دەڤەرەکانی لەک، لوڕ، بەختیاری، کەڵهوڕ، کوردەلی، هەورامان، ئەردەڵان، هەوشار، بابان و [بەشێ لە] موکریان ئەژمار بکرێت. هەر بۆیە حاجی قادری کۆیی لە شێعرێکدا دەفەرمێ:

هەر لە شیرازەوە هەتا بابان   پاکی یەک نەزمە پێی دەڵێن گۆران

(حاجی قادری کۆیی، ١٣٩٠: ٢٢٣)

پرسیاری¬تر: دەی باشە ئەورۆکە وشەکانی «پەهلە» و «فەیلی» هێشتا لە جوغرافیای کوردەواری و زاگرۆسدا ماوە. پێوەندی ئەوان بە کوردی و پەهلەوییەوە چیە؟ ئایا بە لێکدانەوەی ئەو دوو وشەیە دەتوانین نزیک بینەوە لە ئەنجامێ بەڵگەمەند لەسەر کوردی پەهلەوی؟ هەر دوو وشەکە بە هەر دوو باری زمانی و بازنەی جوغرافیاییدا سوودی لێ دەبیندرێت. گەورە فەرهەنگی وشەدانی فارسی، دێهخودا سەبارەت بە (وشەی: پَهله) نووسیویەتی: «ئەو بەشەی وا سەردەمی یۆنانی کۆن بە (میدیا: ماد) ناسراوە، واتە هەرێمەکانی ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهـ¬نەهاوەند، ئازەربایجان و دینەوەر، [سەردەمی ساسانیەکان] بە پەهلە ناسراو بووە.» پێش ئینقلابی ١٣٥٧ پەهلە ناوی شارۆچکەیەک بوو لە شارستانی دێلوڕان. دواتر ماوەیەک ناوەکە کراوەتە «زەڕین¬ئاوا». دیسان لەم ئاخرانەوە کراوەتەوە بە پەهلە. (ڕەزمارا، ١٣٣١: ٧٩/٥ و بێ¬ناو¬-¬ستاد بازسازی و نوسازی مناطق جنگزده، ١٣٧١: ٢٧) بۆ دەستخستنی زانیاری لەو بارەوە، لەگەڵ بەڕێز نامدار جابری دانیشتووی شاری دێلوڕان، نووسەری کتێبی (چەوگلە ئەنجیری: کوومەڵە چیروکە کوردی پەهڵەیی) وتووێژێکم کرد. ئەو بەڕێزە باسی لەوە کرد کوردی پەهڵەیی هەندێ جیاوازی هەیە لەگەڵ لەکی و کەڵهوڕی. ئەگەر لەکی وەک بنەمایەک دابنین، لەسەر ئەو بنەمایە کاریگەری گۆرانی و کرمانجی بەرچاو هەیە کە بووەتە کوردیی پەهڵەیی. خەڵکی ناوچەکانی دێلوڕان و ئاودانان و دەرەشار بەو پەهڵەییە دەئاخڤن. بەڕێز فەرزانە سەحرایی خەڵکی دێلوڕان، نووسەری کتێبی (هانایێ پەهڵە) هەم باسی لەوە کرد جاران بەساڵاچووانی دەڤەرەکە بەو شێوەزارە کوردییەیان ئەگوت: «پاڵەیی» و تیرە و هۆزێ کە بە پاڵەیی قسەیان دەکرد لە ژێر ناوێکی گشتی «کوردەلی» دەناسران.

خاڵی دیکە باسی وشەی فەیلییە. دیارە ئەم وشەیە عەرەبیکراوی پەهلەیە. دیسان لە وشەدانی دێهخودا لە (وشەی: فَیلی) نووسراوە: «١- یەکێ لە هۆزە قەشقاییەکانی ئێران کە لە ناوچەی شیراز نیشتەجێیە. ٢- دانیشتووانی دەڤەری گاماسیاو و دۆڵی سەیمەرە و ئەبریز. ٣- گوندێکی بچووکە لە ناوچەی هندیجانی شارستانی خورەمشەهر». ئەورۆکە کوردی فەیلی لە وڵاتی عێراق و باشووری کوردستان خەڵکێکی ناسراون. لە دەستوور و یاسای دەوڵەتی عێراقدا سەربە نەتەوەی کورد دانراون. فەیلییەکان پتر لە شارەکانی مەندەلی، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکووک، بەغدا، کووت، عەمارە و بەسرەدا دەژین. بەهۆی ژمارەی دانیشتووانیان، ساڵی ٢٠١٩ لە پارێزگای واسیت¬-شاری کووت کوردانی فەیلی بوون بە خاوەنی یەک کورسی لە پارلەمانی عێراقدا. [بڕوانە: ویکیپیدیای کوردی، وشەی فەیلییەکان، ١٤٠٣/٠٧/١٧] جیا لە بابەتی زمانی، فەیلی وەک پاشناوی میرانی دەسەڵاتدار لە جوغرافیای لوڕستان و ئیلام لە مێژوودا دەبینرێن. سەردەمی سەفەویەکان جگە لە حکوومەتی ناوەندی، دەسەڵاتداریی وڵات خاوەنی چوار میرنشینی سەرەکی لوڕستان، کوردستان، گورجستان و عەرەبستان بووە. (میرزا سەمیعا، ١٣٦٨: ٤) لوڕستان و ئیلام و بەشێک لە کرماشانی ئیستە لە بازنەی میرنشینی لوڕستاندا بووە. بە فەرمانی شاعەباسی یەکەم (٩٩٥-١٠٣٨ کۆچی)، سوڵتان حوسێنی فەیلی کوڕی شاڕۆستەم کراوەتە میری لوڕستان.

(ئەسکەندەر بەیگی مونشی، ١٣٧٧: ٧٤٣/٢) بەم شێوەیە پاشناوی میرانی فەیلی لوڕستانی لە جێی ئەتابەکانی لوڕ دەرکەوتووە و سەرجەم هۆز و تیرەکانی دانیشتووی لوڕستانیش بە «طوایف فیلی» ناسراون (ئەمانوڵاهی، ١٣٧٤: ٨٢ و مورتنسن، ١٣٧٧: ٧٠) بە لوڕ و بەختیاری و لەک و کوردەلی و کەڵهوڕەوە. سەردەمی قاجاڕ دەسەڵاتی فەیلیەکان دەکرێ بە دوو بەشی «پشتکوو: ئیلام و لای ڕۆژاوای چیای کەویرکۆ» و «پیشکوو: لوڕستان و لای ڕۆژهەڵاتی کەویرکۆ». (ئیمام شووشتەری، ١٣٣١: ١٦٧) واتا میرنشینی فەیلی لە لوڕستانەوە بەرەو ئیلام دەگوازرێتەوە و بە «والیانی فەیلی پشتکوو» دەناسرێت. مەودای ئەم دەسەڵاتە ساڵەکانی ١١٧٥-١٣٠٨ هەتاوی/ ١٢١٠-١٣٤٧ کۆچی بووە. (یەعقووبی، ١٣٩٩: ٣٤-٥٢ و ئەفشار، ١٣٧٢: ١٥٥-١٥٩)

فەهلەویات و لەحنی ئەورامەن

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، سەرچاوە مێژووییەکان هەر لە سەدەی ٣ و ٤ کۆچی (المسالک و الممالک - الفهرست) باسی شێعری فەهلەوی هەرێمی پەهلەیان کردووە. (جامع الالحان عبدالقادر مراغەایی: ٨١٨ کۆچی) کە لەسەر هونەر و مۆسیقا و هۆنراوە نووسراوە، بەشێکی لە ژێر ناوی (المجلس الثالث و الثلثون في العربیات و الترکیات و الفهلویات و السایر الألسنة) هێناوە. ئەو پەرتووکە فەهلەویاتی تەنیا بە شێعری لای هەمەدان داناوە. (غولامی سالومە، ١٣٩٩: ٦٨)

ڕیشەی سەبکی فەهلەویات دەگەڕێتەوە بۆ گات و یەسنەکانی زەردەشتی. زمانی ئایینی زەردەشتی ئاڤێستا بووە. ئەویش هاوشێوەی پەهلەوی لەحنی خاوەنی ئاواز و سترانی خۆی بووە. گات و یەسنەکان لەسەر کێشی بڕگەیی¬-¬ژمارەیی و کێشی عەرووزی بەحری هەزەج و مەشاکل دانراون. بەشی عەرووزییەکەی زیاتر لەسەر کێشی (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل) و هەندێ (فاعلاتن مفاعیلن مفاعیل)، (مفعولاتن مفاعیل مفاعیل) و (مفاعلتن مفاعیلن مفاعیل) بووە. بەپێی توێژینەوە و بۆچوونەکانی بەهار لە کتێبی (سبک¬شناسی) هەر دوو بەحری هەزەج و مەشاکل لە گەنجینەی عەرووزی عەرەبییەوە وەرنەگیراون و کێشی ڕەسەنی ناوچەکەیە. کێشی گاتاکان جۆراوجۆرە: ١١، ١٢ و ١٦ بڕگەیی لە فۆرمی سێ بەیتی، دوو بەیتی، چوار بەیتی و پێنج ¬بەیتی (بەهار، ١٣٥١: ٤٠ و عەلیزادە خەیات، ١٣٩٧: ٩١-٩٢)

بۆ ڕوونبوونەوەی کێشی بڕگەیی جۆراوجۆر لە خوارەوە چەند نموونە شێعری فەهلەوی هاتووە:

١)فەهلەوی ٧ و ٦ بڕگەیی – لاواندنەوەی دایکانە:

دەس من مارمزووکانە   دەرمان بان دڵانە
یا شێخ ئیسێ، شێخ مووسێ   نزای بۆ بنووسێ

١ هۆنراوەیەکی لاواندنەوەیە. منداڵی ساوە کە تووشی ناوسکێشە دەبێ، دایکەکە لەسەر کۆشی ڕایدەکێشێ و بەنەرمی دەست بە سکیدا دێنێ و ئەم شێعرە دەخوێنێتەوە. [زانیاری: گوندی باقلاوا، ناوچەی کەڵاتەرزان – سنە]

هاوشێوەی ئەمە لە گاتاکانی زەردەشتدا هەیە. بۆ نموونە: گاتی یەکەمی یەسن سێ-بەیتیە. هەر بەیت (دێڕ) ١٦ بڕگەیە؛ واتە ٧ بڕگە لە باڵی (مصرع) یەکەم و ٩ بڕگە لە باڵی دووەم. گاتی دووەم پێنج-بەیتیە. هەر بەیت ١١ بڕگەیە؛ ٤ بڕگە لە باڵی یەکەم، ٧ بڕگە لە باڵی دووەم و دووبارە باڵی پێنجەم ٧ بڕگەییە. (عەلیزادە خەیات، ١٣٧٩: ٩١)

١)فەهلەوی ٧ بڕگەیی

وتووێژی شێعری فەقێ تەیران و مەلایێ جزیرێ:

سەلاما من حەقیرێ　　سەدەفەک د ڤێ تێ کن
ئیرۆکە ل جزیرێ　　هەقە کو ل مەلێ کن
هلاکن ژ دەربا تیرێ　　دەرمان دڤێ کو لێ کن

(سادینی خالید، ٢٠٢٠: ١٦٣)

هۆنراوەی فۆلکلۆریی منداڵان:

هەتۆڵ مەتۆڵ تەکامە　　زەرد و سوور و شەمامە
سڵێمان قارِ دەنگی زاڵ　　چۆپی کێش پاتە هەڵکێش

ملوانکەی شین:

پاش ئەوەی کە خۆر هەڵدێ　　پرشنگ بخاتە نێو دێ
خوێندەواران دێنە دەر　　ڕێی مەکتەب دەگرنە بەر

(حوسەین-پەناهی شەریف، ١٣٥٧: ١١)

٢)فەهلەوی ٨ بڕگەیی

دیوانی سەیدی هەورامی:

کاتێت زانا گێرەم قارە　　پێسەو مووسای عەسام شارە
ژیوارم کەرد زرێبارە　　نێشات ئەر پەی تۆم پەی نارە

(کاردۆخی، ١٣٨٥: ١٦٨)

زەمبیل-فرۆشی فەقێ تەیران:

ئەی دل وەرە دسا ب جۆش　　جارەک ژ جاما مەی بنۆش
بکم قیسسەتا زەمبیل-فرۆش　　دا سەە بکن حیکایەتێ

(سادینی خالید، ٢٠٢٠: ٣٩٩)

کێشێکی باوی بەیت و گۆرانیە فۆلکلۆریەکانی کوردییە. فەقێ تەیران دیارە بەیتە فۆلکلۆریەکەی زەمبیل-فرۆشی دیسان لەسەر هزر و هەستی خۆی دارِشتووەتەوە و ئاوێتەی باری ئایینی کردووە.

١چەند منداڵ لە ڕیزی یەک پێیان ڕاکێشاوە و یەکیان لەلایەکەوە ئەو هۆنراوەیە بەپێی ژمارەی منالّەکان سێ چوار یا پێنج جار دەخوێنێتەوە. لە جاری کۆتاییدا (چۆپی کێش پاتە هەڵکێش) بڕگە بڕگە دەخوێنێتەوە و هەر بڕگە دەست لەسەر لاقێک دادەنێ. بڕگەی (ـشە) گەیشتە سەر هەر لاقێک، ئەو لاقە هەڵیدەکێشێ. ئەم کایە هێندە دووپات دەکرێتەوە تا یەکێ لەوانە هەر دوو پێیەکەی هەڵکێشێ، ئیتر ئەوە براوە دەبێ. [زانیاری: گوندی باقلاوا، ناوچەی کەڵاتەرزان – سنە]

١)فەهلەوی ١٠ بڕگەیی
ترکەمیر ئازادبەخت:

ترکەمیر نە ترک نە عەرەو لەفزم   کورد کەم-سەواد حافزولحفزم

(ساڵحی، ١٣٨٠: ٧٢)
یۆسف یاسکە:

یاسِکە یاوا، یاسِکە یاوا   بای شەماڵ نامەت یاوناو یاوا
عەرزەی ناڵانت تەوەن پێ تاوا   پەردەی دەروون پێی شەق بی شکاوا

(سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٢٦-٣٢٨ و مورادی، ٢٠٢٢: ٧٠)
مامۆستا گۆران (هۆنراوەی گۆرانی):

عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی   بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی...
سِیاچە-مانە، سِیاچە-مانە   بەهەشتی عەشقە ئەو هەورامانە

(گۆران عەبدوڵا، ١٣٨٦: ١٢٠)

٢)فەهلەوی ١١ بڕگەیی – هێمن موکریانی:

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم   دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزی دەچم ئەگەرچی وردم   خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

(هێمن، ٢٠٠٨: ٤٢٠)
٣)فەهلەوی ١٢ بڕگەیی - تەبەری:

مِن کە بَمینە مرِ بَورین مِە دیما   اونجە بَورین روزی هزار بار شیما
محمد معراج رفتن   مِە مار کە بِمو دونِە مِە خاک کِدیما

(هومەند، ١٣٧٢: ٦٦ – عەلیزادە خەیات، ١٣٩٧: ١٠٠)

٤)فەهلەوی ١٣ بڕگەیی - گیلەکی:

چاک بِزنِم دیَوانِوار چند جا دامان   آوارە بِبام بِە تی عشق من جە گیلان
تی شیوە و ناز و گفتار و باریک میان   تو واکِتە نو هر دم می دل داغان

(شەمیسا، ١٣٦٣: ٢٧١)
هەتا ئیستەش زۆربەی هۆنراوەکانی خۆماڵی زمانەکانی کوردی و گیلەکی و مازەنی لەسەر هەمان کێشی بڕگەیی دادەڕێژرێنەوە. گۆرانیە ڕەسەنەکانی کوردی وەکوو سیاچەمانە، سۆزی شێخانە، دەرەیی، سەحەری، چەپڵە، هۆرە، مۆرە، لاوک، حەیران، بەرتەونانە، مەشکەژەنانە، لایەلایە و بەند ئەوانیش کێشی بڕگەیی جۆراوجۆریان هەیە. پەوکێ زۆرینەی ئەوانە دەکەونە بازنەی فەهلەویاتەوە. لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا هەتا سەرەتای ١٠٠٠ کۆچی شاعیران و هۆنەرانی قوتابخانەی شێعری گۆرانی (هەورامی) سەرجەم لەسەر کێشی خۆماڵی (فەهلەوی) ١٠ بڕگەیی و هەندێ ٨ بڕگەیی شێعریان داناوە؛ بۆ سەلماندنی ئەمە بڕوانە کەلامەکانی دیوانە گەورە، دیوانی مەلا پەرێشانی دینەوەری، دیوانی شێخ موستەفا تەختە، بێسارانی، مەولەوی و تاد. یەکەم شاعیر کە ئەو ڕێچکەیە شکاند و لەسەر کێشی

ئەبولمەجدی تەبرێزی زۆر بەجوانی دەریخستووە سەبکی شێعری فەهلەویات چییە. فەهلەویاتی دووبەیتی بە «ئەورامەنان»، سێ تا شەش بەیتی بە «شەروەینان» و پتر لە شەش بەیتی بە «شەبستان» ناساندووە. سەبارەت بە ئەورامەنان نووسیویە: «گویند اورامنان قبیلەای بودند در همدان. زن و مردانشان همه عاشق بودەاند و در عشق مردە و اورام محبوب ایشان بود...». (دەستنووسی سفینە تبریز: ٥١٧)

پاشان قەیسی ڕازی سەبارەت بە شێعر و ئاوازی هەمەدان [کوردەکان] و زەنگان [ئازەریەکان]، باسی کێشی لەحنی ئەورامەنی لە بەحری (هزج مسدس محزوف)دا کردووە. دەڵێت: مەنزوومەکانی خەسرەو و شیرینی نێزامی گەنجەیی و وەیس و ڕامینی فەخرەدین گورگانی بەو لەحنە ئەورامەنیە هۆندراونەتەوە. هەروەها باسی ئەوە دەکات ئەو لەحنە فۆرمێکی ژەنیاری و گۆرانیبێژی زمانی پەهلەوی ئەو ناوچەیە: «کافە اهل عراق را از عالم و عامی و شریف و وضیع بە انشا و انشاد ابیات فهلوی مشعوف یافتم و بە اضغا و استماع ملحونات آن، مولع دیدم. بلکە هیچ لحن لطیف و تالیف شریف از طرق اقوال و اغزال دری و ترانەهای معجز و دستان-های مهیج اعطاف ایشان را نمی-جنبانید و دل و طبع ایشان را چنان در اهتزار نمی-آورد کە:

لحن اورامن و بیت پهلوی زخمە رود و سماع خسروی»

(شەمیسا، ١٣٧٣: ١٦٢)

بەو زانیاری و ڕوونکردنەوەی ئەبولمەجدی تەبریزی و قەیسی ڕازی دەڵێی باسی مێژووی لەحنەکانی ئەوڕۆی سیاوچەمانە و هۆرە و مۆرە و حەیران دەگێڕنەوە.

وشەکە لە (نامەهای عین-القضات همدانی: ٥١٢-٥٢٥ کۆچی) بە «اورامە، اوراما»، لە (سفینە تبریز) «اورامنان و اوراما» و لە دیوانی (جەشنی نەهاوەندی) بە شێوەی «اورامە و اورامن» هاتووە. (مونزەوی عەلینەقی، ١٣٦٣: ٢/١٦٨-١٧٣-٣٧٤ و دەستنووسی سفینە تبریز: ٢٥٨-٥١٧-٦٦٨ و جەباری، ٢٠٢٤: ١٥١-١٥٨)

ملک-الشعرای بەهار (ملحونات وزن هزج مسدس)ی بە هەمان (گلبانگ پهلوی و بیت پهلوی و پهلوانی) داناوە. (بەهار، ١٣٣٧: ١/١٧) واتە: «تێکەڵبوونی ئاوازی سترانیی پەهلەوی بە سەما و ساز تایبەتمەندی فەهلەویاتەکانە.» دکتۆر موحەمەدپوور یەکێ لە توێژەران و نووسەرانی ناسراوی هەورامان لە بواری ئەدەبیاتدا لە کتێبەکەی بەشی (اورامن: ملحونات فهلوی، گونەی دیگر شعر هجایی هورامی) بەم شێوەیە لەسەر وشەی ئەورامەن دواوە: «لەسەر هەمان لەحنی ئەورامەنی کە قەیسی ڕازی باسی کردووە، زۆربەی توێژەران هاتوونەتە سەر ئەوە کە ئەورامەن دەبێتە سەبکی هەورامی لە گۆرانی کوردی. ئەمە ڕیشەی بۆ قووڵایی مێژوو دەگەڕێتەوە. ئەوڕۆکە تەنیا تاقمێکی کەم لە گۆرانیبێژانی کورد کە ئەوانیش سینەبەسینە لە باب و باپیرانیان پێیان گەیشتووە، کەس-تر لەو سەبک و ئاوازە ئەورامەنیەدا کارامە نییە. کەواتە وشەی ئەورامی ڕەگێکی ئاڤێستایی هەیە و لە دوو وشەی (هو: هۆ) واتا خۆش و (رامی) بەواتای ستران و ئاواز پێک هاتووە. ئەم وشەیە لە فارسی دەری بە (خُورَمی - خُرَمی) ئاماژەی پێ کراوە.» (موحەمەدپوور، ١٣٩٢: ٣٤-٣٧)

شاعیرانی کۆنی فارس هەم باسی ئەو ئاواز و بەیتە پەهلەویەیان کردووە:
مەسعوودی سەعد (٤٤٠-٥١٥ کۆچی):

بشنو و نیکو شنو نغمەی خنیاگران **بپهلوانی سماع بخسروانی طریق**

(فەرهەنگی دێهخودا، وشەی: پهلوانی سماع)
حافێزی شیرازی (٧٢٧-٧٩٢ کۆچی):

بلبل ز شاخ سرو به گلبانگ پهلوی **می¬خواند دوش درس مقامات معنوی**
یعنی بیا که آتش موسی نمود گل **تا از درخت نکته توحید بشنوی**
مرغان باغ قافیه سنجند و بذله‌گوی **تا خواجه می خورد به غزل¬های پهلوی**

(شیرازی حافێز، ١٣٢٠: ٣٤٥)

دەتوانین هەم لە ڕووی وێکچوونی وشەی (ئەورامەن، ئەورامین، ئەورامەنان، ئەوراما و ئەورامە) و ڕێکخستنی سەما و سترانی لەحنە پەهلەویەکە، و جوغرافیای گێڕانەوەکەی قەیسی ڕازی و ئەبولمەجدی تەبرێزی، لەو ئەنجامە نزیک بینەوە کە ئەورامەن هەمان شێوەزاری هەورامییە کە ئیستە لە کوردستاندا ماوە (عەلیزادە خەیات، ١٣٩٧: ٨٩). وشەکە گۆڕان و سوانی بەسەردا هاتووە تا گەیشتووە بە «ئەورامان» و «هەورامان». سەیدی هەورامی هەم لە شێعرەکانی لە باسی زێدیی هەورامان وشەکەی بە «ئورۆمۆن» هێناوە. (کاردۆخی، ١٣٨٥: ٢٠) تەنانەت سەردەمی سەفەویە هەم ناوی هەورامان لە بەڵگەنامەکاندا بە «آورمان/ آوَرمان/ اُورمان: ئەورمان/ ئەورەمان/ ئورمان» هاتووە. (سوڵتانی هەورامی، ١٣٨٦: ١١٩٩-١٢١٥ و ئەدوایی، ١٣٩٥: ٧٥-٩٤) دواتر بەرەبەرە وشەکانی «اورامان» و «هورامان» بوونەتە باو. کەواتە ئەو دەستەواژانە لە درێژایی مێژوودا ڕووبەڕووی گۆڕان و سوان بوونەتەوە. بەم شێوەیە سەبارەت بە «لحن اورامن»، پێوەندی بە فەهلەویاتی دووبەیتی باباتاهیر و هەورامی، گومانێ نامێنێتەوە کە جیا بێت لە هۆزی هەورامی یا هەمان کوردانی هەورامان. بەگشتی لە بازنەی ئاوازی کوردیدا ئەو کەسەی گۆرانی بە دەنگی خۆش و ساز، [واتا لەحنی ئەورامەنی] وێکڕای سەما دەخوێنێتەوە، بە گوورانیچڕ، گۆرانی¬واچ یا سترانبێژ دەناسرێتەوە. شێعری گۆرانیەکان لە پێشدا هەموو لەسەر کێشی خۆماڵی فەهلەویات بووە. هەر لە ڕووی ئەوە کە هۆزی گۆران سەرەتا لەگەڵ شاخوەشین لە ناوچەکانی لای لوڕستان بوون و دواتر بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاو بوونەتەوە، شێوەزاری ئەوان ئەو هەورامییە بووە کە لە هەرێمی پەهلە بە لەحنی ئەورامەن ناسراو بووە. دواتر لەحنی فەهلەویاتەکەیان گۆڕدراوە و ناوەکەی بووەتە گۆرانی، بەهۆی شێوەزاری هۆزی گۆرانەکانەوە. بۆیە دەبینین لە دیوانی شاعیرانیشدا شێعرە فەهلەویاتەکان هەر بە گۆرانی ناسراوە:

- ١ بۆ نموونە بڕوانە نووسراوی سەر کێلی مەزاری یەکێ لە بنەماڵەی سانەکانی هەورامان کە لە گۆڕستانی ئاوایی باقلاوای ناوچەی کەڵاتەرزانی سنەیە: بقاء الله. هذا قبر المرحومه المغفوره المبروره زلیخا خانم بنت المرحوم بهرام سلطان اورامان متوفی فی سنه الف و مائه واحدی و تسعین ١١٩١ (موردای ئیرەج، ٢٠١٩: ٥-٣)

سەید عەبدوڵا بڵبەری:

فێقهی شافعیم کەرد بە گۆرانی تا زاناش زومرەو کوردی زوانی

(حوسەینی، ١٣٩٧: ٢١٠)

دیوانی دەستنووسی سەید ساڵح مایدەشتی:

لسان کوردیم کەلام حەققەن واتە من کەلام حەق موتڵەقەن...

من کورد عاشق مەست خەرابم توو وە عەرەبی مەدەی جەوابم...

خەرقەی سووزانی پیر نوورانی ماوەردم وە نەزم لەفز گۆرانی

کەشکۆڵی دەستنووس (سید صالح ماهیدشتی – نسخە کتابخانەی ملی – شمارە کتابشناسی ١١٢٠٣٥٧): لاپەڕەکانی ١٤، ٢٩ و ٨٨

مێعراج-نامەکەی فەقێ قادری هەمەوەندی:

هەر چەند بێ حەددەن سیەر نەبی هەم بە فارسی، هەم بە عەرەبی

جاهێلان کورد بێ حەد و حیساب نمەکەن تەفهیم بە فارسی کیتاب...

کێشانم تەسدیع پەری هامدەمان کەردم تەرجۆمە بە لەفزی گۆران

(مودەڕس، ١٩٨٠: ٣١)

مەحموود پاشای جاف هەم لە کەشکۆڵەکەیدا (١٢٨٢ تا ١٣٣٦ کۆچی) لە چەند شوێن ئەو شێعرانەی بە گۆرانی داناوە:

...این سە فرد گورانی مرحوم مولوی بە خاطرم آمد موافق حال خودم بود از بالا نوشتم... از تاریخ سنە ١٢٨٩ فصل بهار برای جومال و پاشیدن دنین و نهرهای شهرزور بە کرآباد بودم. کاک احمد نزدم آمدە بود این پنج بیت گورانی کە از بالا نوشتم-ام گفت... این گورانی ولی با گورانی سوال و جواب بیسارانی و یوسف [یاسکە] نوشتە شد از تاریخ سنە ١٣٠٩ از ضامن کوە شمیران... (حەبیبی، ١٤٠٠: ٢٨٨ و ٣٣٨ و ٤٠١).

خاڵێکی-تر ئەوەیە زمانی کەلام و سەرەنجامی یارسانەکان هەر بەو کوردیی گۆرانیەیە و هەتا ئیستەش شێعری دەورەکانی شاخوشین و باوا ناوسی سەرگەتی تا دەگاتە دەورەی پردیوەر و دواتریش لەسەر هەمان کێشی پەنجەیی خۆماڵی (فەهلەوی دە بڕگەیی) دانراون.

سەبارەت بە کێشی فەهلەویات و غەزەلەکانی بابا تاهیری عوریان پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، بەداخەوە ئەو فەهلەویاتە لای کاتب و ناسخ و ساغکەرەوەکان زۆر دەسکاری کراون و بە لای زمانی فارسیدا گۆڕدراون. مامۆستا مەحیەدین ساڵحی کە بۆخۆی خەڵکی لای جوانرۆیە و شارەزا بە هەورامی و لەکی و لوڕی، و ساڵانێک لە ناوچەی لوڕستان مامۆستای قوتابخانە بووە لە کتێبی (سرود بادیە در احوال شعرای کرد و لک و لر) لە سێ پارچە شێعردا زۆر بە جوانی کێشی شێعرەکانی بابا تاهیری نیشان داوە. واتا لە ڕووی ئەو دێڕە عەرەبی و کوردییە بەئاسانی کێشی شێعرەکانی بابا تاهیر دەر ئەکەون: (ساڵحی، ١٣٨٠: ٣١١)

وَ فی الاَهزاجِ تَسهیلُ، مَفاعیلٌ مَفاعیلُ:

الهی اگر بواجم ور نواجم **تو دونی حاجتم را موچه واجم**
اگر بنوازیم حاجت روا کن **و گر محروم سازی موچه ساجم**

(بابا طاهر همدانی)

له کوورەی هەڵگڕاوی ئاورینا **وجوودی من هەموو سووتا له تینا**

[مەلا مەحیەدین ساڵحی]

أَلاَ هُبِّي بِصَحْنِكِ فَاصْبَحِيْنَا **وَ لاَ تُبْقِي خُمُوْرَ الأَنْدَرِيْنَا**

[عمرو بن کلثوم: ٢٣ – ٩٩ کۆچی]

بابا تاهیری هەمەدانی کێ بوو؟

ئەلف: کەسایەتی قەلەندەری و سۆفیگەری بابا تاهیر

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بابا تاهیر له لاپەڕەکانی مێژوودا بەهۆی کەسایەتی سۆفیانه و کتێبی (کلمات القصار) و فەهلەویاتەکانیەوه بووه. بەتایبەت جۆری تایبەتی ژیانی واتا سۆفی، قەلەندەر، عەوداڵ و ڕند.

دکتۆر شەفیعی کەدکەنی پێی وایه (کشف المحجوب هجویری: ٤٦٥-٤٦٩ کۆچی) یەکەم سەرچاوەیه باسی باباتاهیری کردووه. لەوێ ناوی به (ابوطاهر مکشوف) واته (عُریان) هاتووه (هجویری، ١٣٨٤: چل و یەک و شەفیعی کەدکەنی، ١٣٨٦: ٢٦٣). کتێبی-تر (أمالي ابن الشجري: ٥٢٤ کۆچی) له چەند شوێن باسی «ابوطاهر بن عبدالکریم بن عبدالواحد بن محمد الحسنابادی مکشوف الراس» کردووه و به «ابوطاهر، مکشوف الراس و شیخ الصوفیه در اصفهان» ناوی هێناوه (ئیبن الشجری، ١٤١٢ کۆچی: ١/٣٥٠)، سەمعانی (مردن: ٥٦٢ کۆچی) له (کتاب الانساب: ذیل مدخل الحسنابادی) ئاماژەی به «ابوطاهر مکشوف الراس» و باپیرانی کردووه و سەبارەت به کوڕی ئەبووتاهیر نووسیویه: «من بیت التصوف و الحدیث» [= سەر به بنەماڵەیەکی ئەهلی تەسەووف و فەرموودەناس بوون.] و ئەو کوڕەی ٤٨٤ کۆچی مردووه. هەروەها سەبارەت به کەسایەتی ئەبووتاهیر نووسیویه: «کان من المعروفین بالخصال الحمیدة و الخلاق المرضیة». (سەمعانی، ١٣٨٢ کۆچی: ١٥٨)

بۆچوونی کۆتایی کەدکەنی لەسەر ئەوەیه ئەبووتاهیری «ابوطاهر مکشوف/ مکشوف الراس» [سەرڕووت یا به واتای-تر ڕووت: عوریان] و بابا تاهیری هەمەدانی یەک کەس بوونه. جا لەوانەیه نازناوی (عُریان) [= ڕووت] لەمەوه به سەریدا بڕاوه.

هەندێ-تر له توێژەران باسێکی دیکه دەکەن و دەڵێن (ابوطاهر جصاص همدانی) [ئەبووتاهیری گەچکار] و بابا تاهیری هەمەدانی یەک کەس بوون. (پوورجەوادی، ١٣٩٧: ٥١-٥٧) ئەویش پاڵپشت به ئاماژەیەک له کتێبی (لطائف الاذکار للحضار و السفار: ٥١١-٥٦٦ کۆچی) که سەبارەت به مەزارگه و گۆڕستانەکانی هەمەدان نووسیویه: «در آن خاک بزرگان بسیاراند و مقدم ایشان طاهر گچگر است – رحمه الله علیه – صاحب کرامت ظاهر.» (ئیبن مازه، ١٣٩٢: ١٣٦)

یەکەم جار ئازەربیگدلی شاعیر و تەزکەرەنووس لە کتێبی (آتشکدە آذر: نووسراو لە ١١٧٤-١١٩٣ کۆچی) سەبارەت بە نازناوی (عریان) نووسیویە: «عریان اسمش بابا طاهر دیوانەایست از همدان و فرزانەایست همەدان.» (ئازەربیگدلی، ١٣٣٧: ٥٣) ئەڵبەت لە دیوانەکەیدا شێعرێک هەیە کە باباتاهیر باسی ڕووتی خۆی دەکا کە لەبەر ئەوین و سەوداسەریی ژیانی جەستە و تەنی خستۆتە هەڵدێرەوە. ئەویش سەرەداوێکە بۆ باری قەلەندەری و نازناوی بابا تاهیری عوریان: نەزونم لووت و عوریانم کە کەردە خو د ە م
جەلاد و بێجونەم کە کەردە
بدە خەنجەر کە تا سینە کونەم چاک ببینەم عەشق بەر جونەم چە کەردە
(دەستگردی، ١٣٤٧)
یا کاتبی کەشکۆڵی ژمارە ٤١١٨ لە ئەرشیڤخانەی نەتەوەیی بەرلین (لاپەڕە ٤٩) لە تاک¬دێڕێکی فارسیدا ناوی بابا تاهیری بە عوریان و قەلەندەر هێناوە:
(طاهر عریان) قلندر فارغ هر دو جهان پای همت بر سر دنیای پر غوغا شدیم

عەینەلقوزاتی هەمەدانی لە نامەکانی (٥١٧-٥٢٠ کۆچی) لە چەند شوێن ناوی باباتاهیری هێناوە و مەزارەکەی بە پیرۆز و نەزەرگەی خاسان داناوە:
-اگر تو خواهی کە بدان نیت کە من زیارت طاهر و فتحە کنم تو نیز زیارت کنی، بتوانی کە نیت تو درخور علم تو بود و نیت من درخور علم من. (عین القضات، ١٣٧٧: ٢٧/١)
-از برک – قدە- شنیدم کە طاهر گفت کە مردمان می¬آیند و ریش خود را بە افسوس ما فرا می-دارند، پس افسوس می¬برند و بە ریش خود می¬دارند. (سەرچاوەی پێشوو: ٤٥)
-فتحە می¬گوید – رحمة الله علیە- هفتاد سال است تا می¬کوشم مگر ارادت در حق طاهر درست کنم، نمی¬توانم. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٥٨)
-ای عزیز این نبشتە هم بر تربت طاهر نبشتم، روز شنبە. (سەرچاوەی پێشوو: ٣٥١)
-و امروز استخارت کردم در فرستادن آن بر تربت فتحە و هم تربت طاهر. و خاطر بر این قرار گرفت کە چیز دگر نویسم تا در آنجا اشکالی کمتر نماید. (سەرچاوەی پێشوو: ٤٣٣)
کتێبی (جستجو در تصوف ایران) لەو نامانە زانیاری وەرگرتووە، نووسیویە: «(شیخ فتحە، شیخ برکە و بابا طاهر) سێ عارفی هەمەدانی سەردەمی (عین القضات) مەزاریان لەو شارە جێ زیارەتکاران بووە و بە گڵکۆی پیرۆز ئەژمێردراون.» (زەڕین¬کووب، ١٣٥٧: ١٩٣)
ڕاوەندی لە (راحة الصّدور و آیة السّرور: نووسراو لە ٥٩٩ کۆچی) ڕۆخسارێکی دیارتری لە بابا تاهیر دەرخستووە:

١ هەمان (ڕووت) و بێ¬بەرگ

«شنیدم که چون سلطان طغرل بگ به همدان آمد از اولیا سه پیر بودند: بابا طاهر و بابا جعفر و شیخ حمشا. کوهکی است بر در همدان، آنرا خضر خوانند. بر آنجا ایستاده بودند. نظر سلطان بر ایشان آمد. کوکبه لشکر بداشت و پیاده شد و با وزیر ابونصر الکندری پیش ایشان آمد و دستهاشان ببوسید. بابا طاهر پاره‌ای شیفته‌گونه بودی. او را گفت ای ترک با خلق خدا چه خواهی کرد؟ سلطان گفت آنچه تو فرمایی. بابا گفت آن که خدا می¬فرماید: آیه «إِنَّ اللّٰهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْإِحْسَانِ». سلطان بگریست و گفت چنین کنم. بابا دستش بستد و گفت از من پذیرفتی؟ سلطان گفت آری. بابا سر ابریقی شکسته که سالها از آن وضو کرده بود در انگشت داشت، بیرون کرد و در انگشت سلطان کرد و گفت مملکت عالم چنین در دست تو کردم. بر عدل باش. سلطان پیوست آن در میان تعویذها داشتی و چون مصافی پیش آمدی آن در انگشت کردی.» (ڕاوەندی، ١٣٦٤: ٩٨-٩٩)

لە ڕووی گێڕانەوەکەی ڕاوەندی وا دەرئەکەوێت باباتاهیر تا ٤٤٧ کۆچی (ساڵی گەشتی توغرۆڵی سەلجووقی بۆ هەمەدان) لە ژیاندا بووە. ئەوکاتە پیاوێکی پوختە و پیر و کامڵ بووە. پاش ئەوە مردووە. (ڕەجەب¬زادە، ١٣٧٥: ٣٠)

پاشان حەمدوڵای مستەوفی لە (تاریخ گزیدە: ٧٣٠ کۆچی) لە بەشی (ذکر مشایخ) ئاماژەی بە بابا جەعفەری هەمەدانی و بابا تاهیری هەمەدانی وەک شێخ و پیر و عارفی ئەو شارە کردووە (ڕەجەب¬زادە، ١٣٧٥: ٣٨)، بەڵام ئەم مێژوونووسە لە (نزهة القلوب: ٧٤٠ کۆچی) کە ئاماژەی بە مەزاری بابا تاهیر وەک یەکێ لە مەزارە پیرۆزەکانی شاری هەمەدان کردووە، بە (باباطاهر دیوانە) ناوی هێناوە. (مستەوفی، ١٣٣٦: ٧٩) ئەم مێژوونووسە دیارە گێڕانەوەکەی ڕاوەندی سەبارەت بە باباتاهیر (شیفتەگونە) پێ گەیشتووە کە (دیوانە) ی بە پاشناوی داناوە.

کەواتە تا ئێرە زانیمان بابا تاهیر وەک سۆفی و زاهیدێک بە نازناوەکانی (هەمەدانی، عوریان، دێوانە [یا لەوانەیە گەچکار]) و قەلەندەر ناسراو بووە. هەروەها هەڵسوکەوتی دەروێشانە و دێوانە¬ئاسای و سیمای سەرڕووتیی سیفەتی بەرچاوی بووە لەناو خەڵکی ئاساییدا، بەڵام لای ئەهلی باتین و دانا بەدڵنیاییەوە خاوەن کەسایەتی و پێگەی بەرز و باڵا بووە. ب: بابا تاهیر وەک شاعیرێکی سووتەدڵ

یەکەم جار لە دەستنووسی ژمارە ٢٥٤٦ لە مۆزەخانەی شاری قۆنیە (وڵاتی تورکیە) ناوی وەک شاعیر دەرکەوتووە. ئەو دەستنووسە ساڵی ٨٤٧ کۆچی نووسراوە و لە دوو لاپەڕەدا ٢٦ دێڕ (بەیت) شێعری بابا تاهیری تێدایە. لە سەردێڕی لاپەڕەی یەکەم نووسراوە: «قدوة العارفین بابا طاهر همدانی علیه الرّحمه فرماید» و لە کۆتایی دەستنووسەکەدا هاتووە: تمام شد کتاب ... امیر محمود بن یمین بتوفیق الله رب العالیمن علی ید اضعف عباد تعالی المولی بهاالدین بن السعید المغفور المسرور تاخ الدین حاجی حسن بن علی الحافظ الکتاب المسمی فی غره رمضان المبارک یوم الاثنین سنه سبع اربعین و ثمانائه [٨٤٧] هجریه نبویه. (مینوویی، ١٣٣٥: ٥٥ و غولامی سالومە، ١٣٩٩: ٧٨-٧٩).

نوسخەیەکی¬تر لەم شێعرانە لە ئەرشیفی کتێبخانەی مەجلسی شووڕای ئیسلامی¬-¬تاران (ژمارە بایەگانی ٩٠٠) هەیە کە پێکەوە لەگەڵ نوسخەکەی قۆنیە بۆ بەراورد و ساغکردنەوە تەواوکەری یەک دەبن. ئەم نوسخەیە داگری شێعری کۆمەڵێ شاعیرە تا سەرەتای سەدەی ٨ کۆچی. مێژووی نووسینەکەی یا هاوسەردەمی نوسخەکەی قۆنیەیە یا پێش ئەو نووسراوە. (تووسی، ١٣٣٧: ١-١٦) هەروەها لە دەستنووسی (جامع الالحان عبدالقادر مراغەای: ٨١٨ کۆچی) دووبەیتیەکی فەهلەوی بە ناوی (بابا حافظ الهمدانی) هاتووە. (غولامی سالومە، ١٣٩٩: ٦٨) ئەم فەهلەوییە بە هەندێک جیاوازییەوە لە دەستنووسەکەی قۆنیە (دێڕی ٢٠-٢١)دا هەیە:

الف کز کاف و نونش ست بَبر کرد **همه هامان کیانش اوج ور کرد**

اج ودرده بریم بویان بروان **آتش از ساوه امن انداژه ور کرد**

[نوسخەی جامع الالحان]

اَلِف گَژ کاف و نُونش سَر بَبر گَرد **هَمَش هامان گهان اَو لاجور کرد**

آنکِش اَد آفِرِی گردُون گردان **آنِش اَد ساتُ و مَن أنداجه ار کرد**

[نوسخەی قۆنیە]

ئەمە جێی تێڕامانە حەمدوڵای مستەوفی (٦٨٠-٧٥٠ کۆچی) لە هەر دوو کتێبی (تاریخ گزیده و نزهة القلوب) ناوی زۆر شاعیری ناسراو و کەم¬ناسراوی هێناوە یا قەیس ڕازی لە کتێبەکەی کە فەهلەویاتی گەلێ شاعیری ئەو سەردەمەی داناوە، شاعیری وای هێناوە کە تا ئیستە تەنیا ئەو کتێبە ئاماژەی پێ کردووە، بۆچی ئاماژەیان بە بابا تاهیری هەمەدانی وەک شاعیر نەکردووە؟

ئەوەی تا ئیستە دەرکەوتووە پاش نوسخەکەی مۆزەخانەی قۆنیە و کتێبخانەی مەجلس، لە کۆتایی دەستنووسی (خلاصة الاشعار و زبدة الافکار - تقی¬الدین محمد حسینی ذکری [:١٠١٦ لە ژیاندا بووە]) بە ژمارە ٢١٨ لە کتێبخانەی گشتی خودابەخشی وڵاتی هیندوستان، چەند شێعری باباتاهیر هاتووە. ئەو کتێبە داگری شێعری کۆمەڵێ شاعیری لای مازندەران، گیلان، کاشان، ئەسفەهان، هەمەدان و ناوچەکانی¬ترە. دواتریش عەلیقولی خان والە (١١٢٤-١١٧٠ کۆچی) لە (ریاض الشعرا) ژمارەی¬تر فەهلەوی و دووبەیتی¬تر بە ناوی باباتاهیرەوە بڵاو کردۆتەوە. (بڕوانە: دەستنووسی ژمارە ٩٠٠، تذکره شعراء - کتابخانەء مجلس شورای ملی - تاران) بەم شێوەیە بەرەبەرە بەناوی بابا تاهیرەوە ژمارەی شێعرەکان زۆرتر بوون و شێعری شاعیرانی دیکەیش ڕەپاڵ ناوی خراوە. بۆ نموونە لە کتێبی (آتشکدۀ آذر، لوتفعەلی بەگ ئازەری بیگدلی: کۆکراوە لە پێش ١١٨٥ کۆچی) ژمارەیەک لەو شێعرە گوماناویانە بە ناوی باباتاهیرەوە هاتووە. (ئازەربیگدلی، ١٣٣٧: ٥٣)

لە کۆی گشتی شێعرەکانی باباتاهیر لە چەند شوێن خۆی بە (سوتەدل: دڵسووتاو) ناساندووە. دەکرێ ئەم سیفەتە جوانە وەک نازناوی پەسەندیدەی شاعیر بخەینە بەرچاو. (مەعدەن¬کەن، ١٣٨٢: ١٢٥)

بوره سوته‌دلان گرد هم آییم سخن وا هم کریم غم وا نماییم
ترازو آوریم غم¬ها بسنجیم هر آن سوته‌تریم سنگین-تر آییم
(ده‌ستگردی، ١٣٤٧: ٣٧)
سحرگاهان فغان بلبلانه به یاد روی پر نور گلانه
ز آه مه فلک آخر حذر که اثر در ناله سوته‌دلانه
(سه‌رچاوه‌ی پێشوو: ٥١)

پ: له‌دایکبوونی باباتاهیر

یه‌که‌م که‌س که به‌چڕی له‌سه‌ر ژیانی ئه‌و که‌سایه‌تیه، نووسیویه؛ ڕه‌زاقولی خانی هیدایه‌ت بووه. ئه‌و نووسه‌ره ١٢٨٤ کۆچی (مجمع الفحصا)ی له دوو به‌رگدا داناوه. له به‌رگی یه‌ک شاعیرانی جوغرافیای ئێرانی تا سه‌ده‌ی ٨ کۆچی هێناوه، له‌وێ باسی بابا تاهیری هه‌مه‌دانی کردووه: «نام شریفش بابا طاهر است از علما و عرفای عهد دیالمه بوده است و صاحب کرامت و مقامات عالیه و این که او را معاصر سلاطین سلجوقیه دانسته‌اند، خطاست. وی از قدمای مشایخ است معاصر دیالمه بوده و در سنه ٤١٠ بوده، قبل از عنصری و فردوسی و اقران ایشان رحلت نموده...». (هیدایه‌ت ته‌به‌رستانی، ١٣٣٩: ٨٤٥)

میرزا مه‌هدی خانی که‌وکه‌ب، ساڵی ١٩٠٤ [١٢٨٣ هه‌تاوی] وتارێکی له گۆڤاری ئاسیایی به‌نگاله له‌سه‌ر باباتاهیر نووسیوه که شێعرێکی کردووه به سه‌رچاوه و به‌پێی حیسابی ئه‌بجه‌د ساڵی ٣٢٦ کۆچی بۆ له‌دایکبوونی داناوه:

مو آن بحرم که در ظرف آمدستم چو نقطه بر سر حرف آمدستم
به هر الفی الف قدی برآیه الف قدم که در الف آمدستم
(مینۆرسکی، ١٣٠٧: ٥٧٤ و بۆره‌که‌یی، ١٣٦٠: ٥)

دواتر ڕه‌شید یاسه‌می بۆچوونی ڕه‌زاقولی خان و میرزا مه‌هدی خانی ڕه‌د کردۆته‌وه و ده‌ڵێت به‌پێی گێڕانه‌وه‌که‌ی (راحة الصدور) ده‌بێ دوای ٤٤٧ بێت نه‌ک ٣٢٦. (ڕه‌شید یاسه‌می، ١٣٠٨: ٦٧-٦٨) موراد ئه‌وره‌نگ که توێژینه‌وه‌یه‌کی به‌ربڵاوی له‌سه‌ر دیوانی باباتاهیر کردووه په‌یجۆری ژێده‌ری شێعری سه‌ره‌وه بووه. [سه‌رده‌می ده‌وڵه‌تی په‌هله‌وی] له که‌شکۆڵی (ژماره ١٤٨ کتێبخانه‌ی سپهسالار)دا که ساڵی ١٢٧٦ کۆچی نووسراوه و ئه‌ویش له که‌شکۆڵێ¬تر (نووسراو له ١٢٤٩ کۆچی) وه‌رگیراوه، ئه‌و شێعره سه‌ری هه‌ڵداوه. واتا مێژووی ئه‌و شێعره هی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یه و نالکێ به باباتاهیره‌وه. (ئه‌وره‌نگ، ١٣٥٠: ٢٣١) ئه‌زکایی دواتر سه‌رنج ده‌خاته سه‌ر سه‌رجه‌م ئه‌و بۆچوونانه و ساڵی ٣٩٠ و ٣٩١ کۆچی بۆ له‌دایکبوونی باباتاهیر و دووبه‌یتیه‌که‌ی سه‌ره‌وه‌ش به هی مه‌لا موحه‌مه‌د سۆفی مازه‌نده‌رانی داده‌نێت. (ئه‌زکائی، ١٣٧٥: ١٢٥) ڕه‌جه‌ب¬زاده له توێژینه‌وه‌که‌ی ئاماژه‌یه‌کی داوه: «مولفی دیگر، با استفاده از متون و نوشته‌های اهل حق به تعیین زمان زندگی بابا طاهر پرداخته است. در این متون دوره زندگانی شاه¬خوشین لرستانی بین سالهای ٤٠٦ تا ٤٦٧ ه.ق تعیین شده و از ملاقات شاه¬خوشین و بابا طاهر سخن به میان آمده است.» (ڕه‌جه‌ب¬زاده، ١٣٧٥: ٢٨-٢٩)

ئەگەرچی ئەو بەڕێزە ناونیشانی سەرچاوەکەی نەداوە، بەڵام وەک دیارە ئەوەی لە کتێبی (دووبەیتیەکانی باباتایەری هەمەدانی- سدیق بۆرەکەیی) وەرگرتووە. (بۆرەکەیی، ١٣٦٠: ٥)
بەم حاڵەوە کە لە سەرەوە باسمان کرد، ئەنجامێکی ڕاست و ڕوون دەرنەکەوت کە باباتاهیر ساڵی ژیان و مردنی کەی بووە، بەڵام مێژووی شاخوشین دەتوانێ سەرەداوێکی دیکە بێت کە نزیکمان بکاتەوە لە ئەنجامێکی بەڵگەمەند و دروست.

ج: دیداری لەتەک شاخوشینی لوڕستانی

خوەشین (یکی از اُمرای کُرد) لە سەرچاوە مێژووییەکان یا شاخوەشین لە سەرچاوەکانی ئەهلی هەق، هەر دوو لە ناوچەی ئیستەی لوڕستاندا ژیاون. «شا» و «میر» لە مێژووی ناوچەکەدا بۆ هەر دوو باری دینی و دەسەڵاتداری هەندێ کەس بەکار هاتووە. بەپێی خوێندنەوەی سەرچاوەکان میرخوەشین و شاخوەشین هەر دوو لە سەروبەندی ژیانی باباتاهیردا ژیاون. لە شەڕی بەدری حەسنەوی، گۆرانەکان بوون کە میرخوەشین ڕزگار دەکەن و بەدر دەکوژن. هەتا ئیستەش وەک دەزانین گۆران ناوی دیکەی ئەهلی هەقەکانە. تەنانەت ئەهلی هەقی تورکی لای تەورێز و ماکۆ و [خۆی و میاندواو] (کەسرەوی، ٢٠١٦: ١٢١) یا ساداتی ئەهلی هەقی تووشامی لای دالاهۆ هەم بە گۆران دەناسرێن. (سەنجابی، ١٣٨٠: ١٨) ئەڵبەت ئەوە بزانین یەکەم جار (مسالک و ممالک: ٣٠٠ کۆچی) ناوی گۆرانی [بە شێوەی عەرەبی جورقان] بە ناوی هۆزێکی کورد هێناوە. (ئیبن خورداذبە، ١٩٩٢: ١٤) دواتر لە (التنبیە: ٣٤٥ کۆچی) هۆزی کوردی گۆرانی [بە شێوەی عەرەبی جورقان و جابارقە] لەپاڵ هۆزە کوردەکانی-تر وەکوو جاوان [گاوان یا جاف]، شازەنجان، لوڕ و بەرزیکان هاتووە کە لە ناوچەکانی جیبال نیشتەجێ بوون. (مەسعوودی، ١٨٩٣: ٨٩) پاشان (مجمل التواریخ: ٥٢٠ کۆچی) بە شێوەی فارسی (گوران)ی وەک هۆزێکی کورد هێناوە. (بێ-ناو، مجمل التواریخ و القصص، ١٣١٨: ٤٠١-٤٠٢) هەروەها ئیبن--ئەسیر کاتێ ڕووداوەکانی ٤٢٣ کۆچی دەگێڕێتەوە شاپوورخواست [خورەماوای ئیستە] بە یەکێک لە ناوچەکانی کوردانی گۆران داناوە. (ئیبن-ئەسیر، ١٩٧٩: ٤٩٥/٩) واتا سەردەمی شاخوەشینی لوڕستانی [= خوەشین مەسعوودی کوردی] و باباتاهیری هەمەدانی دەڤەری لوڕستان و دەوروبەر شوێنی کوردەکان بووە. (اللباب فی تهذیب الانساب: ٦٣٠ کۆچی) بۆ دانیشتووانی ناوچەی

١ بەڕێز دێهقان لە توێژینەوەکەی لەسەر یارسان سەبارەت بە ئامۆژگاری پیرێکی ئەهلی هەق لە ناوچەی دالاهۆ کە فێری تەموورەژەندن و خوێندنی کەلام بن. لەو نامە کوردییە ئاماژە بە ناوی خەڵکی گۆران کراوە وەک تاقمی یارسانی داڵەهۆ: «بسم الله الرحمن الرحیم سبحانک اللهم یا مبدع الاصوات و النفوس باضوانها و انوارها. بزانن کە خولام خداون دو عالم حاتم اوشی: یان چن قصە لە کلام بنیامین کە ارا خلق گوران و اوان کە تمیرە و دس گرن نوسم. بزانن کە تمیرە بازان و دو قسمنڵ یکی عوامن و یکی خواص. هردگیان تمیرە خاص بزانن ولیک عوام هر و دسلات جسمان بکتن. تمیرە و زوال جسم بیدنگ نود و خواصن کە جسمان بیزوال بود. دوا خواص تمیرە باز یعنی اوانە کە دنگ تمیرە و مدد دل و نە دس دیاری بکن. یەنە دنگی بویە دنگ دین حق سلطانە یە دنگ ملائک و هفتن و یارانە. علم موسیقی و کلام الهی سلطان و هفتن و معرفت الهی واتە اوانە کە گشت و نو اصواتە حاصل بیە. دوا یە عالم اصلی طریقە و دینمانە کە خواص زانن و او موسیقی کە عوام زانن لە دین ایمە نیە. و اخر قصمیش بزانن کە موسیقی کە بیکلام سلطان بو هر کاخذی چرمینە کە ننو سیاس. کاتی و گرد کلام دینمان و دسلات روحانی نقش بکن ارزشی چو خزینە اسرار سلطان دری و اگریش و گرد قصی سلطان نقش بکن ارزشی دون لە اگر سزانن نیری. قد وقع الفراغ من کتابة هذه النصیحه الشریفه سنه ١٢٢٩.» (دێهقان، ٢٠٢٢: ١٦٨-١٦٩)

حەڵوان [قەسری شیرین و سەرپێل زەهاو و خانەقین و جوانرۆی ئیستە] نووسیویە کوردەکانی گۆران لەوێش نیشتەجێن. (ئیبن-ئەسیر، ١٤١٤ کۆچی: ٣٠٧/١) ئیتر لەو سەردەمەوە کەسانی هەڵکەوتە لە گۆرانەکان بە پاشناوی (کوردی گۆرانی) ناسراون: احمد بن محمد الکردی الگورانی (سەدەی ٩)، شیخ ابراهیم بن حسن شهاب-الدین کردی گورانی (١٠٢٥-١١٠٣)، شیخ محمد ابوطیب بن شیخ ابوحسن کردی گورانی (١١٦٧ کۆچی) و... (شەمس، ١٤٠٢: ١٤٢) کەواتە لە ڕووی ئەم بەراورد و وێکچوونە مێژووییانەوە ئیتر هیچ گومانێک نامێنێتەوە کە شاخوەشین ناسراو بە (موبارەکشا، هەزار یا هەزارسوار) کە لەناو گۆرانەکاندا وەک کەسایەتیەکی ئاییني سەر بە ڕێبازێکی دیاریکراو یا وەک دەسەڵاتدارێکی خاوەن سپا (نۆسەد نۆسەد: بە وتەی ناوەرۆکی کەلامەکان) بۆ ڕاکێشانی سۆفییەکی مەجزووب وەکوو باباتاهیر بڕواتە هەمەدان.

بۆ ناسینی خوەشین سەرەتا دەچینە ناو سەرچاوە مێژووییەکان:

«پس اندر سنه خمس و اربعمایه بدر حسنویه را با خوشین مسعود کارزار افتاد به کنار سپیدرود و شمس-الدوله به یاری بدر همی رفت و چون بشنید که بدر خوشین را به هزیمت کرد، از راه باز گردید و بدر خوشین را حصار همی-داد. پس گورانان با هم سوگند خوردند که بدر حسنویه را بکشند و پیش بدر از ایشان کس نزدیکتر نبود و هیچ کس را بر ایشان این گمان نبرد و ناگاه دست به زوبین کردند و بر بدر رها داشتند و گویند خیمه بدر طنابش ببریدند و دست به بزوبین کردند و بدر حسنو کشته شد. بر جایی که آنرا کوشخد خوانند بر کنار سپیدرود و او را بمشهد علی دفن کردند و او را زیارت کنند. چون شمس-الدوله آگاه شد سوی شاپورخواست رفت چندان نعمت خزینه بدر آورد که آنرا کرانه نبود و هلال پسر بدر اندر زندان بگریخت و بجانب بغداد رفت... چون پیش هلال بردندش بدست برزیکانان بازداد تا بکشتندش و بعد به اسدآباد آوردندش بتربه. پس چون بدر از همه جوانب معاونت یافت و گورانان بیامدند او از در بیرون آورد و با هلال حرب کرد... -و هر چند برزیکان را بیافت بفرمود کشتن و تخم ایشان اندک مایه بود و گورانان را برکشید و این حادثه در ماه ربیع-الاول بود سنه احدی و اربعمائه...» (مجمل التواریـخ و القصص، ١٣١٨: ٤٠١-٤٠٢)

-«فی هذه السنة قتل بدر بن حسنویه امیر الجبل: و کان سبب قتله انه سار الی الحسین بن مسعود الکردی لیملک علیه بلاده فحصره یحصن کوسجد. فضجر اصحاب بدر منه لهجوم الشتاء. فعزموا علی قتله فاتاه بعض خواصه و عرفه ذلک، فقال: فمن هم الکلاب حتی یفعلوا ذلک و ابعدهم فعاد الیه فلم یاذن له فقال من وراء الخرکاه: الذی اعلمتک قد قوی العزم علیه فلم یلتفت الیه و خرج فجلس علی تل فثاروا به فقتله طائفه منهم تسمی الجورقان و نهبوا عسکره و ترکوه و ساروا فنزل الحسین بن مسعود فراه ملقی علی الارض فامر بتجهیزه و حمله الی مشهد علی لیدفن فیه ففعل ذلک. و کان عادلا کثیر الصدقة و المعروف کبیر النفس عظیم الهمة. و لما قتل هرب الجورقان الی شمس-الدولة ابی طاهر بن فخرالدولة بن بویه فدخلوا فی طاعته. و کان طاهر بن هلال بن بدر هاربا من جده بنواحی شهرزور، فلما عرف بقتله بدر یطلب ملکه فوقع بینه و بین شمس-الدولة

حرب فاسر طاهر و حبس و اخذ ما كان قد جمحه بعد. ان ملك نائبا من ابیه هلال و كان عظیما و حمله الی همدان و سار اللرّیه و شاذنجان الی ابی-الشوک فدخلوا فی طاعته.» (ئیبن ئەسیر، ١٣٨٥ کۆچی: ٢٤٨/٩) - «...بدر در سال ٤٠٥ هـ با یکی از امرای کُرد به جنگ پرداخت و چون نبرد و محاصرەای امیر کُرد با زمستانی سخت مصادف شد لشکریان بدر به تنگ آمده و قصد جان وی کردند، او را بکشتند و خیمه بدر را به یغما بردند. ولی امیر کُرد جسد او را به مشهد علی جهت دفن فرستاد.» (سیستانی، ١٣٧١: ٣٥٢)
-نووسەری (تاریـخ جهان-آرا عباسی) ئاوای گێڕاوەتەوە: «در سال ٤٠٥ هجری بدر به محاصرەی قلعەی کوسجد رفته، حسین بن مسعود الکردی را که یکی از امرای کرد بود محصور گردانید... بالاخره طایفه جوزقان قصد ار کردند و خیمه و خرگاهش را به یغما بردند و حسین بن مسعود جسد وی را به مشهد علی [نجف] جهت دف فرستاد.» (قەزوینی، تاریـخ جهان-آرا، ١٣٤٣: ١٦٨)
-«بدر بن حسنویه بعد از پدر بحکومت رسید و چناچه از دیوان بغداد او را ناصرالدوله لقب نهادند و او از دینور تا اهواز و خوزستان و بروجرد و اسدآباد و نهاوند از قلاع و جبال و صحاری آنجا را در تصرف داشت. آخر در سنه خمس و اربعمایه بر سر قلعه کوسجد رفته. حسین بن منصور آنجا را محاصره کرده و چنان زمستان صعب روی داد که لشکرش هر چند خواستند که ترک محاصره نمایند تمکین نداد. آخر از جوزقان (من الاکراد یسکون اطراف حلوان) قصد او نموده و بالضروره فرار کرد.» (بدلیسی شەرەفخان، ١٣٧٣: ٣٩-٤٠)
-ئیبن نەدیم کە ساڵی ٣٧٧ کۆچی لە نووسینی کتێبی (الفهرست) لێ بووەتەوە لە بەشی (از کتاب الفهرست در اخبار علماء و نام کتابهایی که تصنیف کردەاند مشتمل بر اخبار مجبره و بابیه حشویه و نام کتابهای آنان) باسی (حسین بن گوران) کردووە کە لەسەر بیر و ڕێبازی (مجبره) بووە و یەکێ لە موتەکەلمانی جەبریە بووە. (ئیبن نەدیم، ١٣٨١: ٣٣٥-٣٣٧) ئەوەی لەو گوزارشانەدا دەرکەوت شەڕی بەدری حەسنەوی و هیلالی کوڕی بوو لە ساڵی ٤٠٠ کۆچی. بەدر ساڵی ٤٠٥ هێرشی کردووەتە سەر خوەشین مەسعوود (حوسەین کوڕی موسعوودی کوردی) یەکێ لە میرانی کورد لە قەڵای کووسجەد لە کەناری چۆمی سپیدڕوود لە ناوچەی شاپوورخواست [خوڕەماوای ئیستە]. سپاکەی بەدر گەمارۆی قەڵاکەی خوەشین ئەدەن، بەڵام تووشی زستان و سەرمایەکی سەخت دەبن. خێڵی گۆرانەکان لەناو سپاکەی بەدر هەڵدەگەڕێنەوە لە بەدر و هەڵدەکوتنە سەر خێوەتەکەی و دەیکوژن. چونکە ئەو خێڵە هاوەڵ و یاری خوەشین مەسعوود بوونە. ئینجا خوەشین کە ڕزگاری دەبێ، تەرمی بەدر ڕەوانەی نەجەف دەکا کە لای مەزاری حەزرەتی عەلی بینێژن. بەپێی ئاماژەی ئەو سەرچاوانە، سپیدڕوود دەکەوێتە ناوبەندی هەمەدان و نەهاوەند و قەسرولسووس [کەنگاوەر]. واتە دەبێ هەمان چۆمی گەورەی گاماسیاو بێت کە لە پشتی نەهاوەند سەرچاوە دەگرێ و بەرەو لای کەنگاوەر و بێستوون و کرماشان دەڕواتەوە. لەناو ئەهلی هەقدا وا باوە شاخوەشین کەوتووەتە ناو گاماسیاو و لەوێ خنکاوە. (تاهیری، ١٣٩٩: ٧-٤٢) جیا لەوە شاخوەشین وەک مەزار و شوێنەوار لە چەند شوێن

لە جوگرافیای ناوچەکەدا هەیە: «ئەشکەوتی شاخوشین (چیای یافتە لای شاری خورەماوا)، گوندی باوەخوشین لای دەربەندیخان، مەزاری شاخوشین لە چیای کۆساڵان و نەزرگەی شاخوشین لە سەراوی گاماسیاو لە داوێنی چیای گەروین.»

کەواتە ئەوەی ئیستاکە لەناو ئەهلی هەقدا ناوی بە شاخوشین (ناسراو بە: موبارەکشا، هەزار و [هەزارسوار]) ماوەتەوە، جیا لە پێگەی ئایینیەکەی، کاتی خۆی یەکێ لە میرانی دەسەڵاتی کوردی حەسنەویەکان بووە. توێژەرانی دیکەش هاوڕان لەسە ئەم سەرنج و بۆچوونە کە خوشین مەسعوودی سەردەمی حەسنەویەکان و شاخوشینی لوڕستانی یەکێ لە پیرانی ئەهلی هەق یەک کەس بووە. (ئیزەدپەنا، ١٣٧٦: ١٤٦/١ و سوڵتانی، ١٣٨٢: ٢٦/١ و ئەزکایی، ١٣٦٧: ١٥٠) بە هەر حاڵ ئەم چەند دێڕە مێژووییە لە ناساندنی ئەمیر [شا]خوشین دەتوانێت دەستمان بگرێت بۆ پێناسەی بابا تاهیری هەمەدانی.

مەلا عەبدوڵای شەیدا لە (تاریخ سلاطین هورامان) کە باسی نەوەدونۆ پیری هەورامانی کردووە باسی پیرموحەمەدی نەهاوەندی لە هەواری هانەی سەردی کۆساڵان و پیر موحەمەد ناسراو بە باباخوەشین [لە هەواری پیربالێنانی کۆساڵان] و سەید موحەمەد ناسراو بە سەید ئەڵوەندی کوڕی باباتاهیری هەمەدانی کردووە کە ئەمانە لە دەوری پیرشالیار کۆ بوونەتەوە و تەریقەتیان وەرگرتووە:

«پیر محمد در کوسالان می¬باشد در هانەی سرد. چون از ولایت نهاوند چند نفری با خود آورده به عزم زیارت حضرت پیرشهریار تا به کوسالان رسیدند... پیر شهریار مرشدی اغلب پیران هورامان است ذکر شد و پیر محمد که به باباخوشینی مشهور است گویند او هم سید است و سید الوندی بسید محمد مشهور است. گویند از اولادەی باباطاهر همدانی می¬باشد در دهکده در پای الوند ساکن می¬بود تا وقت که خواب دید. در خواب به خدمت حضرت پیرشهریار رسید. چون بیدار شد با خانه کوچ و اهل و عیال به طرف کردستان رو نهاد تا به هورامان رسید. چون به قریه سلین آمد پیر خبر داد که فردا شخص عزیز مرا مهمان است. چند نفری فردا به استقبال بروند. چون فردا روز روشن شد چند نفری به استقبال وی فرستاد و چون به دوتفلە رسید حضرت پیر هم خودش به استقبال او تشریف برد و او را داخل شهر هورامان نمودند. بعد از مدتی سید محمد عرض نمود که مرا جای معین مرحمت فرمایند که تا به خاطری جمع و حال آسوده بگذرانیم و گوشەنشینی بنماییم. حضرت پیر برای تابستان وی شلیرانی مرحمت فرمود که ملک اصل وی است اسم او پیرشهریاری می¬بود به مرور ایام شلیرانی گشت و برای زمستان او ویسیان را عطا فرمود. آن هم ملک حضرت پیر می¬باشد. گویند سید محمد الوندی در صنعت حدادی استاد و نهایت مهارت داشته...». (شەیدا مەردۆخی، ١٣٨٣: ٩٤-٩٧) باخ و هەواری شلێرانی هەتا ئیستەش ماوە و دەکەوێتە پشتی شاخی پیرڕۆسەم و خوارووی هەوارەکان لە نێوان هەورامانی تەخت و ئاوایی دەرەکێ.

دیسان بۆ سەلماندنی باباتاهیر بە ڕێبازی هزری شاخوەشین، لە شێعرێکی باسی حاڵ و دەروونی خۆی دەکا کە داوای لێ کراوە تارێک بژەنێت بۆیان، [هاوشێوەی ئیستەی نەریتی جەمخانەکان کە بە تەموورەوە کەلامی پیران بخوێنێ و خەڵکی پەند دابدات]. ئەم دێڕە

بەرەو دڵنیابوون لە ڕێبازەکەی باباتاهیر و شاخوشین نزیکمان
دەکاتەوە کە ئەو سۆفییە مەجزووبە ئاشنای ئەو سازە ڕۆحانییە بووە:

دلی دیرم چو مُرغ پا شکسته **چو کشتی بر لب دریا نشسته**
همه گوین که: طاهر! تار بنواز **صدا چون می‌دهد تار گسسته؟**

(دەستگردی، ١٣٤٧: ٥٣)

یا لە دوو شێعری دیکە کە باسی داوێنی گەروین [وەکوو سەراوی گاماسیاو یا نەزەرگەی شاخوەشین] دەکا، باباتاهیر لەوێ خۆی بە دەروێشێک دادەنێت کە دەڵێی بۆ نوقمبوون و بزربوونی پیر و مۆرادەکەی لە ئاوی ئەو چۆم و سەراوە دڵی ئاوری تێ بەر بووە [مە درویش مسلک آگر درێنم ... خُشین گم بی و مقصودم اِ دس چی]:

مە طاهر ساکن پای گرێنم **مە درویش مسلک آگر درێنم**
بوری در باغ خواوم لحظه‌ای چن **کە شاید وخت خواو روی تە بێنم**

(عەسگەری عالەم، ١٣٨٢: ١١٥)

خُشین گم بی و مقصودم اِ دس چی **لطیفی صوت داوودم اِ دس چی**
بوری طاهر بنیش خاک آر ماتم **خراو بی تارم و پودم اِ دس چی**

(سەرچاوەی پێشوو: ١١٤)

لە هەندێ سەرچاوە شاخوەشین بە شای چل-تەنان یا چل مێردان ناسراوە:

طالب شاه پیر بنیامین **نام مطلوب است شاه-خوشین**
چهل-تنان اول از شهاب-الدین **تا بە محمود پاطلی یقین**

(کەشکۆڵی حاجی زین-العابدین نثار خاکسار، ژمارە بازیابی ١٦٣٧٥ کتێبخانەی مەجلسی شووراى ئیسلامی، نووسراو لە ١٣٢٢ کۆچی)

لە سەرەتای دەستنووسێکی دەورەی شاخوەشین چەند دێڕێک هاتووە لە باسی دیداری شاخوەشین و بابا تاهیر:

شا چەنی مێردان شاخوەشین پەسەن **جە ئەڵوەند کوو دا شی وە ئەرومەن**
خەڵق هەمەدان ئامان وە پێشواز **سەر و ماڵ کەردن گیشت وە پایەنداز**
شا واتش وە خەڵق خاران زاهر **وەعدەی مهمانیم وە یانەی تاهر**
شاخوەشین خوەشنام قەدەم-ڕەنجە کەرد **تەشریف وە یانەی بابا تاهر بەرد**
تاهر جە هەیبەت شا ئاما وە دەر **چووب سەر یانەی قاپیش کەفت وە سەر**
شا پەرسا تاهر ئینە چێشەن چێش **فەرق پێشانیت پەی چی بیەن ڕێش**
تاهر وە ئاواز واتش وەی وینە **ئاکەس هەواخواست فەرق ئەو هوینە**

(تەبریزی کرندی: ٤٤)

لە ئەرشیڤی کتێبخانەی مەجلیسی شووراى ئیسلامی – تاران بە ژمارە ١٧٤٥٠ دەستنووسێک هەیە بە ناوی (مجموعه اشعار یارسان). لەوێش سیمایەک لە دیداری شاخوەشین و بابا تاهیر هاتووە:

«شاه داخل شهر همدان شد. رو به خانه بابا طاهر آمد و بابا طاهر هم مردی بود گدا و بی اوضاع، گاوچرانی می¬کرد. معاش او گاوچرانی بود و خواهری داشت او را فاطمه لره می¬گفتند و هر دو یک پیراهن داشتند و هر گاه بابا طاهر پیش گاوها می¬رفت، پیراهن را می¬پوشید و فاطمه لره میان تنور می¬نشست و هر گاه بابا طاهر پس می¬آمد و فاطمه لره او را می¬پوشید و کار میان خانه را می¬کرد و خلاصه شاه می¬آمد و داخل خانه بابا طاهر شد و بابا طاهر هم خانه کوچکی داشت با نهصد نهصده در میان آن خانه نشستند و بابا طاهر دیزه کوچکی داشت و رفت قدری برنج گرفت، آورد و در میان همان دیزه‌اش نمود و نهصد نهصد [سوار] را مهمانی نمود و خلق همدان به شاه عرض کردند که بابا طاهر گدا می¬باشد، دولت به او بده و شاه به دیوار زد، گفت: ای درم بیا پیش صاحب کرم. که ناگاه زرد جواهر بسیاری از دیوار بیرون آمد و سرازیر شد و در میان خانه ریخت و شاه فرمود: بابا طاهر بردار و خرج خود بکن. بابا طاهر عرض کرد آگاه و بینایی که من دنیایی را لازم ندارم که فانی است. من باقی را می¬خواهم. شاه فرمود: ای اهل همدان این زر به همتان و اهل همدان زر را تماما بردند و بابا طاهر بصیرت باطنی باز شد و کلام فرمود.»

یا له شانامەی حەقیقەتی حاجی نیعمەتوڵای موکری (١٨٧٠-١٩٢٠) له نێوان دێڕەکانی ٥٦٤٧ تا ٥٦٧٥ سەبارەت بە پێوەندی شاخوەشین و بابا تاهیر دەڵێت:

در اینجا که تو نام داری خوشین **منم نام طاهر یا شاه دین**
چو گفتار طاهر به پایان رسید **صفات الله آندم زبان درکشید**

(جەیحوونابادی، ١٣٧٣: ١٦٨)

سەبارەت بە فاتمە لەڕە [= لەڕ و لاواز] هاوسەری باباتاهیر ئەوە بزانین کە ئەو کەسە جیاوازە لەگەڵ فاتمەی خوشکی. (ئێدمۆندز، ١٣٦٧: ٢٠٩) مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس دەڵێت: گۆڕی فاتمە لەڕە و فاتمەی دایک یا خوشکی لای مەزارەکەی باباتاهیرە. (مینۆرسکی، ١٣٠٧: ٥٨٨) ئەورەنگ هەم باسی ئەوەی کردووە فاتمە لەڕە لە هۆزی بەیرەشاهی لای کرماشان بووە. (ئەورەنگ، ١٣٥٠: ٤١) نووسەری (جستجو در تصوف ایران) نووسیویە: باباتاهیر یەکێ لە پیران و ئەولیای کۆنی ئەهلی هەق و یەکێ لە چوار یاری نزیک و هاوەڵی شاخوەشین بووە. هەروەها دەماودەم خەڵکی ناوچەکە داستانی ئەویندای بێ¬بی فاتمە و باباتاهیر دەگێڕنەوە. (زەڕین¬کووب، ١٣٥٧: ١٨٩-١٩٢) لە چەند دەفتەر و سەرنجامدا فاتمە لەڕە بە خۆشەویست و دڵداری باباتاهیر ناوی هاتووە:

دادا بزانە، دادا بزانە **دادا وە ڕەنگم شیوە بزانە**
هاملووی تاهر بیت نەو هەمەدانە **فاتمە لورِە [لەڕە] بیت جەستە عوریانە**
نە تەنوور کەردی زاری و گریانە **عەشق ئەزت بی جگەر بریانە**

(دەفتەری دەورەی بابا ناوس، ١٣٨٤: ١٥-١٧)

مِ دەوریشم لەکم ئعجاز دیرم مِ دووسی چوی خوشین دەمساز دیرم

مِ معشوقی وە نام فاتمە لەڕ[لوڕ] سنەوبەر قامەت و پڕ ناز دیرم

(عەسگەری عالەم، ١٣٨٢: ١١٤ و حەکیم، ٢٠٠٤: ١٦٠)

به هەر حاڵ بەگوێرەی خوێندنەوەی سەرچاوەکان و بەراوردی سەردەم و ساڵی ڕووداو و دیدار و دەرکەوتنەکان، باباتاهیری هەمەدانی (عوریان، دێوانە و سووتەدڵ) لە ناوەڕاستی سەدەی ٤ (٣٥٠ کۆچی) لەدایک بووە و سەرەتای سەدەی ٥ (سەرەتاکانی ٤٥٠ کۆچی) ئەو دنیایە بەجێ هێشتووە. واتا ئەو مێژووەی (٣٢٦-٤١٠ یا ٣٩٠-٤٥٠ کۆچی) لە سەرچاوەکان بەتایبەت پێشەکی دیوانی چاپکراوی باباتاهیردا هاتووە، ڕەخنە و سەرنجیان لەسەرە.

د: پێوەندی باباتاهیر و هزری یارسان

لە باسی سەردانی شاخوەشین بۆ هەمەدان و دیداری لەگەڵ باباتاهیر ئەوە دێتە بەرباس کە ئایا ئەو دیدارە تەنیا بانگێشت و خوڵکێ بووە بۆ ڕاکێشانی باباتاهیر و ئاوێتەبوونی بەو ڕێبازە یا ئەوەی وەک ناوەرۆکی دەورە و دەفتەرەکانی کەلام باسی دەکەن باباتاهیر یەکێ لە یاران و نزیکانی بازنەی هزر و تەریقەتی شاخوەشین بووە. کەسێک وەکوو زەڕین¬کووب کە توێژینەوەیەکی بەربڵاوی کردووە لەسەر هزری سۆفیگەری و تەسەوفی ئێران، باسی ئەوە دەکات ئەهلی هەق (یارسان) بیروباوڕێکە گەلێ شوێنەواری ئایینی گنۆسی [الغنوصیة] پێش ئیسلامی پێوە دیارە. هەروەها باباتاهیری هەمەدانی بە یەکێ لە پیرانی ئەهلی هەق دێنێتە ئەژمار. (زەڕین¬کووب، ١٣٥٧: ١٨٩)

ئیبن¬حۆقەل (٣٥٨ کۆچی) لە گەشتەکەی بۆ ناوچەی فارس باسی ئەوە دەکات لە هەرێمەکانی فارس و جبال و کرمان و تاد چەند ڕێباز و مەزهەبێک هەن جیاوازن لە مەزهەبی ئیسلامی باوی سەردەم. وەکوو: «پەیڕەوانی حوسەین کوڕی مەنسووری حەلاج، ئەبووسەعیدی گەناوەیی و ئەبووجەعفەری شەلمغانی.» ئەو مێژوونووس و جوغرافیزانە حەلاجی بە سۆفییەکی تایبەت ناساندووە، بەڵام بۆگەناوەیی و شەلمغانی بە دەستەواژەی (لەعنەتی خوایانی لێ بێ) ناوی هێناون و ڕەپاڵ ڕێبازی (القَرامِطة)ی خستوون. (ئیبن¬حۆقەل، ١٣٦٦: ٦١-٦٣) واتا ئەگەر لەو سەردەمە ڕێبازێکی سۆفیگەریی لەسەر دەستی کەسانێ وەکوو باڵووڵی مایی، شاخوەشین، باواناوسی سەرگەتی و باواسەرهەنگی دەودانی سەر هەڵدەدەن، لەوانەیە ئەوانیش شێوەیەک لەو ڕێبازە جیاوازانە بن وا ئیبن¬حۆقەل باسی کردوون. ئیبن¬حۆقەل ئاوا باسی حەلاج دەگێڕێتەوە: «مەنسووری حەلاج مەزهەبی زوهد و تەسەوفی بوو. لە بیروباوڕێ کە هەیبوو بارگەبارگە هەڵکشا. تا ئەو ئاستەی کە بانگەوازی کرد: های خەڵکینە کەسێ تەنی لە گوناحان بپارێزێ و خەریکی کاری چاکە بێت و خۆشیەکانی دنیا بنێتە لاوە و هەرچی هەوا و هەوەسە گوێڕایەڵی نەبێ و زاڵ بێت بەسەر نەفسی خۆیدا، دەگاتە پلە و پێگەی فریشتەکانی کرام¬الکاتبین. ئەوجا خەریکی سەفای ڕۆحی دەبێ و سروشتی ئینسانی لە خۆی فڕێ ئەدا و ڕۆحی پەروەردگار وەکوو عیسای کوڕی مریەمی تێ دەچێ و ئیتر شتێ ناکا وا لە دەرەوەی ویست و خواستی پەروەردگارا بێت.

بەو ئاستە دەگا ئیدی هەموو کاری دەبێتە کاری خودا و ئەمر و فرمانی، دەبێتە ئەمری خودا». (سەرچاوەی پێشوو: ٦١) ئەمەی وا حەلاج وتوویە سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی ڕێبازەکانی «باطنیه» وەکوو ئەهلی هەق کە باسی «مظهر و تجلی حق» دەکەن لە هەندێ مرۆڤی هەڵکەوتەدا. ئەوانە بەناوی پیران و حەوتەوانان و چلتەنان دەناسرێن. سەرچاوەکانی دەورە و کەلامی ئەو ڕێبازە، حەلاج وەکوو یەکێ لەو مەزاهیر و پیرەکانی خۆیان دەناسێن:
کنون شرح منصور به یاد آمده همه خلق از آن به داد آمده

چو شد مست زان کوثرا **بگفتا انا الحق منم داورا**
ز پس خلق منکر در آن روزگار **نمودند او را به چه سنگسار**
چو رجمش نمودند مردم ز کین **نشد باز خاموش آن قطب دین**
برون کرده از چه ورا آن کفار **کشیدند او را به خواری به دار...**

(جەیحوونابادی، ١٣٧٣: ٢٦١-٢٦٢)

دیارە ئەوەی ئیبن-حۆقەل لەسەر پێگەکانی ڕۆحانی تەریقەتی حەلاج باسی کردووە، لە بەشی سەرەتایدا تا دەگاتە پلەی سەفای ڕۆح، سۆفی و ڕێبوار ئەو ڕێگەیە ئازاری زۆر دەچێژێ و لۆمەی زۆر بەرگوێی دەکەوێ. ئەمەیە کە ئەو کەسانە بە (ملامتیه) بەناوبانگ بوون. ئەو سۆفیانە بۆ ئەوەی دابڕاو بن لە هەموو جوانی دنیا، نەریتی چوار زەربیان بەجێ هێناوە و مووی سەر و ڕیش و برۆ و سمێڵیان تاشیوە و قەلەندەرئاسا بە چۆڵەوانی و شاخ و دەشتدا گەڕاون. (بەرزگەر خالقی، ١٣٨٩: ١١٠٧-١١١٥ و فەرهەنگی دێهخودا، ذیل: چهار ضرب) یەکێ وەکوو حافیزی شیرازی لە شێعرەکانیدا دەیان جار خۆی بە ڕەند و قەلەندەر و سیمای ئەو ڕێبازە شوبهاندووە:

خیز تا خرقه صوفی به خرابات بریم **شطح و طامات به بازار خرافات بریم**
سوی رندان قلندر به رەآورد سفر **دلق بسطامی و سجاده طامات بریم...**
از این مزوجه و خرقه نیک در تنگم **به یک کرشمه صوفی وشم قلندر کن**

لەو نوسخەی مۆزەخانەی قۆنیە کە یەکەم دەستنووسە ناوی باباتاهیری هەمەدانی وەک شاعیر هاتووە، بەڕاشکاوی باسی نەریتی قەلەندەری و ژیانی عەوداڵی کراوە:

مەن ئان پیرەم کە خوانەندەم قەلەندەر **نە خانەم بی نە مانم بی نە لەنگەر**
ڕۆ هەمە ڕۆ وەر ئایەم گردێ گیتی **شەو دەرایە وە ئەو سەنگی نەهەم سەر**

(دێڕی ١٥-١٦)

بەشۆم بە ئەڵوەند دامانی مەو نەشانەم **دامەن ئەژ هەر دوو گێتی ها وەشانەم**
نەشانەم توولە و موویەم بەزاری **بی کە بەلبەل هەنی دا ول نەشانەم**

(دێڕی ٢٣-٢٤)

ئەز ئان ئەسبیدە بازەم هەممەدانی **بە تەنهایی کەرەم نەچیروانی**
هەمە بە مەن وەدیرەند چەرخ و شاهین **بە نامێ مەن کەرەند نەچیروانی**

(دێڕی ٢٥-٢٦)

ئەورەنگ کە پێداچوونەوەی بە ژمارەیەک کەشکۆڵ و دەستنووسی شێعری باباتاهیردا کردووە، لە کۆی ١١ دەستنووس، ٤ دەستنووس نیودێڕی (حقیقت بشنو از پورفریدون) شێعرەکە ئاوا هاتووە:

عزیزا مرد از نامرد نائی ‌ ‌ ‌ فغان و ناله از بی درد نائی
حقیقت بشنو از طاهر قلندر ‌ ‌ ‌ که شعله از تنور سرد نائی

(ئەورەنگ، ١٣٥٠: ٦٢)

لە کوردەواری بەو قەلەندەرانە وتراوە: عەوداڵ، حەفتەوانە و (سەرەواڵە/ سەرواڵە/ سەرەواڵا). ئەڵبەت لە بازنەیەکی بڵاوتردا عەوداڵ هەندێ جیاوازترە و سەرەواڵە دەبێتە مۆرید یا شێوەی سەرووتر لە عەوداڵان. لە کۆنەوە کوردستان جێی ئەو قەلەندەر و عەوداڵانە بووە و لە دیوانی شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە:

مەولانا خالیدی شارەزووری:

بە چەهار دەروێش موڵک هیندوستان ‌ ‌ ‌ بە هەفت عەوداڵان خاسەی کوردستان

(ڕەحمانی، ١٤٠٣: ٣١٠)

مامۆستا سەیدی هەورامی:

(١)

جای شەوبێداران، سەحەر لاڵانەن ‌ ‌ ‌ تەکیەگای خاسان حەفت ئەوداڵانەن
هەر حەفت عەوداڵان قوتبی ڕووی زەمین ‌ ‌ ‌ چون (اَصحابُ الکَهف) دایم غارنشین
مەسکەنشا گرتەن بەو بوڵەند کۆوە ‌ ‌ ‌ «یا مَن هوُ»شانەن هەر ڕۆ جە نۆوە

(٢)

ئارەزووم کەردەن چون قەدیم ساڵان ‌ ‌ ‌ بشوون پەی تەواف بارگەی عەوداڵان

(کاردۆخی، ١٣٨٥: ٤٥-٤٦ و ٩٩)

وشەی (سەرەواڵە و سەرەواڵا) لە ڕواڵەتدا واتا کەسێ سەری بێ کڵاو و ڕەشتی و جامەدانە بێت و لە مەجازدا واتە شێت و شەیدا. لە ڕێبازی سۆفیگەری قادریدا کاتێ دەروێشێک دەگاتە پلەیەکی باڵا و سلووکی زۆر دەکا بە دێوانەی سەرڕووت دەناسرێ. بە هەر حاڵ ئەمە باسێکی دوورودرێژە و لێرە ناگونجێ شی بکەینەوە. لە کوردەواری ژمارەیەک شوێنەناو بۆ ئەو عەوداڵ و سەرەواڵەیە هەیە و ئەوە بۆخۆی دەرخەری ڕاستیی بوونی ئەو قەلەندەرانەیە. لە توێژینەوەیەک کە لەسەر شەخسەکانی مەحموودسەرواڵە کردوومە، کۆی گێڕانەوەکان لەسەر یەک خاڵ هاوبەش بوون:

«سەرەتا کەسێک بە ناوی مەحموود کە کەسێکی زۆر دیندار و شەرعزانیش بووە، لە داخی هەندێ زانا و مامۆستای دینی مێزەرە و کڵاوی فڕێ داوە و کەوڵی پەژمینی لەبەر کردووە و سەر و ڕیش و برۆ و سمێڵی تاشیوە. تەنانەت هەندێ جار کەوڵە پەژمینەکەی بەریشی لابردووە و تەنیا عەورەتی داپۆشیوە. بە شاران و کۆڵاناندا گەڕاوە تەنیا کەشکۆڵێکی پێ بووە و هیچ. چووەتە هەر کوێ و توانیویە، کەسێ بهێنێتە سەر مەرام و ڕێبازی خۆی، ناوی ئەو کەسەیشی گۆڕیوە و بە ناوی خۆیەوە کردووە.» لەو توێژینەوە ئەوەی پێی گەیشتم ٢٣ مەزار و شەخس بوو لە ئاواییەکانی کوردەواری بەناوی مەحمووسەرواڵەوە بوو. (مورادی،

١٣٩٨: ٦٠١-٦٠٢) دیارە ئەگەر گەڕانی-تر بکرێ ئەو ژمارەیە زیاترە.
لە دیوانی شاعیرانیشدا ئاماژە بە سەرەواڵە کراوە:
مامۆستا بێسارانی:

باجەتی پیران شای سەرەوالا بە سەیل تەڕ مەکە ئەو بەژن و باڵا

(حەبیبی، ١٣٩٥: ٦٨٤ و سوڵتانی، ٢٠١٠: ١٨٠)

شێوەی ئەو لەولاو ها بەو باڵاوە بەو باڵای شیرین سەرەواڵاوە

(حەبیبی، ١٣٩٥: ٦٠٦ و سوڵتانی، ٢٠١٠: ١٦١)

قامەت باریک سیای تورک تەڕ شەیدا و سەروەڵا چوون عەوداڵ بەڕ

(حەبیبی، ١٣٩٥: ٤٣٤ و سوڵتانی، ٢٠١٠: ١٧١)

وەنەوشە بۆوان عەنبەرین خاڵان تەمام ناستانەت گشت سەرەواڵان

(حەبیبی، ١٣٩٥: ٦٦٤ و سوڵتانی، ٢٠١٠: ٣٣٤)

موحەمەد قولی سلێمان:

تۆ جیا جە تەرز من جە باڵایێ تەڕتەڕ جە نەرگس سەرەواڵایێ

(سوڵتانی، ٢٠١٠: ١٨٥)

مامۆستا قانع:

بە سەد ناڵە و دەرد دار هاتە وەڵام وتی ئەی قانع دەروون پڕ لە زام
ئیستە وا ڕەنگم یەژی عەوداڵە مەشوور بووم بە تووی مەحمووسەرواڵە

(قانع، ١٤٠٠: ٣١٥)

دوو دەستەواژەی (عەوداڵ و سەرواڵ) وێکڕا، زۆر جاران لەسەر زمانی خەڵکدا بۆ کەسانێک دێت کە گوێ نادەن بە باری دنیا و دڵیان هەڵکەندووە لە هەموو جوانیەکانی و دوورەپەرێز و تەرکەدنیان و دڵبەستەی مڵک و ماش نین. جا لەوانەیە بابا تاهیری هەمەدانی هەم بەهۆی ئەو شێوە ژیان و هەڵسوکەوتەوە (سەرواڵەیی و بەرگی عەوداڵی) بە عوریان ناوبانگی دەرکردووە.

بۆ سەلماندنی پێوەندیی باباتاهیر و ئەهلی هەقەکان و پێوەندی لەگەڵ شاخوەشین، ناوەرۆکی شێعرەکانی دەتوانێت دەستمان بگرێ و بگەین بە سەرەداو و زانیاریەکی بەرچاوڕۆشن. لە دووبەیتی خوارەوە باباتاهیر باسی کەلامیێژی و ژەندی ساز دەکا.

دلی دیرم چو مُرغ پا شکسته چو کشتی بر لب دریا نشسته
همه گوین که: طاهر! تار بنواز صدا چون می‌دهد تار گسسته؟

(دەستگردی، ١٣٤٧: ٥٣)

ئەوەی کە لای ئەهلی جەمخانە نەریتێکی باوە و تەموورەژەن بە دەم سازەوە، کەلامی پیرانیش دەخوێنێتەوە بە ئاوازەوە بۆ پەنددان و ئامۆژگاری گوێگران. [بڕوانە: دیهقان، ٢٠٢٢: ١٦٨-١٦٩] یا سەیری ئەو چەند دێڕەی لە دەستنووسی قۆنیەدا هاتووە، لەوێ ئیتر تەواو بیروباوڕی یارسانی بێژەر و شاعیری ئەو شێعرانە پیشان ئەدات:

زارەجم دی وە دای مووری ئەدخوەرد **موورەجانی دوو دەستی وە خودا دەرد**
ناگەهان بامەدەند بازێ وە دارێ **زارەجەش بە کوشت و مووران زارەج ئەدخوەرد**
داڵێ ج ئەڵوەند کووهان کەرد پەرواز **بازەش بە کوشت و خوونش پاک وا خوەرد**
بەمەد نەچیروان دەردین وەد ئاین **بۆکدەش تیر و داڵ ئەژ کار بەدەرد**
بشە نەچیروان دەستت وەچا دەست **چەمنت بەد کەرە ئەژ کار بدەرد**
منامی نشە ئینی کە مەن کەرد **بە مەن هرا ئان کەرەند هەرو دکە مەن کەرد**
خورەم ئان کیژ کوو وەد کارا نەبی **خوەش دڵ ئان کیژ کوو وەد نەتگوان کەرد**

واتە: کەوێکم دی مێلوورەی دەخوارد، مێلوورەکانیش دەستی نزایان بەرز کردەوە. لەناکاو بازێ لەسەر دارێ هەڵفڕی. کەوەکەی کوشت و مێلوورەکان کەوەکەیان خوارد. داڵێ لە کێوی ئەڵوەندیش هەڵفڕی و بازەکەی کوشت و خوێنەکەی خوارد. دواتر نەچیروانێ گەیشتە ئەوێ و تیری هاویشت و داڵەکەی کوشت. شا وتی بە نەچیروانەکە دەستت دەبێ ببڕن کە نەچیری منت کوشت. نەچیروانەکە بە شای وت: هێندە بەم کارەت گوستاخ مەبە، هەر خەراپیەک بکەم بۆخۆم دەگەڕێتەوە. خۆشبەخت کەسێکە خەراپەکار نەبێت و دڵخۆش کەسێکە بیر لە خەراپە نەکاتەوە.

ئەو کوشتن و شکارە، جۆرێکە لە هەمان دۆنادۆن و بەرگ¬گۆڕین کە ئەهلی هەق باوەڕیان پێیە. دیارە کە ڕۆحی مێلوورەکە سەرەتا چووەتە تەنی کەوەکە. ئینجا بازەکە کەوەکەی کوشتووە و مێلوورەکان کەوەکەیان خواردووە. ئەمیش بەرگێ¬تر کە دیسان ڕۆحەکە گەڕایەوە بۆ مێلوورەکان. یا داڵەکە هات و بازەکەی کوشت و خوێنەکەی خوارد. ئەویش دیسان دۆنادۆنێ¬ترە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو دۆنادۆنەی بەپێی ئەو ڕێبازە، ڕۆح هەزارویەک بەرگ دەگۆڕێ تا دەگاتە سەرمەنزڵ: دگر اینکه از قدرت دادگر چنا ن می¬شود مقتضی در بشر

ب‌ه یک دون انسان به سال هزار **کند زندگی در جهان پایدار**
به ده دون دیگر دو ماه و سه ماه **کند زندگی باز گردد فنا**
شود باز موزون در آن شمر **به یک دون پنجاه سال از گذر**

(جەیحوونابادی، ١٣٧٣: ٤٤)

هەر لەو دەستنووسەی قۆنیە لە دوو پارچە دووبەیتیدا باسی ئەزەل و پێش ئافراندن دەکا. باسی ئەوەی کە دیسان لە ڕێبازی ئەهلی هەق سەرەتا دەریایەک هەیە و هەوایەک. لە دەریاکە دوڕێ هەیە و لە هەواکە [بۆشایی] تەنیا هەتاوێکە. ئەوە سیمای سەرەتای ئافراندنی گەردوونە، بێژەر و شاعیری شێعرەکە دەڵێت لە پێش ئەوانەیش ئەو بووە و مێهر و خۆشەویستی خودای (یار) هەبووە.

یاگم دوڕ دی هەنی دەریە نەبود یار **یاگم خوەر دی گەهان پەیدا نەبود یار**
مەن ئەژ ئان ڕۆ بە دامان تە زەد دەست **دە گەردوونەت هەنی بەرپا نەبود یار**
یاکە ئەژ مێهرتەم دەم میزەد ئەی یار **خوێش و بێگانەگان سەنگم زەد ئەی یار**
جورمەم ئینە کە ئەژ تە دووست داروم **نە خوونەم کەرد نەم ڕاهی زەد ئەی یار**

ئەڵماس خان باسی ئەو ئافراندنی گەردوونە بەگوێرەی باوەڕی یارسان دەکا، کە ئیتر دیارە هزرەکە چەندە لەگەڵ ئەوەی باباتاهیر نزیکە:

زات حەق یا بی، زات حەق یا بی — **نە عەهد زەڕات زات حەق یا بی**

ئەوسا کە نە لەوح نە سورەیا بی — **نە عەرش بی نە فەرش جەهان دەریا بی**

مەولام وە دورِ بی نە تای دەریا — **ژە وەر بەرئاما جەهان کەرد ئەحیا**

نام وێش نیا وە خاوەندکار — **عەرش و کورسی و فەرش ئەوسا دا قەرار...**

(خان ئەڵماس لوڕستانی، ١٣٧٦: ٦٩)

ز: بەرەباب و زێدی بابا تاهیر

لە دیوانی چاپکراویدا تەنیا لە یەک دێڕ ناوی بە (بابا طاهر) هاتووە:

من از روز ازل طاهر بزادم — **از آن رو نام بابا طاهرستم**

(دەستگردی، ١٣٤٧: ٧١)

لە ژمارەیەکی بەرچاو لە دیوانەکەی ناوی خۆی بە (طاهر) هێناوە:

همه گویند طاهر کس ندارد — **خدا یار منه چه حاجت کس**

(سەرچاوەی پێشوو: ٣٢)

حقیقت بشنو از طاهر که گردید — **به یک کن خلقت کون و مکان طی**

(سەرچاوەی پێشوو: ٦٧)

خدایا عشق طاهر بی نشان بی — **که از عشق بتان بی پا سرستم**

(سەرچاوەی پێشوو: ٦٧)

منم طاهر که در خونابه نوشی — **محمد را کمینه چاکرستم**

(سەرچاوەی پێشوو: ٦٧)

منم طاهر که از عشق نکویان — **دلی لبریز خون اندر برستم**

(سەرچاوەی پێشوو: ٧١)

همه گوین که طاهر تار بنواز — **صدا چون می-دهد تار شکسته**

(سەرچاوەی پێشوو: ٥٣)

بابەتێکی دیکە سەبارەت بە بنەماڵە و بەرەبابی بابا تاهیری هەمەدانییە. ئەگەر کەسایەتی بابا تاهیری هەمەدانی و (ابوطاهر مکشوف الراس) یەک بن، ئەوە ئیدی پێناسەکە دیارە، بەڵام جیا لەوە دەبێ بەوە ڕاوەستین کە بابا تاهیر دیار نییە کوڕی کێ و باپیرانی کێ بوون. جاران کە هێشتا بەڵگەکان باسی پوورفەرێدوونی شیرازییان دەرنەخستبوو، پاڵپشت بە چەند دێڕە شێعرێک، فەرێدوون بە باوکی باباتاهیر دانرابوو، بەڵام ئیستە ئەوە ڕەد کراوەتەوە و فەرێدوون کوردێکی لای شێراز بووە (نەفیسی، ١٣٧٥: ٧٢) و بابا تاهیر لە هەمەدان. لە ڕووی یاداشتەکەی ئاقا بوزورگ تێهرانی کە بۆ باسەکەی لەسەر باباتاهیر ئاماژەی بە چاپی دیوانەکەی لە (١٣٠٦ هەتاوی) کردووە، سەرهەڵدانی (فەرێدوون باوکی باباتاهیر) لە وەحید دەستگردییەوە بووە: العارف صاحب الرباعيات (الفهلويات) باللغة العامية في عصره في القرن الخامس.

مات بهمدان و قبره في غربي همدان معروف إلى اليوم طبع ديوانه بطهران في (١٣٠٦ ش) ثم أعاد طبعه وحيد الدستگردي و معه الكلمات القصار له في (١٣١١ ش.) ... ثم طبع بمطبعة خاور، ثم بمطبعة نهضت، ثم بمطبعة فرهومند و بعد ذلك أيضا طبع مكررا.
(تێهرانی، ١٤٠٨ کۆچی: ١١٧/٩- ٦٤٢/٩)

بوره کز دیده جیحون بسازیم بوره لیلی و مجنونی بسازیم
فریدون عزیز از دست مو رفت بوره از نو فریدونی بسازیم

(دەستگردی، ١٣٤٧: ٤٣)

عزیزا مرد از نامرد نائی فغان و ناله از بی درد نائی
حقیقت بشنو از پور فریدون که شعله از تنور سرد نائی

(سەرچاوەی پێشوو: ٦٤)

وێدەچێ دەستگردی دواتر هەر لە ڕووی ئەو شێعرانەوە، لە چامەی (ئیبن¬سینا)دا باباتاهیری بە (پور فریدون) [کوڕی فەرێدوون] هێناوە:

ای کاخ سخنوران دانا وی عرش کنوز علم بی چون
ای مدفن پاک ابن-سینا وی مسقط پور آفریدون
مسعود و بدیع از تو پیدا عین¬القضات در تو مدفون

(مەقسوود، ١٣٥٤: ٥)

یەکەم جار پەرویز ناتل خانلەری گومانی خستووەتە سەر ئەو دێڕە شێعرە و نووسیویە: «شاید از پورفریدون باشد.» (خانلەری، ١٣٢٤: ٢٧-٣٠) بەڕێز موراد ئەورەنگ لەسەر ئەو بابەتە بە شوێن شێعری (عزیزا مرد از نامرد نائی...) کەوتووە. لە ١١ دەستنووسدا بە ناوی بابا تاهیرەوە ناسێندراوە. لە ٧ نوسخەدا (حقیقت بشنو از پورفریدون) و لە ٤ دەستنووس (حقیقت بشنو از طاهر قلندر) هاتووە. کۆنترین دەستنووسیان (ژمارە ٩١٩٢ کتێبخانەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی - تاران) ساڵی ١٢٢٢ کۆچی نووسراوە، بەڵام ١٠٣٦ لە کتێبی (نظم گزیده) یەکەم جار بە ناوی فەرێدوونی شیرازییەوە دەرکەوتووە. بۆ شێعری (بوره کز دیده جیحون بسازیم) ئەویشی هەر بە هی پوور فەرێدوون ناساندووە. (ئەورەنگ، ١٣٥٠: ٦٢) کاتی خۆی شاعەباسی سەفەوی، موحەمەد سادق نازم تەبریزی ڕادەسپێرێ کە بژاردەیەک لە باشترین شاعیرانی ئێران کۆ بکاتەوە. ئینجا لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەدا (نظم گزیده) باسی پوورفەرێدوونی شیرازی کردووە و بە کوردێکی لای شیرازی داناوە: «پورفریدون از اکراد فارس است. خالی از شوریدگی و حالتی نبوده، سخنانش بوی دردی دارد و ...» (نەفیسی، ١٣٧٥: ٧٢)

سەبارەت بەوەیش باباتاهیر زادە و دانیشتووی کوێ بووە، وەک لە سەرەوە باسمان کرد بەتایبەت پاڵپشت بە سەرچاوە سەرەتاکان (عین¬القضات، ڕاوەندی و مستەوفی)، ئەو کەسایەتیە لە هەمەدان ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و مەزارەکەشی هەر

١ ئاقا بوزورگ تێهرانی لە ١٢٥٥-١٣٤٨ هەتاوی ژیاوە. پاش ١٢٩٢ هەتاوی (١٩١٤) دەستی داوەتە نووسینی (الذریعه) و زیاتر لە ٤٠ ساڵ پێوە بووە.

لەوێیە. بەتایبەت لە کۆنترین دەستنووسی شێعرەکانی (ئەرشیڤی قۆنیە) ئاماژەی بە بوونی لە هەمەدان و چیای ئەڵوەند کردووە:

اَز آن اَسبِیدَه بازم هَمَّدانِی بَتنهائی کَرُم نچّیرەوانی

(نەسخەی قۆنیە، ٨٤٧ کۆچی و مینوویی، ١٣٣٥: ٥٦)

بَشُم بَألوَند دامان مَو نِشانم دامَن آژ هَر دو گیتی ها وِشانِم

(نەسخەی قۆنیە، ٨٤٧ کۆچی و مینوویی، ١٣٣٥: ٥٦)

سنبلی کشته بیم دامان الوند اونم از طالعم زرده چه واجم

(دەستگردی، ١٣٤٧: ٤٠)

گلی کشتم پِی الوند دامان اوش از دیده دادم صبح و شامان

(دەستگردی، ١٣٤٧: ٤٥)

چیای ئەڵوەن (ئەڵڤەن بە لەکی و ئەلڤەن بە لوڕی و ئەلوەند بە فارسی) دەکەوێتە تەنیشت شاری هەمەدان. دیارە بەپێی شێعرەکانی باباتاهیر ئەوێی وەک خەڵوەتگە و نەزەرگە بۆ خۆی هەڵبژاردووە. وێدەچێ لە نێوان ئەڵوەن و وشەکانی ئەلۆ [بڕوانە: مووسەوی – فرهنگ¬واژه پشتکوهی ایلام، ١٣٨٦: ٢٠] و هەڵۆ بەواتای (عقاب و باز) پێوەندییەک هەبێت. شوێنی هەڵۆ و شاواز و بازەکان هەمیشە لووتکە بەرزەکانە. «یاگەو شاوازان/ شابازان، کۆرکۆرەوازان». یانێ لەجێی شاوازەکان [لە بەرزی] ئیستە بێچووەهەڵۆ [لە نزمی] نیشتووەتەوە.

لە وشەکانی (ئەڵۆوان: لووتکەی چیای پشتی شاری بازیان - سلێمانی، ئەڵەلوو: تاف و کێو تەنیشت شاری تویسرکان، ئەلبورز و ئەلەمووت) پێوەندی هەڵۆ و بەرزی بەرچاوە. هەتا ئیستەش ئەو چۆمەی لە دیوی قەسری شیرینەوە بەرەو لای خانەقین دەچێ بە (چەم ئەڵوەن) ئەناسرێت. هەروەها لە خوارترەوە پایناوی دیجلە و فۆرات کە بەرەو خەلیجی فارس دەڕواتەوە ناوی (اروندرود)ە. واتا وشەکانی لای هەمەدان و دەوروبەریش ڕەگی کوردییان پێوە دیارە.

دەڵێی باباتاهیر کاتێ ئەو دوو دێڕەی داناوە: (بَشُم بَألوَند دامان مَو نِشانم ... اَز آن اَسبِیدَه بازم هَمَّدانِی) [بڕۆمە داوێنی ئەڵوەن مێو بنێژم ... ئەمن ئەو شابازە سپییەی هەمەدانی]، چیرۆکەکەی شەمێرانشا و هەنگوورەکەی هەراتی بیستووە. جا ئایا باباتاهیر تووڵەترێی لە خوەشین شاوازەکەی مرادی وەرگرتووە و لە تەمووی ئەڵوەندی چاندووە یا چووەتە دوندی ئەو چیایە، سپی¬بازەکەی بەرامبەر بەوەی لە دەستی ماری دنیاپەرستی ڕزگاری کردووە، مەیی مێوانی بە یارانی بەخشیوە؟

بۆ زانین/ ئەم سەرچاوانە لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم بابەتە بەکارهاتوون. لەبەر پاراستنی چووارچێوەی ئەکادیمی لە هەردوو بەشەکەدا لیستی سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکان دادەنرێت.

سەرچاوەکان

١.ئازەربیگدلی لوتفعەلی بەیگ، آتشکده آذر، ساغکردنەوەی سەید جەعفەر شەهیدی، وەشانخانەی موسسه نشر کتاب، تاران، ١٣٣٧

٢.ئیبن الشجری، امالی، ساغکردنەوەی محمد الطناحی، ٣ بەرگ، وەشانخانەی مکتبه الخانجی، قاهیره، ١٤١٢ کۆچی

٣.ئیبن حوقل موحەمەد، سفرنامه ابن حوقل: ایران در صورة الارض، وەرگێڕانی دکتۆر جەعفەر شوعار، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٦٦

٤.ئیبن خوردادبه عوبەیدوڵا، المسالک و الممالک، وەشانخانەی دارصادر، بەیرووت، ١٩٩٢

٥.ئیبن کەسیر، تفسیر القرآن العظیم، بەرگی ٦، وەشانخانەی دار الکتب العلمیة (منشورات محمد علی بیضون)، بەیرووت، ١٤١٩ کۆچی (١٩٩٨)

٦.ئیبن نەدیم محمد بن اسحق، الفهرست، وەرگێڕانی ڕەزا تەجەدود، وەشانخانەی ئیبن سینا، تاران، ١٣٤٦

٧.ئیبن نەدیم، کتاب الفهرست، وەرگێڕان: موحەمەد ڕەزا تەجەدود، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئەساتیر، ١٣٨١

٨.ئیبن ئەسیر عیزەدین عەلی، الکامل فی التاریخ، بەرگی ٩، وەشانخانەی دار صادر، بەیرووت، ١٣٨٥ کۆچی

٩.ئیبن ئەسیر عیزەدین عەلی، اللباب فی تهذیب الانساب، وەشانخانەی دارصادر، بەیرووت، ١٤١٤ کۆچی

١٠.ئیبن-مازە موحەمەد بن عومەر، لطائف الاذکار للحضار و السفار فی المناسک و الاداب، ساغکردنەوەی ڕەسووڵ جەعفەریان، وەشانخانەی علم، تاران، ١٣٩٢

١١.ئێدمۆندز سیسیل جی، کردها ترکها عربها، وەرگێڕانی ئیبراهیم یۆنسی، وەشانخانەی ڕوزبهان، تاران، ١٣٦٧

١٢.ئیزەدپەنا حەمید، تاریخ جگرافیایی و اجتماعی لرستان، وەشانخانەی انجمن آثار و مفاخر فرهنگی، تاران، ١٣٧٦

١٣.ئیگرات، م. ڕەشید، سیاهپووش و چەند غەزەل و هەلبەست، ١٩٩٩، ئینستیویا کوردی ستەمبولێ.

١٤.ئەدوایی مەزهەر و دلریش بوشرا، روابط و مناسبات حکومت صفویه با الکای هورامان، گۆڤاری (فصل-نامه پژوهش-های تاریخی)، زانکۆی ئەسفەهان، ژماره ٣١، ١٣٩٥

١٥.ئەزکایی پەرویز، تکمله و تعلیق بر گفتار مینورسکی، بابا طاهرنامه، تووس، تاران، ١٣٧٥، لاپەڕە: ١٢٥-١٤٤
١٦.ئەزکایی پەرویز، فرمانروایان گمنام، ١٣٦٧
١٧.ئەسکەندەر بەیگی مونشی، تاریخ عالم¬آرای عباسی، ئامادەکردنی موحەمەد ئیسماعیل ڕزوانی، وەشانخانەی دنیای کتاب، تاران، ١٣٧٧
١٨.یەعقووبی ئیبراهیم و مەزاهری خوداکەرەم، کوچ والیان لرستان فیلی به پشتکوه: بازخورد سیاست قاجاری کردن ایران، گۆڤاری (فصلنامه علمی فرهنگ ایلام)، ژماره ٦٦ و ٦٧، ١٣٩٩
١٩.ئەفشار ئیرەج، ایلام و تمدن دیرینه آن، بڵاوکراوەکانی وزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، تاران، ١٣٧٢
٢٠.ئەڵماس خان، دیوان خان الماس لرستانی، کۆکردنەوە و وەرگێڕانی سەید خەلیل عالی-نژاد، دەستنووس، ١٣٧٦
٢١.ئەمانوڵاهی بەهاروەند ئەسکەندەر، قوم لر، چاپی دووەم، وەشانخانەی ئاگاه ، تاران، ١٣٧٤
٢٢.ئەوحەدی بلیانی تەقیەدین، عرفات العاشقین و عرصات العارفین، ساغکردنەوەی زەبیحوڵا ساحبکاری و ئامنه فەخرئەحمەد، وەشانخانەی میراث مکتوب، تاران، ١٣٨٩
٢٣.ئەورەنگ موراد، سرودهای بابا طاهر همدانی، وەشانخانەی پەرچەم، تاران، ١٣٥٠
٢٤.بدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە، ئامادەکردنی موحەمەد عەباسی، وەشانخانەی نشر حدیث، تاران، پاییزی ١٣٧٣
٢٥.بۆرەکەیی سدیق، وەرگێڕانی دووبەیتیەکانی بابە تایەری هەمەدانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فرووهەر، تاران، ١٣٦٠
٢٦.بێ¬ناو، ستاد بازسازی و نوسازی مناطق جنگزده: عملکرد ده ساله بازسازی و نوسازی مناطق آسیب¬دیده از جنگ، تاران، ١٣٧١
٢٧.بێ¬ناو، مجمل التواریخ و القصص، وەشانخانەی کلاله خاور، تاران، ١٣٧٨
٢٨. بەرجیان حەبیب، زبان گفتار شهر اصفهان کی و چگونه فارسی شد، گۆڤاری زبان و گویشهای ایرانی، ژماره ٣، ڕەشەمەی ١٣٩٢
٢٩.بەرزگەر خالقی موحەمەد ڕەزا، شاخ نبات حافظ، چاپی پێنجەم، وەشانخانەی زەوار، تاران، ١٣٨٩
٣٠.بەکر بن النطاح، شعر، ئامادەکردنی حاتم صالح التضامن، زنجیرەی ٢-٥ گۆڤاری البلاغ، چاپخانەی المعارف، بەغداد، ١٩٧٥
٣١.بەهار ملک¬الشعرا، سبک¬شناسی، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٣٧
٣٢.پوورجەوادی نەسروڵا، بابا طاهر: شرح احوال و نگاهی به آثار ابومحمد طاهر جصاص همدانی، چاپی دووەم، وەشانخانەی فرهنگ معاصر، ١٣٩٧
٣٣.تاهیری تەیۆب، سرزمین پهلویان در زمان شاه خوشین (قرن پنجم هـ. ق)، گۆڤاری شنرویێ، ژماره ٢، پاییزی ١٣٩٩

٣٤.تووسی ئەدیب، فهلویات لری، گۆڤاری زانکۆی ئەدەبیاتی تەبرێز، ژماره ٤٤، ١٣٣٧
٣٥.تێهرانی شیخ ئاقا بوزورگ، الذریعة إلی تصانیف الشیعة، وەشانخانه: اسماعیلیان قم و کتابخانه اسلامیه تهران، ١٤٠٨ کۆچی
٣٦.تەبریزی کرندی حسامەدین، دوره شاه خوشین لرستانی، دەستنووس، کرماشان، ١٣٨٠
٣٧.جەباری ڕزگار، جەشنی شاعیرێکی دێرینی نەناسراوی کورد، گۆڤاری دۆکیۆمێنت، ژماره ٣، تەمووزی ٢٠٢٤
٣٨.جەیحوونابادی نعمت الله، شاهنامه حقیقت، ڕاڤەی نوورعەلی ئیلاهی، وەشانخانەی جەیحوون، تاران، ١٣٧٣
٣٩.حاجی قادری کۆیی، دیوان، ئامادەکردنی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا بە پێداچوونەوەی مەسعوود موحەممەد، وەشانخانەی کوردستان، سنه، ١٣٩٠
٤٠.حوسەینی سەید سەعید، از دیار عرفان: زندگی اندیشه و آثار سید عبدالله بلبری، وەشانخانەی ئیحسان، تاران، ١٣٩٧
٤١.حوسەینی ئاب¬باریکی سەید ئارمان، نگاهی تازه به زبان شعری بابا طاهر همدانی، کتاب ماه: ادبیات، ژماره ٨٠، سەرماوەزی ١٣٩٢، لاپەڕە ٢٤-٣٣
٤٢.حەبیبی عەبدوڵا، دیوانوو سەیدی هەورامی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی کوردستان، سنه، ١٣٩٨
٤٣.حەبیبی عەبدوڵا، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، بەرگی ١، وەشانخانەی کوردستان، سنه، ١٤٠٠
٤٤.حەکیم مەلا ساڵەح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی ١، چاپخانەی مناره، ٢٠٠٤
٤٥.خانلەری پەرویز، دوبیتی¬های بابا طاهر: هفتاد سخن، بەرگی ٣، وەشانخانەی تووس، تاران، ١٣٦٩
٤٦.خانلەری پەرویز، دوبیتی¬های باباطاهر، گۆڤاری پیام نو، ژماره ٨: لاپەڕە ٢٦-٣٠ و ژماره ٩، ١٣٢٤: لاپەڕە ٣٩-٦٠
٤٧.خزری شەهاب، فرهنگ گیاهان دارویی کردستان، چاپی دووەم، وەشانخانەی کوردستان، سنه، ١٣٩٠
٤٨.خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی: لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم، بەرگی ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١
٤٩.دخویه میخائیل جان، المسالک و الممالک: ابن‌خردادبه عبیدالله، وەشانخانەی لیدن، ١٣٠٦ ق/ ١٨٨٩، بەیرووت
٥٠.دەستگردی وەحید، دیوان اشعار: بابا طاهر عریان همدانی، چاپی چوارەم، وەشانخانەی ئیبن سینا، تاران، ١٣٤٧
٥١.دەستگردی وەحید، دیوان کامل بابا طاهر همدانی، وەشانخانەی مطبعه ئەرمەغان، چاپی دووەم، تاران، ١٣١١

٥٢.دەفتەری دەورەی بابا ناوس، ساغکردنەوەی حسین روحتافی و بە خۆشنووسی سەید ئیمان خامۆشی، دەستنووس، سەحنە، ١٣٨٤ ٥٣.
ڕاوەندی محمد بن علی، راحة الصّدور وآیة السّرور در تاریخ آل سلجوق، ساغکردنەوەی موحەمەد ئێقباڵ و موجتەبا مینوویی، چاپی دووەم، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، ١٣٦٤

٥٤.ڕەزمارا حوسەین¬عەلی، فرهنگ جغرافیای ایران (آبادیها): استان پنجم: کردستان، بەرگی ٥، تاران، ١٣٥٥

٥٥.ڕەشید یاسەمی غوڵامڕەزا، بابا طاهر عریان، گۆڤاری ئەرمەغان، ژمارە ١، ١٣٠٨، لاپەڕە: ٦٦-٧٠

٥٦.زیا موحەمەد ڕەزا، اوراق پریشان ٤، گۆڤاری بوخارا، ژمارە ١٠٨، ڕەزبەر و گەلاڕێزانی ١٣٩٤

٥٧.زەڕین¬کووب عبدالحسین، جست¬وجو در تصوف ایران، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٥٧

٥٨.سادینی خالید، فەقێ تەیران: ژیان و بەرهەمێن و هەلبەستێن وی، چاپی دووهەم، وەشانخانەی نووبهار، ئەستەمبۆڵ، ٢٠٢٠

٥٩.ساڵحی مەحیەدین، سرود بادیه: در احوال شعرای کرد و لک و لر، چاپی یەکەم، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٨٠

٦٠.سوڵتانی ئەنوەر، کەشکۆڵە شێعرێکی کوردیی گۆران، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٠

٦١.سوڵتانی هەورامی موزەفەر بەهمەن، تاریخ هورامان، ئامادەکردن و ڕێکخستنی نادر کەریمیان سەردەشتی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئیحسان، تاران، ١٣٨٦

٦٢.سۆفی مازەندەرانی موحەمەد، دیوان، ساغکردنەوەی شەهاب تاهیری، وەشانخانەی ئیبن-سینا، تاران، ١٣٤٧

٦٣.سیستانی ئەفشار، کرمانشاهان و تمدن دیرینه آن، وەشانخانەی زەرین، تاران، ١٣٧١

٦٤.سەفا زەبیحوڵا، تاریخ ادبیات در ایران، بەرگی ١، وەشانخانەی زانکۆی تاران، ١٣٥٢

٦٥.سەفا زەبیحوڵا، تاریخ ادبیات در ایران، بەرگی ٥، چاپی پێنجەم، وەشانخانەی فردوس، تاران، ١٣٦٩

٦٦.سەمعانی عبدالکریم، الانساب، ساغکردنەوەی عبدالرحمن معلمی، دایرة المعارف العثمانیه، حەیدەرئاباد، ١٣٨٢ کۆچی


٦٧.سەنجابی عەلی ئەکبەر، ایل سنجابی و مجاهدات ملی ایران، ئامادەکردنی کەریم سەنجابی، وەشانخانەی شیرازە، تاران، ١٣٨٠ ٦٨.
شاخەوان سدیق، ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، سلێمانی، ٢٠٢١

٦٨.شاخەوان سدیق، ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، سلێمانی، ٢٠٢١


٦٩.شەیدا مەردۆخی مەلا عەبدوڵا، تاریخ سلاطین مەردۆخی، ئامادەکردنی ئەحمەد نەزیری، چاپی یەکەم، وەشانخانەی پەرتۆبەیان، سنە، ١٣٨٣
٧٠.شیرازی حافێز، دیوان خواجه شمس-الدین حافظ شیرازی، کۆکردنەوەی قەزوینی موحەمەد و غەنی قاسم، چاپخانەی سینا، تاران، ١٣٢٠
٧١.شەریف حوسەین-پەناهی، ملوانکەی شین، چاپی یەکەم، سنە، ١٣٥٧
٧٢.شەفیعی کەدکەنی موحەمەد ڕەزا، قلندریه در تاریخ: دگردیسی-های یک ایدئولوژی، وەشانخانەی سوخەن، تاران، ١٣٨٦
٧٣.شەمس قەیس ڕازی، المعجم فی معاییر اشعار العجم، ساغکردنەوەی موحەمەد قەزوینی و مودەڕس ڕەزەوی، تاران، ١٣٣٦
٧٤.شەمس ئیمسماعیل، بازخوانی و نقد تاریخی نظریه مینورسکی درباره گوران و پیوند آن با گیلان و کنارەهای دریای خزر، گۆڤاری تاریخ و تمدن اسلامی، ژماره ٤٤، پاییزی ١٤٠٢، لاپەڕە ١٢٦-١٥٠
٧٥.شەمیسا سیروس، سیر رباعی در شعر فارسی: به ضمیمه اجمالی در باب فهلوی، وەشانخانەی ئاشتیانی، تاران، ١٣٦٣
٧٦.عین القضات هەمەدانی، نامەها، ئامادەکردنی عەلینەقی مونزەوی و عەفیف عوسیران، چاپی سێهەم، وەشانخانەی ئەساتیر، تاران، ١٣٧٧
٧٧.عەسگەری عالەم عەلیمەردان، فهلویات یا تک-بیت-های کهن سور و سوگ به زبان لکی، وەشانخانەی ئەفلاک، خوڕەماباد، ١٣٨٢
٧٨.عەلیڕەزایی کەرەم، نگرشی به گویش چارپارەهای باباطاهر، وەشانخانەی شیداسب، ١٣٩٦
٧٩.عەلیزاده خەیات ناسر و حوسەینی ئاب-باریکی سەید ئارمان، پژوهشی در وزن فهلویات: با تکیه بر فهلویات کردی، گۆڤاری فصلنامه ادبیات و زبان-های محلی ایران زمین، ژماره ١٩، بەهاری ١٣٩٧
٨٠.غوڵامی سالومه، گویش-شناسی اشعار بابا طاهر و اهمیت آن در بازسازی زبان بومی پیشین همدان، گۆڤاری (نشریه پژوهش-های زبان-شناسی تطبیقی)، ژماره ٢٠، ١٣٩٩، لاپەڕە ٤٥-٧٨
٨١.فرووتەن عبدالرسول و سەیف عبدالرضا، تاملی در دوبیتی-سرایی بطرز بابا طاهر، گۆڤاری (ماهنامه تخصصی سبک-شناسی نظم و نثر فارسی)، ژماره ٤، ١٣٩٩
٨٢.فیرووزبەخش پژمان، پراکندەها ١، گۆڤاری بوخارا، ژماره ٨٦، بەهاری ١٣٩١، لاپەڕە ٤٤٤-٤٤٩
٨٣.قانع: شێخ موحەمەدی دۆڵاش، کۆی بەرهەمەکانی قانع، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ئامیار، سنە، ١٤٠٠
٨٤.قەزوینی ئەحمەد بن موحەمەد، تاریخ جهان-آرا، وەشانخانەی حافظ، تاران، ١٣٤٣
٨٥.کاردۆخی موحەمەد ئەمین، دیوانی سەیدی، وەشانخانەی کوردستان، سنە، ١٣٨٥

٨٦.کازەروونی ئیزەدی موحەمەد مەهدی مەزلووم¬زادە، کازرونیە: دفتر اول، ئامادەکردنی عمادالدین شیخ الحکمایی، وەشانخانەی کازرونیە، تاران، ١٣٨١
٨٧.کەسرەوی ئەحمەد، زندگی و زمانە احمد کسروی، ئامادەکردنی موحەمەد ئەمینی، شرکت کتاب، لۆس¬ئانجلس، ٢٠١٦
٨٨.کەشکۆڵی دەستنووس (سید صالح ماهیدشتی – نسخە کتابخانەی ملی – شمارە کتابشناسی ١١٢٠٣٥٧): لاپەڕەکانی ١٤، ٢٩ و ٨٨
٨٩.گۆران عەبدوڵا، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، وەشانخانەی پائیز، تاران، ١٣٨٦
٩٠.مستەوفی حەمدوڵا، نزهة القلوب، ئامادەکردنی موحەمەد دەبیرسیاقی، وەشانخانەی تەهووری، تاران، ١٣٣٦
٩١.مودەڕس مەلا عەبدولکەریم و فاتح عەبدولکەریم، کۆمەڵەی شێعری فەقێ قادری هەمەوەندی، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٠
٩٢.مورادی ئیرەج، شاعیرانی کۆنی کەڵاتەرزان، بەرگی ١، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠١٩
٩٣.مورادی ئیرەج، فەرهەنگی ڕوەکناسی کوردستان، وەشانخانەی کانی کتێب، سنە، ١٣٩٤
٩٤.مورادی ئیرەج، گەنجینەی پزیشکی حەکیمانی کوردەواری، بەرگی ١، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ڕۆژ، سنە، ١٣٩٨
٩٥.مورادی ئیرەج، هەوڵێک بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی یۆسفی یاسکە، گۆڤاری زانکۆی جیهان – سلێمانی، بەرگی ٦، ژمارە ٣، ٢٠٢٢، لاپەڕە ٦٠-٩١
٩٦.مونزەوی عەلینەقی و عەسیران عەفیف، نامەهای عین‌القضات همدانی، بەرگی ٢، وەشانخانەی ئەساتیر، تاران، ١٣٦٢
٩٧.مووسەوی غوڵامڕەزا، فرهنگ¬واژە پشتکوهی ایلام، وەشانخانەی گویش، ئیلام، ١٣٨٦
٩٨.موئەزەنی عەلی موحەمەد و زەهیر تەیوب، نامدار گمنان: بررسی متن بلاغة المراد فی الطریق الاوارد – علی عاشق خبوشانی جشنی صوفی و عارف صدەهای ٧ و ٨ قمری (زندە در ٧١٩ قمری)، گۆڤاری فصلنامە عرفان اسلامی، ژمارە ٥٨، ١٣٩٧
٩٩.میرزا سەمیعا، تذکرة الملوک، ئامادەکردنی موحەمەد دەبیرسیاقی، چاپی دووەم، وەشانخانەی ئەمیرکەبیر، تاران، ١٣٦٨
١٠٠.مینووی موجتەبا، از خزاین ترکیە، گۆڤاری (دانشکدۀ ادبیات دانشگاە تهران)، ساڵی چوارەم، ژمارە ٢، ١٣٣٥، لاپەڕە ٥٤-٥٨
вынужден считаться с нашей силой. Мы стали настолько сильными, что оказываем большую помощь другим странам. При этом надо сказать, что наша страна является многонациональным государством. В нашем Союзе 15 республик. Кроме того, имеются автономные республики, которые входят в Федерацию.

При большом количестве национальностей в Советском Союзе, благодаря ленинской национальной политике, мы создали крепкий союз народов, в котором нет противоречий между национальностями. Если бы, например, вы посетили наш Азербайджан или побывали бы в Ташкенте, то могли бы там посмотреть, как сейчас живут азербайджанцы и узбеки, которые при царизме жили очень бедно и являлись отсталыми народами в экономическом и культурном отношении. Это для вас было бы наглядным доказательством того, как разрешается национальный вопрос в условиях социалистического государства. То, что вы увидели бы в наших республиках, было бы наглядным доказательством того, что при установлении справедливости, которая в полной мере может быть осуществима в социалистическом обществе, народы действительно могут жить как братья.

А вот у вас в этом отношении очень острым вопросом является курдская проблема. Этот вопрос можно решить только на основе справедливости, с учетом всех особенностей и интересов самих курдов. Ваше государство не может быть крепким, если Вы не решите курдскую проблему. Главное в решении этой проблемы является установление равенства между народами и справедливое отношение одного народа к другому. Если вы этого достигните, то курды, населяющие соседние с вами государства – Турцию, Сирию и Иран, будут тянуться к вам. В этом случае ваше государство станет притягательной силой для всего курдского народа.

Я знаю, что вы – военные, к этому вопросу подходите по-своему. Военные думают так: раз шашка в руке, то можно легко одним давить других. При этом не учитывается то, что для успеха в случае борьбы с внешним врагом нужно именно единство всех национальностей в государстве.

Почему мы выдержали натиск интервенции в начальный период нашего существования? Против нас, молодой республики Советов, после Октябрьской революции пошли войной 14 различных государств. Иностранная интервенция и русские белогвардейцы при этом считали, что мы погибнем потому, что мы являемся многонациональным государством. Но этого не случилось, мы выдержали интервенцию и расправились с белогвардейцами потому, что в решении национального вопроса мы шли по ленинскому пути. Благодаря этой политики народы различных национальностей, являясь отсталыми до Октябрьской революции, сейчас несравненно выросли в экономическом и культурном отношении. В этом Вы можете убедиться, если посмотрите экономическое развитие Туркестана, Таджикистана и любой другой нашей республики.

Я недавно был в Объединенной Арабской Республике. Там я тоже видел большой прогресс в экономическом и культурном отношении. То, что сделал президент ОАР господин Насер, является большим прогрессом. Но я должен Вам сказать прямо и откровенно, что экономика сельского хозяйства продолжает там оставаться на уровне экономики Рамзеса Второго. Я думаю, что и у вас такое же положение. Этот вопрос надо решать на основе широкой механизации труда в сельском хозяйстве, а

له وڵاتی ئێوه(عێراق) مەسەلەی کورد وەک کێشەیەکی بەرچاو ماوەتەوە. ئەم پرسە تەنیا لە ڕێگەی دادپەروەرییەوە چارەسەر دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی و بەرژەوەندییەکانی کورد خۆی. عێراق بەهێز نابێت ئەگەر پرسی کورد چارەسەر نەکەیت. کلیلی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بریتییە لە دامەزراندنی یەکسانی لە نێوان گەلان و مامەڵەی دادپەروەرانە لەگەڵ گەلێک لەلایەن گەلێکی دیکەوە. ئەگەر ئەمە بەدەست بهێنن، خۆشەیوسیتی کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ- تورکیا، سوریا و ئێران- بەلای ئێوەدا ڕادەکێشرێن. لەم حاڵەتەدا دەوڵەتەکەت دەبێتە هێزێکی یەکگرتوو بۆ هەموو گەلی کورد. من تێدەگەم، ئێوە وەک پیاوی سەربازی، بە شێوەیەکی جیاواز بیر لەم بابەتە دەکەنەوە. زۆرجار بیرکردنەوەی سەربازی وا گریمانە دەکات کە مرۆڤ بە شمشێر دەتوانێت بە ئاسانی ئەوانی دیکە سەرکوت بکات. بەڵام زۆر گرنگە دان بەوەدا بنرێت کە یەکگرتوویی نێوان هەموو نەتەوەکان بۆ سەرکەوتن لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان پێویستە.

بۆچی ئێمە وەکو سۆڤیەت لە ڕۆژانی سەرەتای بوونماندا بەرگەی ئەو دەستێوەردانانەمان گرت؟ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ١٤ دەوڵەتی جیاواز شەڕیان دژی کۆماری گەنجی سۆڤیەت دەستپێکرد. دەستێوەردانکارانی بیانی و پاسەوانی سپی ڕووسیا پێیان وابوو ئێمە لەناو دەچین، چونکە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی بووین. بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. ئێمە بەرگەی ئەو دەستێوەردانانەمان گرت و پاسەوانی سپیمان تێکشکاند، چونکە لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی ڕێبازی لینینمان گرتەبەر. لە سایەی ئەم سیاسەتەدا گەلانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، کە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر چەوساوە بوون، لە ڕووی ئابووری و کولتوورییەوە گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. ئەمە لە گەشەسەندنی ئابووری تورکمانستان و تاجیکستان و هەر کۆمارێکی تری سۆڤیەتدا دەبینن.
بەم دواییە سەردانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبیم کرد و پێشکەوتنی بەرچاوم لە گەشەپێدانی ئابووری و کولتووریدا بینی. ئەوەی سەرۆک ناسر بەدەستی هێناوە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ داهاتوو. بەڵام دەبێ ڕاشکاوانە بڵێم: ئابووری کشتوکاڵی لەوێ لە ئاستی ڕامسی دووەمدا ماوەتەوە (واتە بە شێوازی کۆن کشتوکاڵ دەکەن وەکو سەردەمی فیرعەونەکان). من باوەڕم وایە دۆخی ئێوەش هاوشێوەیە. ئەم پرسە دەبێت لە ڕێگەی میکانیزەکردنی بەربڵاوی کاری کشتوکاڵییەوە چارەسەر بکرێت کە پێویستی بە چاکسازی کشتوکاڵی هەیە. کاتێک لە ناوچەی ئەسوان(پارێزگایەکە لە میسر) بووم، بینیم پارچە زەویە بچووکەکان بە بەکارهێنانی شێوازی سەدەی ناوەڕاست

для этого нужно произвести аграрную реформу. Когда я был в районе Асуана, я видел там маленькие клочки земли, обрабатываемые средневековым способом, т.е. я видел все так, как это изображается на картинах, отражающих период Рамзеса Второго. В наше время, когда мы решаем задачу полета в космос, такие картины никак не соответствуют возможностям современной техники.

Отсталая техника и у нас была в свое время. Но, благодаря нашей политике, направленной на то, чтобы все национальности были равными в политическом и экономическом отношении, мы ликвидировали у себя техническую отсталость. Узбеки, например, живут сейчас не хуже, даже богаче русских. Вам также надо идти по этому пути. Не знаю, наберетесь ли вы мужества для того, чтобы решить эту проблему. Думаю, что смелости у Вас много, а вот мужества у Вас для этого может и не хватить.

Ареф. В нашей внутренней политике мы не делаем различия между арабами и курдами.

Тов. Хрущев Н.С. Это Вы говорите формально. Почему Вы воюете с курдами?

Ареф. Войну с курдами вело правительство прежнее, и мы сейчас исправляем их ошибки. Сейчас мы живем в мире.

Тов. Хрущев Н.С. Да, я знаю, что Вы сейчас живете в мире, но также знаю и то, что этот мир висит на волоске. Курды ждут от настоящего правительства Ирака решения своей судьбы. Если этот вопрос не будет решен, мира не будет. Курды хотят действительного мира и хотят мирно жить вместе с арабами.

Ареф. У нас курды получили самостоятельность. Они учатся на своем родном языке и из состава курдского населения имеются чиновники в наших государственных учреждениях. Два месяца тому назад я посетил Барзани. Мне говорил он о том, что они хотят жить с нами в дружбе и пользоваться одинаковыми правами.

Тов. Хрущев Н.С. Я, конечно, не уполномочен вести переговоры от имени курдов. Но курды, как я понимаю, выдвигают вопрос о своей автономии. Этот вопрос вам и надо решить, чтобы быть сильными.

Вот у нас, например, как я уже сказал, большое количество национальностей. Но в Отечественную войну все национальности воевали дружно против общего врага и победили его. Для того чтобы Вам быть сильными, нужно правильно решить национальный вопрос. Все зависит от Вашей мудрости. Если Вы учтете запросы курдов, то они будут с Вами, и это будет укреплять Ваше государство.

Ареф. Спасибо за добрые советы. Мы желаем также советскому народу продолжать укреплять свое единство и желаем окончательной победы над империализмом. Эту борьбу мы активно ведем вместе с Вами после нашей революции 1958 года. Большая вам признательность и благодарность за оказываемую нам помощь и за колоссальное строительство в Асуане, который является символом дружбы советского и арабского народов.

Тов. Хрущев Н.С. Мы приветствуем революцию 1958 года. Мы в то время оказали Вам необходимую помощь, что явилось выражением нашей политики. Вот посмотрим, какую политику будет проводить Ваша страна. В своей внешний политике Вы сейчас имеете договор с ОАР. Мы приветствуем объединение арабских сил. Но Вы еще не договорились с

دەچێنرێن، کە تابلۆکانی سەردەمی ڕامسیی دووەمان بیردەخاتەوە. لە سەردەمی گەڕان بەدوای بۆشایی ئاسمانی ئێمەدا، ئەم جۆرە پراکتیزانە لەگەڵ توانا تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکاندا ناگونجێت.
ئێمەش لە سەردەمێکدا تەکنەلۆژیای دواکەوتوومان هەبوو. بەڵام لە سایەی سیاسەتی دەستەبەرکردنی یەکسانی لە نێوان هەموو نەتەوەکان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دواکەوتوویی تەکنیکیمان نەهێشتووە. بۆ نموونە ئێستا ئۆزبەکییەکان لە ڕووسەکان خراپتر و تەنانەت باشتریش ناژین. پێویستە ئەم ڕێگایە پەیڕەو بکەیت. نازانم ئازایەتیت دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟ پێم وایە تۆ بوێریت هەیە، بەڵام ڕەنگە خۆڕاگریت نەبێت.
عارف:
لە سیاسەتی ناوخۆماندا جیاوازی لە نێوان عەرەب و کورددا ناکەین.
خرۆشۆف:
ئایا تۆ بە فەرمی ئەمە دەڵێیت؟ ئەگەر وایە بۆچی لە ئێستادا عێراق لە شەڕدایە لەگەڵ کورد؟
عارف:
حکومەتی پێشووی عێراق شەڕی دژی کورد هەڵگیرساند، ئێمەش ئێستا خەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانین. لە ئێستادا لە ئارامیدایین.
خرۆشۆف:
بەڵێ دەزانم تۆ ئارامیت، بەڵام ئەوەش دەزانم کە ئەم ئارامییە درێژخایەن نییە. کورد چاوەڕێی ئەوە دەکات حکومەتی ئێستای عێراق چارەنووسی خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئەگەر ئەم پرسە چارەسەر نەکرێت ئارامی نامێنێت. کورد ئاشتی ڕاستەقینەی دەوێت و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ عەرەبدا بژی.
عارف:
کورد لە عێراقدا ئۆتۆنۆمی بەدەست هێناوە. ئەوان بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن، لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئێمەش بەرپرسی کورد هەن. دوو مانگ پێش ئێستا سەردانی بارزانیم (مستەفا بارزانی) کرد. پێی وتم کە ئەوان دەیانەوێت بە دۆستایەتی لەگەڵ ئێمەدا بژین و مافی یەکسان بەدەستبێت.

соседними государствами, а внутри своего государства у Вас еще не решен курдский вопрос.

Ареф. Мы стремимся к решению этих вопросов. До 1958 года Ирак являлся бастионом империализма. После 1958 года молодой Ирак идет по пути к прогрессу. Мы стремимся к тому, чтобы объединиться с соседними странами. Мы должны над этим работать и ни перед чем не останавливаться.

Тов. Хрущев Н.С. Мы это приветствуем. Но в вашем прогрессивном пути вы должны учесть, что главные силы – это рабочие и крестьяне. Я, конечно, понимаю, что в ваших головах это не совсем укладывается. Да это и вполне понятно.

Вас не так воспитывали. Для того чтобы вам понять это, вам нужны другие мозги. Вы не обижайтесь на это. Вы поймите, что, кроме меня, вам этого прямо никто не скажет. Вы поймите также то, что всех нас учит жизнь. Вас еще жизнь многому не научила. Жизнь – такая школа, которая научит и вас.

Конечно, вы, может быть, и не будете коммунистами, но ваши дети или внуки могут быть.

Ареф. Наш социализм содержит в себе национальный характер, и он будет национальным социализмом.

Тов. Хрущев Н.С. Социализм может быть научным с учетом ваших национальных особенностей.

Ареф. Мы понимаем ваши слова и считаем важным то, чтобы рабочие и крестьяне имели права.

Тов. Хрущев Н.С. Одних прав мало, главное, чтобы богатство было в их руках.

Ареф. Разрешите по этому вопросу сказать, что в руках нашего правительства находятся все железные дороги, банки, больницы, телеграф, электричество, водоснабжение и городской транспорт.

Тов. Малиновский Р.Я. А в чьих руках находится нефть?

То, что вы перечислили – это приносит расход государству, а то, что должно приносить доход, еще не находится в руках государства.

Ареф. Нефтяную проблему решить сразу мы не можем.

Тов. Хрущев Н.С. Я согласен, что сразу этот вопрос решить невозможно.

Ареф. Наш план экономического развития соответствует плану господина Насера.

Тов. Хрущев Н.С. Если будете присматриваться к господину Насеру, то это хорошо. Но вам предстоит очень большая работа. Кроме того, как нам известно, против вас имеются заговоры.

Ареф. Против нас феодалы и капиталисты.

Тов. Хрущев Н.С. Я должен сказать, что военные очень неопытные люди. В свое время Касем встретился с тов. Микояном А.И. Когда Микоян ему сказал, что он действует неправильно, Касем сказал, что у него армия и что он рассчитывает на нее, как на свою верную опору в государстве. Но вдруг Касема не стало. Почему? Потому, что он проводил антинародную политику. Народ не знал, что он защищает.

Когда Ленин поднял восстание, то воевала беднота с богатыми. Народ знал, за что он дрался. Он дрался за лучшую жизнь. Против Советской власти воевали генералы, а солдаты воевали за Советскую власть. А сейчас, кстати сказать, эти солдаты стали маршалами. Офицером старой армии из

خرۆشۆف:
من دەسەڵاتم نییە بە ناوی کوردەوە دانوستان بکەم. بەڵام وەک من لێیان تێگەیشتوم کورد پرسی ئۆتۆنۆمی دەوروژێنێت. ئەمە ئەو پرسەیە کە دەبێت یەکلایی بکەیتەوە بۆ ئەوەی بەهێز بیت.
لە وڵاتی ئێمەدا، وەک ئاماژەم پێدا، نەتەوە زۆرن. لە سەردەمی شەڕی گەورەی نیشتمانپەروەریدا، هەموو نەتەوەکان پێکەوە لە دژی دوژمنێکی هاوبەش شەڕیان کرد و بە سەرکەوتوویی دەرکەوتن. بۆ ئەوەی بەهێز بیت، پێویستە بە دروستی پرسی نەتەوەیی یەکلایی بکەیتەوە. هەموو شتێک بەندە بە حیکمەتی تۆوە. ئەگەر داخوازییەکانی کورد لەبەرچاو بگرن، لەگەڵتان دەبن و ئەمەش دەوڵەتەکەتان بەهێزتر دەکات.
عارف:
سوپاس بۆ ئامۆژگارییە میهرەبانەکانتان. هەروەها هیوای بەردەوامیی یەکرێزی و سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر ئیمپریالیزم بۆ گەلی سۆڤیەت دەخوازین. ئێمە لە ساڵی ١٩٥٨ەوە لە شۆڕشەکەمانەوە لەگەڵ ئێوە ئەم خەباتەمان بەیەکەوە بەڕێوەبردووە، زۆر سوپاسگوزارین بۆ ئەو هاوکاریانەی ئێوە پێشکەشتان کردووە و بۆ بنیاتنانی مۆنۆمێنت لە ئەسوان کە هێمای دۆستایەتی نێوان گەلانی سۆڤیەت و عەرەبە.

خرۆشۆف:
ئێمە پێشوازی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ دەکەین. لەو کاتەدا ئێمە هاوکاری پێویستمان پێشکەش کرد، کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکەمان بوو. دەبینین وڵاتەکەت چ سیاسەتێک پەیڕەو دەکات. لە سیاسەتی دەرەوەتدا، لە ئێستادا پەیماننامەیەکت لەگەڵ UAR هەیە. پێشوازی لە یەکگرتنی هێزە عەرەبییەکان دەکەین. بەڵام لەناو دەوڵەتی خۆتدا هێشتا بڕیارتان نەداوە پرسیاری کوردی چارەسەر بکەن.

наших маршалов был маршал Тухачевский, которого, кстати сказать, уничтожили по ошибке, допущенной Сталиным. По существу его уничтожили немцы. Они передали Сталину фальшивку, которой он поверил.

Я прошу Вас передать вашему президенту привет, пожелать ему успеха. От всей души желаю вам нерушимой дружбы между арабскими народами. Это полезное объединение. У вас еще много противников и вам это единство необходимо.

Ареф. Мы хотим идти по пути Насера.

Тов. Хрущев Н.С. Я знаю, что некоторые у вас против объединения. Надо, чтобы народ вас понял. В ОАР народ понимает Насера и, как я видел, любят его.

Ареф. Спасибо за добрый совет. Я вам должен также сказать, что нам нужно время для того, чтобы построить плотины на реках Тигр и Евфрат. В прошлом году мы уже соорудили одну плотину, как первоначальное сооружение для решения системы поливных полей. Но для дальнейшего сооружения у нас пока очень небольшие возможности.

Тов. Хрущев Н.С. Мы также развиваемся с учетом своих возможностей.

Ареф. Должен вам сказать, что у нас уже сейчас 25% земли обрабатывается машинами. Я не отрицаю, что у нас еще плуги и мотыги и что у нас средневековый способ производства земли, который мы постепенно будем изживать.

Тов. Хрущев Н.С. Нужно провести земельную реформу.

Ареф. Мы сейчас ввели ограничения площадей земли для отдельных владений.

Тов. Хрущев Н.С. Я недавно принимал иранскую принцессу. Она сказала, что шах проводит земельную реформу и вводит кооперативы. Но при этом интересно то, что муллы настраивают крестьян против этой реформы.

Ареф. У нас в каждой провинции имеется станция орошения.

Хайзаран (посол). Ирак в вопросах развития сельского хозяйства нуждается в транспортных средствах и в обучении специалистов со стороны Советского Союза.

Тов. Хрущев Н.С. Если официально обратитесь, поможем.

Ареф. По этому вопросу приедет в Советский Союз наш министр коммуникаций.

Тов. Хрущев Н.С. Я все же сожалею, что вы не увидите Ташкент. Там бы вы увидели, как хорошо применяется техника.

Если бы я составлял программу вашего пребывания, я бы вам посоветовал побывать в Туркестане.

Тов. Малиновский Р.Я. Программу они сами выбрали.

Тов. Хрущев Н.С. Конечно, для военных очень важно посмотреть Ленинград, а когда будет экономическая делегация – мы ей покажем Ташкент.

Ареф вручает памятные подарки и после взаимного обмена дружественными приветствиями визит заканчивается.

Запись Н.С. Хрущевым не просматривалась.

Беседу записал [Н.П.] Дагаев.

РГАНИ. Ф. 52. Оп. 1. Д. 566. Л. 46–54. Подлинник.

عارف:
 هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پرسانە دەدەین. پێش ساڵی ١٩٥٨ عێراق قەڵای ئیمپریالیزم بوو. لە ساڵی ١٩٥٨ەوە عێراقی نوێ، بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێت. ئێمە هەوڵ دەدەین پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بگەیەنینە ئاستێکی باش. پێویستە بۆ ئەم ئامانجە کاربکەین و لە هیچ ئاستەنگێکدا نەوستین.

خرۆشۆڤ:
ئێمە پێشوازی لەم بابەتە دەکەین. بە ڵام دەبێت دان بە وەدا بنێن، کە هێزی سەرەکی سەرکەوتن کرێکاران و ڕەنجبەرانن. بێگومان من تێدەگەم کە ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە بە تەواوی بۆ تۆ ڕوون نەبێت. بۆ ئەوەی بەڕاستی لەم بابەتە تێبگەیت، پێویستت بە بیرکردنەوەیەکی جیاوازە. تورە مەبە- تەنها ئەوە تێبگە کە کەسی تر ڕاستەوخۆ ئەمەت پێ ناڵێت. هەروەها تێبگە کە ژیان خۆی گەورەترین مامۆستایە. هێشتا زۆر شت هەیە کە ژیان فێری نەکردووین. ژیان قوتابخانەیەکە کە پەروەردەت دەکات. بێگومان ڕەنگە ئێوە نەبن بە کۆمۆنیست، بەڵام ڕەنگە منداڵەکانتان یان نەوەکانتان ببن.
عارف:
سۆسیالیزمی ئێمە سیمای نەتەوەیی هەیە، بە سۆسیالیزمی نەتەوەیی دەمێنێتەوە.
خرۆشۆڤ:
سۆسیالیزم دەتوانێت زانستی بێت، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیش لەبەرچاو بگرێت.
عارف:
 ئێمە لە قسەکانی ئێوە تێدەگەین، بە گرنگ دەزانین کرێکاران و کۆڵبەران مافیان هەبێت.
خرۆشۆڤ:
مافەکان بە تەنیا بەس نین- کلیلەکە ئەوەیە کە سامان لە دەستی ئەواندا بێت.
عارف:
 لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبێ بڵێم، حکوومەتەکەمان کۆنتڕۆڵی تەواوی هێڵی ئاسنین، بانک، نەخۆشخانە، خزمەتگوزاری تەلەگراف، کارەبا، ئاو و گواستنەوەی شارەکان دەکات.

مالینۆڤسکی:
بەڵام کێ کۆنترۆڵی نەوت دەکات؟ ئەوەی تۆ ئاماژەت پێکرد هەموو خەرجییەکانن بۆ دەوڵەت، بەڵام سەرچاوە ڕاستەقینەکانی داهات هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نین.
عارف:
 ناتوانین دەستبەجێ کێشەی نەوت چارەسەر بکەین.

خرۆشۆف:
منیش هاوڕام کە ئەم کێشەیە بە شەوێک چارەسەر ناکرێت.
عارف:
پلانی گەشەپێدانی ئابووریمان لە مۆدێلی سەرۆک ناسرەوەیە.
خرۆشۆف:
ئەگەر تۆ وەک نموونەیەک سەیری ناسر دەکەیت، ئەوە شتێکی باشە. بەڵام کارێکی زۆرت لە پێشە. سەرەڕای ئەوەش وەک دەزانین پیلانگێڕی لە دژی ئێوە هەیە.
عارف:
نەیارانی سەرەکی ئێمە فیۆداڵ و سەرمایەدارەکانن.
خرۆشۆف:
دەبێ بڵێم زۆرجار سەرکردە سەربازییەکان لە حوکمڕانیدا بێ ئەزموونن. لە سەردەمێکدا عبدالکەریم قاسم لەگەڵ هەڤاڵ میکۆیان کۆبووەوە. کاتێک میکۆیان پێی گوت کە هەڵە دەکات، قاسم وەڵامی دایەوە کە سوپام هەیە و پشتی پێ بەستووە. بەڵام لەناکاو قاسم نەما. بۆچی؟ چونکە سیاسەتی دژەگەلی پەیڕەو دەکرد. خەڵک نەیانزانی بەرگری لە چی دەکات. کاتێک لینین سەرکردایەتی شۆڕشی دەکرد، هەزارەکان دژی دەوڵەمەندەکان شەڕیان دەکرد. خەڵک دەیانزانی کە شەڕی چی دەکەن- خەباتیان بۆ ژیانێکی باشتر دەکرد. دژی دەسەڵاتی سۆڤیەت، ئەوە ژەنەراڵەکان بوون کە شەڕیان دەکرد، بەڵام سەربازەکان پشتگیریان لە دەسەڵاتی سۆڤیەت دەکرد. ئەوەی جێگای سەرنجە، هەمان ئەو سەربازانە دواتر بوون بە مارشال. یەکێک لە گەورەترین مارشالەکانمان مارشال توخاچێڤسکی بوو کە بەداخەوە بەهۆی هەڵەیەکی ستالینەوە لەسێدارەدرا. لە واقیعدا ئەوە ئەڵمانییەکان بوون کە بەرپرسیار بوون لە مردنی. بەڵگەنامەیەکی ساختەیان بۆ ستالین نارد و بڕوای پێکرد.
داواتان لێدەکەم سڵاوی خۆم بگەیەنن بە سەرۆکەکەتان و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم. من لە دڵەوە هیوادارم دۆستایەتییەکی نەشکاو لە نێوان گەلانی عەرەبدا هەبێت. ئەمە یەکێتییەکی پێویست و سوودبەخشە. هێشتا نەیارەکانت زۆرن و ئەم یەکێتییە بۆ ئێوە زۆر گرنگە.
عارف:
ئێمە دەمانەوێت ڕێبازی ناسر بگرنە بەر.
خرۆشۆف:
دەزانم هەندێک کەس لە وڵاتەکەت دژی یەکگرتنن. پێویستت بە تێگەیشتنی خەڵکە. لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، خەڵک لە ناسر تێدەگەن و خۆشیان دەوێت.
عارف:
سوپاس بۆ ئامۆژگارییە میهرەبانەکانت. هەروەها دەبێ ئەوە بڵێم کە پێویستمان بە کات هەیە بۆ دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووباری دیجلە و فورات. ساڵی ڕابردوو یەک بەنداومان دروستکرد وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بەرەو پەرەپێدانی سیستەمی ئاودێری. بەڵام هێشتا سەرچاوەکانمان بۆ بیناسازی زۆر سنووردارە.

خرۆشۆف:
ئێمەش لەسەر بنەمای تواناکانمان گەشە دەکەین.
عارف:
دەبێت پێتان بڵێم لە ئێستاوە ٢٥٪ی زەوییەکانمان بە بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی دەچێنرێت. بەڵام ئینکاری ئەوە ناکەم کە ئێمە هێشتا شێوازێکی سەدەی ناوەڕاستمان هەیە بۆ چاندنی زەوی، کە وردە وردە بەسەریدا زاڵ دەبین.
خرۆشۆف:
پێویستە چاکسازی لە زەویدا جێبەجێ بکەن.
عارف:
ئێستا سنوورمان بۆ قەبارەی زەوی و زارەکان داناوە.
خرۆشۆف:
لەم دواییانەدا لەگەڵ شازادەیەکی ئێرانی کۆبوومەوە. ئاماژەی بەوەکرد، شا چاکسازی لە زەوی و زار دەکات. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، مەلاکان و کۆڵبەران لە دژی ئەم چاکسازییە وەستاون.
عارف:
لە هەموو پارێزگایەک وێستگەیەکی ئاودێریمان هەیە.
باڵیۆز حەیزەران:
عێراق پێویستی بە سەرچاوەی گواستنەوە و ڕاهێنان هەیە بۆ پسپۆڕانی گەشەپێدانی کشتوکاڵی، ئێمەش داوای هاوکاری لە یەکێتی سۆڤیەت دەکەین.
خرۆشۆف:
ئەگەر داواکارییەکی فەرمی پێشکەش بکەن، ئێمە هاوکاریتان دەکەین.
عارف:
وەزیری پەیوەندییەکانمان سەردانی یەکێتی سۆڤیەت دەکات، بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە.
خرۆشۆف:
بەداخم کە تاشقەنت نابینیت. لەوێدا دەتوانیت شایەتحاڵی بەکارهێنانی کاریگەرانەی تەکنەلۆژیا بیت. ئەگەر من بەرنامەی سەردانەکەتانم دیزاین دەکرد، ئامۆژگاریم دەکردن ، کە سەردانی تورکمانستان بکەن.
مالینۆڤسکی:
.

ئەوان خۆیان بەرنامەی گەشتەکەیان داناوە.
خرۆشۆف:
بێگومان بۆ بەرپرسانی سەربازی گرنگە سەردانی لینینگراد بکەن. کاتێک وەفدێکی ئابووری هات تاشقەندیان پیشان دەدەین.

(عارف دیاری یادگاری پێشکەش بە خرۆشۆف دەکات، و دوای ئاڵوگۆڕی سڵاوی دۆستانە، سەردانەکە کۆتایی دێت.

بابەتەکە بە ناوی «تۆماری گفتوگۆی نێوان ن.س.خرۆشۆف و شاندی سەربازی عێراق لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٤». لە ئەرشیفی دەوڵەتی ڕووسیا بۆ مێژووی هاوچەرخ (RGANI) لە ژێر ئاماژەی: فۆند ٥٢، ئۆپیس ١، دیلۆ ٥٦٦، لاپەڕە ٤٦-٥٤ ئەرشیف کراوە.

پوختەیەک لە کتێبی «ئەرمەنییەکان، کوردەکان و تورکەکان»
نووسینی جەیمس کرێگ سمیس ساڵی ١٨٨٠.
ئامادەکردنی: د. موحسین دۆسکی

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی وردی و تێڕوانینێک بۆ کارلێکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان ئەرمەنییەکان، کوردەکان و تورکەکان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەخاتە ڕوو. ئێمە لێرەدا، هەوڵدەدەین پوختەیەک لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە نەتەویە کورد بیخەینەڕوو.

کورد، گرووپێکی نەتەوەیی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی ئێستای باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکووری عێراق، باکووری ڕۆژئاوای ئێران و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە، پەیوەندییەکی دوور و درێژ و ئاڵۆزیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە. لەم شیکارییەدا بەدواداچوون بۆ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی کورد لەگەڵ ئیمپراتۆریەتدا دەکەین، هەروەک لە گێڕانەوەی کرێگ سمیسدا وێنا کراوە، قووڵ دەبینەوە لە داینامیکی ژیانی خێڵەکی کورد، ڕۆڵی ئەوان لە پێکهاتە سەربازی و ئیدارییەکانی ئیمپراتۆریەتدا و گۆڕانی سروشتی ئەوان هاوپەیمانی و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و نەتەوەکانی دراوسێ.

پێکهاتەی خێڵەکی و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کورد

گێڕانەوەی کرێگ سمیس تیشک دەخاتە سەر سروشتی خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە داڕشتنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. کوردەکان لە ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکاندا ڕێکخرابوون، هەریەکەیان سەرۆک عەشیرەتێکی خۆیان، یان ئاغایان هەبوو، کە دەسەڵاتێکی بەرچاویان بەسەر ئەندامانی هۆزەکەدا هەبوو. ئەم پێکهاتە خێڵەکییە بە هەستێکی بەهێزی دڵسۆزی بۆ خێڵ و سەرکردەکانی تایبەتمەند بوو، کە زۆرجار جێگەی هەر دڵسۆزییەک بۆ دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی دەگرتەوە.

ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری

عەشیرەتە کوردەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا شێوازیک لە ئۆتۆنۆمییان هەبوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکە، بەتایبەتی لە ناوچە دوور و شاخاوییەکان کە کوردەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، زۆرجار لاواز بوو، ئەمەش ڕێگەی بە هۆزەکان دەدا بەپێی داب و نەریت و یاسای خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن.

کرێگ سمیس ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم خودموختارییە هەم نیعمەتێک بوو و هەم نەفرەتێک بوو بۆ کورد. لە لایەکەوە ڕێگەی پێدەدان ناسنامەی کولتووری جیاواز و شێوازی ژیانی خۆیان بپارێزن. لە لایەکی تریشەوە ئەوە بەو مانایە بوو، کە حکومەتی ناوەندی عوسمانی زۆرجار کوردەکانی بە ئاژاوە گێڕ و دژوار دەبینی، وا وێنای دەکردن کە کۆنترۆڵکردنیان سەختە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە عوسمانییەکان بژاردەی سەربازیی بەکاربهێنن و هێرش بکەنە سەر کوردەکان هەتا دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بەسەردا بسەپێنن.

پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و گروپە نەتەوەییەکانی دراوسێ

پەیوەندی نێوان کورد و دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکەوە هاوپەیمانی بوو، لە لایەکی ترەوە ململانێ و یاخیبوون بوو. لە کاتێکدا کوردەکان زۆرجار وەک هاوپەیمانێکی گرنگی عوسمانییەکان خزمەتیان دەکرد، بەڵام خواستی خودموختاری و ململانێی زۆریان لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ هەندێکجار دەیانخستە ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. نووسەر باس لەوە دەکات، کە چۆن سەرۆکە کوردەکان زۆرجار بەیعەتیان بە سوڵتان دەدا لە بەرامبەر ئیمتیازات و ئۆتۆنۆمیدا. بەڵام حکومەتی ناوەندی قبوڵی نەدەکرد و هەوڵی دەدا دەسەڵاتی خۆی ڕاستەوخۆ بسەپێنێت بەسەر هەموو ناوچەکاندا و ئامدە نەبوو بە هیچ جۆرێک ئۆتۆنۆمی بدات بە کوردەکان.

کاتێک سەرکردە کوردەکان هەستیان بەوە دەکرد کە ئۆتۆنۆمییان لە مەترسیدایە. دەستیان دەکرد بە بەرەنگاربوونەوە و گوێڕایەڵی نەکردنی ناوەند. زۆرجار بەرەنگاربوونەوەکان خۆجێی بوون و بەهۆی نارەزایەتی تایبەتەوە سەری هەڵدەدا. بەڵام لە ناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی بەرخۆدانێکی فراوانتر بوون بەرامبەر بە کۆنترۆڵی ناوەندی.

ململانێ و هاوکاری کوردەکان لەگەڵ ئەرمەنییەکان

پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنەکان ئاڵۆز بوو و زۆرجاریش پڕ بوو لە گرژی. گێڕانەوەی کرێگ سمیس تیشک دەخاتە سەر کێبڕکێی ئابووری و کۆمەڵایەتی نێوان ئەو دوو گرووپە، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

لە کاتێکدا کە نموونەی هاوکاری لە نێوانیان هەبوو، بەتایبەتی لە بواری بازرگانیدا، زۆرجار هەردوو گرووپەکە لەسەر زەوی و سەرچاوە سروشتییەکان لە ململانێدا بوون. بەڵام پەیوەندی نێوانیان تەنیا دژایەتی نەبوو. لەلایەکی ترەوە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هاوسەرگیری نێوان کورد و ئەرمەنەکان بەشێکی گرنگی ژیانیان بوو، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ئەو دوو پێکهاتە بۆ چەندین نەوە شان بە شانی یەکتر ژیاون.

پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ تورک و دەسەڵاتی ناوەندی

پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ دانیشتوانی تورکیا و دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی بە هەمان شێوە ئاڵۆز بوو. لە کاتێکدا کوردەکان ناسنامەی موسوڵمان بوونیان لەگەڵ تورکەکاندا هاوبەش بوو، بەڵام زۆرجار ناسنامەی ئیتنیکی و کولتووری جیاوازیان جیای دەکردنەوە.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات هەندێک جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە بە گومانەوە سەیر کوردەکان دەکرا، بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتای ئیمپراتۆریەتەکەدا، کاتێک بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە هەڵکشان بوون. هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی زیاتر بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا بەرەوڕووی بەرخۆدان بووەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەرییان و سەرکوتکردنیان.

سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم لە ژێر دەسەڵاتی ئیپڕاتۆریەتی عوسمانیدا

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا سەریانهەڵدا، کوردەکانیش بێ بەشنەبوون لەو تەوژمە نەتەوەییە، لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئەرمەنەکان یان عەرەبەکان، گەشەسەندو نەبوو بەڵام لەگەڵ لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتەکەدا وایکرد کە هەستی نەتەوەی بە زووی بە ناو کوردەکاندا بڵاوبوویەوە. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەستی نەتەوەیی لە نێو کوردەکان بە زووی پەرەسەندنی گەیشتە ئەو ڕادەیەی زۆر جار داوای ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت سەربەخۆییان لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد.

ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پرسی کورد

لەگەڵ پاشەکشەی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پرسی کورد زیاتر بووە جێگای باس، لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکە دۆخێکی ناجێگیری لە ناوچە کوردنشینەکاندا دروستکرد. کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی ناو ئیمپراتۆریەت دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ئەگەری ئۆتۆنۆمی زیاتر یان تەنانەت سەربەخۆیی. نوووسەر باسێکی وردی ئەو ئاڵەنگاریانە دەکات، کە لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە. پاشەکشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆشایی دەسەڵاتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا دروستکرد و بووە هۆی زیادبوونی ناسەقامگیری و ململانێ. کورد لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی دارماو و بەرزبوونەوەی نفوزی زلهێزەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی بەریتانیا و ڕووسیا، کە بەرژەوەندیی خۆیان لە ناوچەکەدا هەبوو، گیریان خوارد.

لە دوای لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتەکە، هەندێک لە سەرکردە کوردەکان هەوڵیان دەدا لەم قۆناغیدا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا باشبکەنە و هاوکاریانبن، هەتا عوسمانییەکانیش لە بەرامبەردا دەسەڵات و ئۆتۆنۆمیان پێبدەن. هەندێک سەرکردەی چاویان لە دەسەڵاتە دەرەکییەکان بوو بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی زیاتر. هەروەها لەم قۆناغەدا سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناسیونالیستیەکانیش ڕۆڵی گرنگییان هەبوو، هەوڵیان دەدا عەشیرەتە کوردییەکان یەکبخەن و هەوڵی بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان بدەن.

ئەنجام

کتێبی «ئەرمەنییەکان، کۆردەکان و تورکەکان»ی جەیمس کرێگ سمیس، باسێکی بەنرخە بۆخستنەڕووی ڕەوشی پەیوەندی ئەو نەتەوانیە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا. ، تێڕوانینێک سەبارەت بەو ئاڵەنگاری و دەرفەتانەی کە کورد لەناو سیستەمی عوسمانیدا ڕووبەڕوویان بووەتەوە پێشکەش دەکات.

ئەزموونی کورد لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی بوو لە نێوان بەدەستهێنانای ئۆتۆنۆمی زیاتر و خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی داینامیکی ئیمپراتۆریەتەکەدا. لە کاتێکدا کورد توانی ناسنامە و شێوازی ژیانی جیاوازی خۆی بپارێزێت، بەڵام ڕووبەڕووی ئالینگاری بەرچاو بووەوە، بەتایبەتی کە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی بە ناوەندیکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی دەدا.

گەشتێک بە زمانی کوردیدا

گەڕانێک لە کتێبی Grammatica e Vocabolario della Lingua Kurda

نووسینی: ماوریزیۆ گارزۆنی ١٧٨٧

ئامادەکردنی: م. ئادیار سعدی

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا زمانی کوردی کە کورد لە ناوچەکانی کوردستان، میزۆپۆتامیا و ئێران قسەی پێدەکرد، تا ڕادەیەکی بە جیهانی ئەورووپی نامۆ بوو. هەر لە بەر ئەم هۆکارە بوو، کە ماوریزیۆ گارزۆنی ئەرکی نوویسن و ئامادەکردنی یەکەمین کتێبی دەربارەی ڕێزمان و وشەسازیی هەمەلایەنەی زمانی کوردیی لە ئەستۆ گرت. کتێبی (Grammatica e Vocabolario della Lingua Kurda)ی گارزۆنی لە ساڵی ١٧٨٧ لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بڵاوکراوەتەوە. وەک بەرهەمێکی پێشەنگ لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کوردی ناوزەند دەکرێت. لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە قوڵببینەوە و بەدواداچوون بکەین، بۆ گرنگی پێکهاتە و ئەو تێڕوانینانەی کە بۆ زمان و کولتوری کوردی لەو سەردەمە پێشکەش کراوە.

زەمینە و ئامانجی مێژوویی

کارەکەی گارزۆنی لە پێویستییەکی کردەیی لەدایک بووە. وەک نێردەیەکی(بانگەشەکاری ئایینی) ئەو ئاڵەنگاریانەی ناسی کە لە پەیوەندی لەگەڵ گەلی کورد ڕووبەڕووی هاوڕێ نێردەکانی دەبنەوە، کە بە زمانێک قسەیان دەکرد، کە نەک هەر جیاواز بوو، بەڵکو هیچ سەرچاوەیەکی ڕێزمانی یان وشەیی بە زمانە ئەورووپییەکاندا نەبوو. ئامانجی سەرەکی گارزۆنی ئاسانکاری بوو بۆ کاری نێردەکانی داهاتوو، بە دابینکردنی ئامرازەکانی فێربوون و تێگەیشتن لە زمانی کوردی. پاڵنەرەکەی تەنها ئەکادیمی نەبوو بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ویستی نێردەیدا بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە نێو کوردەکاندا، کە زۆرینەیان موسڵمان بوون، لەگەڵ کەمینەیەکی مەسیحی و جوولەکە.

نووسەر لە پێشەکیدا دان بەو ئاستەنگیانەدا دەنێت، کە لە فێربوونی زمانی کوردیدا بە بێ هاوکاری هیچ کتێبێکی ڕێزمان و فەرهەنگێک ڕووبەڕووی بووەتەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمانی کوردی وێڕای هاوبەشی هەندێک ڕەگ و ڕیشەی لەگەڵ زمانی فارسیدا، پەرەی سەندبوو بۆ زمانێکی جیاواز کە تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبوو. بۆیە کارەکەی گارزۆنی تەنیا هەوڵێکی زمانەوانی نەبوو بەڵکو پردێکی کولتووری بوو، کە ئامانج لێی پەرەپێدانی لێکتێگەیشتن و پەیوەندی باشتر لە نێوان ئەورووپییەکان و گەلی کورد بوو.

پێکهاتەی کتێبەکە

کتێبی (Grammatica e Vocabolario della Lingua Kurda)ی گارزۆنی بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە: ڕێزمان (Grammatica) و وشەسازی (Vocabolario). هەر بەشێک بە وردی ڕێکخراوە، کە ڕەنگدانەوەی ڕێبازی سیستماتیکی نووسەرە بۆ بەڵگەنامەکردنی زمان.

رێزمان (Gramatica)

بەشی رێزمان بەردی بناغەی کارەکانی گارزۆنییە. تێڕوانینێکی گشتیی ورد لە پێکهاتەی زمانی کوردی دەخاتە ڕوو، کە فۆنێتیک، مۆرفۆلۆژی، ڕستەسازی و گەردانکردن دەگرێتەوە. نووسەر بە پێشەکییەک بۆ ئەلفوبێی کوردی دەست پێدەکات. و ئاماژە بەوە دەکات کە کورد بە پلەی یەکەم پیتی فارسی لە نووسینەکانیدا بەکاردەهێنێت. بەڵام بەو پێیەی ئەوروپییەکان لە ڕێنووسی فارسی تێنەدەگەشتن، گارزۆنی وای پێباشدەبێت زمانی کوردی بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی پێشکەش بکات.

ئەلفوبێ و بێژەکردن

نووسەر ڕوونی دەکاتەوە، کە زمانی کوردی زۆر وشەی عەرەبی و فارسی لەخۆ گرتووە، کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و لەگەڵ فۆنێتیکی کوردیدا گونجێنراون. ڕێنوێنییەکی ورد بۆ بێژەکردن پێشکەش دەکات، لەوانەش بەکارهێنانی دەنگە قورگییەکان(گەرووی) کە لە زمانی کوردیدا، بەڵام بۆ قسەکەرانی زمانی ئیتاڵی ئاڵەنگارییە. بۆ نموونە باسی بێژەکردنی پیتی» ع دەکات، بە دەنگێکی قورگی ناوی دەبات، پیتی «A» وەکو هاوتای داناوە. لە بەرامبەر پیتی «گ» پیتی «C» کە دوو خاڵ لە سەروویەوەیە، داناوە.

نووسەر لە بەشێکی تردا باس لە کردار دەکات. کرداری کوردی دەکاتە سێ چین: کرداری سادە، کرداری ئاوێتە و کرداری بکەر نادیار. گارزۆنی خشتەی پەیوەندی بەرفراوان بۆ هەر پۆلێک دابین دەکات، کە نیشان دەدات کە چۆن کردارەکان فۆرم دەگۆڕن لەسەر بنەمای کات و ڕووداو و کەس. بۆ نموونە، کرداری «ئەنجامدان» لە ئێستا، ڕابردوو و داهاتوو، هەروەها گارزۆنی باس لە پێکهاتنی سیفاتی بەراوردکار ی لە زمانی کوردیدا دەکات. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە پلەی بەراورد بە زیادکردنی پێشگری «تر» کە لە پێش ئاوەڵناوەکدا دادەنریت دروستدەکرێت، و پلەی باڵا بە دانانی پێشگری «ترین» لە پێش فۆڕمی بەراوردکارییەوە دروست دەبێت. بۆ نموونە جوان لە پ؛ەی بەراوردا دەبێت «جوانتر» و لە پلەی باڵادا دەبێتە «جوانترین»

وشەسازی (Vocabolario)

بەشی دووەمی کارەکەی گارزۆنی بەشی وشەسازییە کە وەک فەرهەنگێکی گشتگیری کوردی – ئیتاڵییە. دەوڵەمەندە بە زاراوەی ڕۆژانە، وشەی پەیوەندیدار بە ئایین، بازرگانی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە.

فەرهەنگەکە بە پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێ ڕێکخراوە بە جۆریکە، کە وشەی کوردی دانراوە لە بەرامبەریدا هاوتا ئیتاڵییەکەی دانراوە. جگە لەوەی کە وشەی سادە لە خۆدەگرێت، کۆمەڵێک زاراوەی دارێژرا، کرداری بنەڕەتی و تا دەگاتە دەربڕینی ئاڵۆزتر و دەستەواژەی بابەتی لە خۆ دەگرێت. بۆ نموونە لە ژێر پیتی «A»دا، نووسراوەکانی وەک «abbandonare»

(وازهێنان)، «abbastanza» (بەسە) و «abitare» (بۆ ژیان) دەبینینەوە. هەر وشەیەک نموونەی بەکارهێنانی لەگەڵدایە، زۆرجار لە شێوەی گرێ یان ڕستەدایە. کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن مانای وشەکە.

تێڕوانینە کولتوورییەکان

یەکێک لە لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی فەرهەنگەکەی گارزۆنی، ئەو تێڕوانینە کولتووریانەیە کە پێشکەشی دەکات. لە ڕێگەی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لەخۆی دەگرێت، کورتەیەک دەربارەی ژیان و داب و نەریت و بیروباوەڕی ڕۆژانەی گەلی کورد دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە هاتنە ژوورەوە بۆ (کاروان) گوزارشت لە گرنگی بازرگانی و سەفەرکردن دەکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە کاتێکدا زاراوەی پەیوەست بە ئایین، وەک (مەلا و مزگەوت) تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی باڵادەستی ئیسلام لە ناوچەکەدا.

لە بەشێکی تردا کۆمەڵێک زاراوەی پەیوەست بە پلەبەندی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی کوردی لەخۆدەگرێت، وەک (ئاغا و پاشا) ئەم دەستەواژانە زەمینەیەکی بەنرخ بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە سەدەی هەژدەهەمدا دەخەنەڕوو.

بەکارهێنانی پراکتیکی

بەشی وشەسازی تەنیا سەرچاوەیەکی زمانەوانی نییە بەڵکو ڕێبەرێکی پراکتیکییە بۆ (نێردرا) و گەشتیاران. فەرهەنگەکە ئەو زاراوانەی پەیوەستن بە خواردن، جل و بەرگ، کەلوپەلی ناوماڵ و دەستەواژەکانی کارلێکە کۆمەڵایەتییە باوەکان، وەک سڵاو و دەربڕینی سوپاسگوزاری لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە، دەستەواژەی کوردی بۆ سڵاوکردن لە بەیانیاندا دەخاتە ڕوو (بەیانی باش) هەروەها بۆ پرسیارکرن لە تەندروستی و حاڵ و وەزع وشەی چۆنیت دیاری دەکات.

ئەنجام

کتێبی (Grammatica e Vocabolario della Lingua Kurda) لە نووسینی ماوریزیۆ گارزۆنی، بەرهەمێکی گرنگە لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا. نوێنەرایەتی یەکێک لە هەوڵە سەرەتاییەکان دەکات بۆ شیکردنەوەی سیستماتیکی ڕێزمان و وشەسازیی کوردی، کە لەو سەردەمەدا سەرچاوەیەکی بەنرخ بووە بۆ (نێردراوان) و زماناناس و لێکۆڵەران. کتێبەکە لە دەرەوەی بەشدارییە زمانەوانیەکانی، پەنجەرەیەک بۆ کولتوور و کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد لە سەدەی ١٨دا پێشکەش دەکات.

ئەم کتێبە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە، کە تێڕوانینێک بۆ میراتی زمانەوانی و کولتووری گەلی کورد پێشکەش دەکات. وەک بەڵگەیەک لەسەر گرنگی هەمیشەیی زمان وەک ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و پەیوەندیکردن بە جیهانی دەوروبەرمانەوە. بۆ هەر کەسێک ئارەزووی مێژووی زمانەوانی، زمانی کوردی، یان کارلێکە کولتوورییەکانی نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت، کارەکەی گارزۆنی سەرچاوەیەکی بە نرخە.

کۆتای..

وەسفی دەستنوسە کوردییەکان لە کۆکراوەکانی لێنینگراد، لە نوسینی «مارگەریتە باریسەڤنە ڕودێنکۆ»، مۆسکۆ، ١٩٦١.

وەرگێڕانی: د. سەرباز عزیز وەرتی

پێشەکی:

دەستنووسە کوردییەکان لە کۆکراوەکانی لینینگراد (سانپترس بورگی ئەمڕۆ) لە بەشی دەستنووسەکانی کتێبخانەی گشتی دەوڵەتدا هەڵگیراون لەژێر ناوی «سەلتیکۆڤ-شێدرین»ە، لە پەیمانگای گەلانی ئاسیا، ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤییەت.

ئەم بەڵگانە لە کاتی خزمەتکردنی <ئا.د. ژاب> وەک قونسوڵی ڕوسیا لە تورکیا لە ماوەی سالآنی «١٨٣٦ تا ١٨٦٩» لە شارەکانی ئەرزەڕۆم و سمیرنە کۆکراوەتەوە. لە ساڵی «١٨٥٦»ەوە، بەناوی ئەکادیمیست <دۆرن>.

<ژاب> دەستی کرد بە خوێندنی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی بابەتی ئەدەب، فۆلکلۆر، زمان و ئێتنۆگرافیای کورد، هەروەها کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان.

مەلا و زانای کورد ملا مەحموود بایەزیدی لەم بابەتەدا هاوکاری زۆری کردووە. بە گوتەی <ژاب>، ملا مەحموود بایەزیدی لە کۆتایی سەدەی «١٨» لە دایک بووە. لە بایەزید خوێندنی سەرەتایی کردووە، پاشان دەچێتە شاری تەبرێز بۆ خوێندن، لەوێ زانیاری نایابی لە بوارەکانی زمانی عەرەبی و فارسی و ئەدەب، مێژوو، ڕێزمان، فەلسەفە و ئایین بەدەستهێناوە. لە پەنجاکانی سەدەی «١٩». لە ئەرزەڕۆم نیشتەجێ دەبێت، لەو کاتەوە دەبێتە یاریدەدەرێکی چالاک بۆ <ژاب> لە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکاندا.

چەندین دەستنووسی کوردی بە ناوەڕۆکی جۆراو جۆر لە لقی لینینگرادی پەیمانگای گەلانی ئاسیای ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت بەردەستە.

سێ لەوانە لە کۆکردنەوەی <ژاب> وەرگیراون، ئەوانی دیکە لە کەسانی جیاواز «ڤێلیامینۆڤ-زێرنۆڤ، دۆرن و هتد» لە کات و سەردەمە جیاوازەکاندا وەرگیراون. دەستنووسەکانی کۆگاکانی لینینگراد بابەتی ئەدەب، فۆلکلۆر، ئێتنۆگرافی، مێژوو و زمان لە خۆدەگرن، ئەم وەسفە بەپێی ئەو پلانە کۆکراوەتەوە کە لقی لینینگرادی پەیمانگای گەلانی ئاسیای ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت پەسەندی کردووە.

لەسەر بنەمایەکی بابەتیی بنیات نراوە، لە هەر بەشێکدا دەستنووسەکان بە ڕێکوپێکی پێکهاتەیان ڕێکخراوە. سەبارەت بە کۆکردنەوەکان، هەر بەرهەمێکی سەرەکی لە کۆمەڵەکەدا بە جیا باسکراوە و ژمارەی زنجیرەی تایبەتی خۆی هەیە. بەم شێوەیە هەندێک کۆدی دەستنوس دوبارە دەبنەوە کە ئاماژە بە لاپەڕەکانی ناو کۆمەڵەکە دەکەن، بۆیە ژمارەی وتارەکان زیاترن لە ژمارەی دەستنوسەکان.

لەو کاتەدا لە نێو کوردەکان ئەلفوبێی «Hawar ‹a» لەگەڵ زیادکردن و دانەپاڵی هێما پێویستەکان باو و بڵاو بووە، ئەمەی خوارەوە وەک خۆی دامانناوەتەوە:

СОГЛАСНЫЕ

ء	ʼ			
ب	b	ض	z	
پ	p, ṕ	ط	t	(никогда не t́)
ت	t, t́	ظ	z	
ث	s	ع	ʻ	
ج	c	غ	ẍ	
چ	ç, ḉ	ف	f	
ح	ʼh	ڤ	v	
خ	x	ق	q	
د	d	ک	k, ḱ	
ذ	z	گ	g	
ر	r, r̄	ل	l	
ز	z	م	m	
ژ	j	ن	n	
س	s	و	w	
ش	ş	ه	h	
ص	s	ی	y	(в начале, в середине и в дифтонге).

ГЛАСНЫЕ

ـَـ - e	آ - a
ـِـ - i (редуцированный)	ای - î, ê
ـُـ - u (произносится, как ŏ)	او - û

دەربارەی دەستنووسە فۆلکلۆرییەکان:

لاویژک

"Героические песни"

Цикл песен, которые поются курдами-мужчинами[1]. Бо́льшая часть куплетов начинается припевом لولودلو (Lo, lo, dilo)[2].

Начало: لولودلو برحی اصطنبولی

Конец: من زانیا شیطان لعنتی لو بین کنیایە

«گۆرانی قارەمانانە، پاڵەوانانە» (لاوێژک)

ئەم جۆرە لە گۆرانی بۆ پیاوان یان (نێر) دەیڵێن، زۆربەی بەیتەکانی بە شێوەی کۆڕس و کۆ دەست پێدەکەن و دەگوترێن. کاتی نووسینەکە بەپێی زانیارییە کۆنەکان سەدەی نۆزدەهەمە. نووسەرەکە، بە پێی دەستوخەتەکە «Seh Nazer»ە، لەگەڵ دەقەکەدا نووسراوێکی لاتینی هەیە کە لەلایەن <ژاب>ەوە کراوە.

<ژاب>، «١٨٦٨»، سانپترس بورگ، لە دەقەکەدا لە نیوەی لای ڕاستی لاپەڕەکە نوشتاوەتەوە، نیوەی چەپی لاپەڕەکە بەتاڵە، لە لای چەپدا نووسینە لاتینییەکەیە، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، «٨» نیوە دێڕ، قەبارەی دەق «٢٠»، کاغەزی ئەورووپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، بە دەستوخەتی «рика» بەستن و لێکدانی کارتۆنی ڕەنگ شینی ئەورووپی.

ДОП. СВ/. Nikitine, Les :١٧٦.УП.РУК.: ВОСТОЧНЫЙ Сборник, СТр .٢٦٨-٢٥٩.kurdes, стр

تێبینی/


•له فۆلکلۆری گۆرانی کوردی جیاوازی له نێوان گۆرانی مێینه و نێردا دەکات. له یەکەمیاندا گۆرانییەکانی ناوەڕۆکی پیاهەڵدان و خۆشەویستی له خۆدەگرێت، بۆ دووەم- گۆرانییەکانی ستایشکردنی ئەسپ سواری و سوارچاکی، جەنگ، ئازایەتی سەربازی، کردەوەی قارەمانانه و هتد؛

•بەرزی و نزمی لەحنی «لۆ - لۆ» تایبەته به گۆرانییەکانی نێرینه و پیاوان، گۆرانییەکانی مێینه و ژنانه به کۆڕس وکۆ «لێ – لێ» دەست پێدەکەن.

له نێوان نیوه دێڕەکاندا - تێبینییەکانی <ژاب> که نووسینەوەی وشه جیاجیاکان وەرگێڕانی فەڕەنسی لەخۆدەگرێت. <ژاب>، «١٨٦٨»، سانپترس بورگ، له دەقەکەدا له لای ڕاستی لاپەڕه نوشتاوەتەوه، لای چەپی لاپەڕەکه بەتاڵه، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، «٨» نیوه دێڕ، قەبارەی دەق «١٣x٢٠»، کاغەزی ئەوروپی، به دەستوخەتی «рика» بەستن و لێکدانی کارتۆنی بەرگ ڕەنگ ڕەشی ئەوروپی.

Уп.рук.: Восточный сборник, стр.176.

«گۆرانی سەمای دەوری هاوسەرگیری» (بریته)



بریته

"Свадебные хороводные песни"

Цикл свадебных хороводных куплетов-частушек разнообразного содержания (в основном лирические и шуточные куплеты).

Начало: عیشو من دی بو لبر

Конец: وره بکقه ئاقا سینگو برعرض دزی

«وەرگێڕانی پەند به زمانی کوردی»

وەرگێڕانی پەند و وتەی تورکی که له ڕێزمانی تورکی جۆبێرا وەرگیراوه، لیستەکه هاوتەریب دەقی وەرگێڕانی تورکی و فەڕەنسی له خۆدەگرێت که لەلایەن <ژاب>ەوه کراوه. بەرهەمەکه له ژماره «٦٣»، ل «a٦٠-b٤٦»، که وەرگێڕانێکی کوردی له چەند بابەتێکی ”ئەسکەندەر-نامی“ی نیزامی لەخۆدەگرێت.

ترجا ضرب مثلانه بزمانی کورمانجی

"Перевод пословиц на курдский язык"

Перевод турецких пословиц и поговорок, взятых из турецкой грамматики А.Жобера[3], как сказано в заглавии сочинения на л. 24б.

Список содержит параллельно турецкий текст и французский перевод, выполненный А.Д.Жаба. Сочинение находится в сборник(е) (см. № 63, лл. 24б-60а), содержащем курдский перевод нескольк(их) глав из "Искандер-намэ" Низами.

Начало: یار هزار هندکه

Конец: هسپا بزه یا خوه رنیده دکه

بەرواری نووسینەکە: «٢٣»ی کانوونی دووەمی «١٨٥٦»، ئەرزەڕۆم. نووسەرەکە، بە پێی دەستوخەتی ملا محمودی بایەزیدییە. لە دەقە کوردیەکەدا لە ژێر کۆتایی هەر ووشە کردارێک (فرمان، چاوگێک)دا بە هێما و ڕەمزێکی خۆی نیشانە کراوە.

<ژاب>، سانپترس بورگ، "٦٢" لاپەڕە، دەقەکە بەم شێوەیە ڕێکخراوە: لاپەڕەی چەپی پەڕە نوشتاوەکە دابەشی دوو بەش کراوە، لە نیوەی چەپدا - دەقی تورکی، لە نیوەی ڕاستی - وەرگێڕانی کوردی، نیوەی ڕاستی لاپەڕە نوشتاوەکە وەرگێڕانی فەرەنسی لەخۆدەگرێت، دەقەکە ل «٣٦٦» خەتکێش کراوە. ل.»٣٧a» بەبێ دەقە، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، قەبارەی دەق «٢٦١٨,٥ x «، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نوسراوە، سەردێڕەکان، ژمارەدانانی پەند و کۆتایی وشە کردارەکان - بە ڕەنگی سوور نووسراوە، دەق و وەرگێڕان و نووسینەوە بە ڕەنگی جیاواز نووسراون «ئەو ڕەنگەی کە بۆ نووسینی وەرگێڕان و نووسینەوە بەکاردەهێنرێت زیاتر کاڵ بووەتەوە»، بە دەستوخەتی «рика» بەستنەوەی کارتۆنی بەرگ ئەوروپی.

Изд.СОЧ.:Lerch,Forschungen,ersteAbteilung,стр.93-97 (25 пословиц).

«گەوهەری کۆبوونەوەکان، دانیشتنەکان، شەوچەرەکان»

وەرگێڕان لە فارسییەوە.

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی ملا موسا هەکاری.

کاتی وەرگێڕان - سەدەی نۆزدەهەم، لەسەر داوای <ژاب> وەرگێڕدراوە.

وەک لە پۆستسکرێپتەکەی کۆتایی دەستنووسەکەدا دەردەکەوێت.

کۆمەڵێک چیرۆکی ئەفسانەیی و مێژووی و سەربوردەی زۆر بەناوبانگن، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەربڵاون. بە گشتی «٥٨» چیرۆکن، تەنها سێ چیرۆکی یەکەم ناونیشانیان هەیە، ئەوانی تر بە سادەیی بە وشەیەک ناونیشانیان هەیە و تەواو.

درّ المجالس

"Жемчужина собраний"

Перевод с персидского.

Составитель и переводчик – Mela Mûsa Hekkarî.

Время перевода – XIX в. Перевод сделан по просьбе А.Д.Жаба, как это явствует из приписки в конце рукописи.

Собрание сказок, историй и рассказов с очень известными сюжетами, имеющими широкое распространение на Ближнем Востоке. Всех рассказов – 58. Названия имеют только первые три рассказа, остальные озаглавлены просто словом حکایت

I. حکایت شیخ برسیسا

"Рассказ о шейхе Барсисе"

2. حکایت طوطی

– I4 –

Рассказ о попугае.

3. حکایت خانم

شایی و سەمای دەوری هاوسەرگیری و بە ناوەڕۆکی جۆراوجۆر دەگوترێت «بە شێوەیەکی سەرەکی کۆپلەی پیاهەڵدان و کۆمیدی» تێدایە. دەقەکە نووسراوێکی لاتینی پێدراوە «١٦ - ١٥٦ »، کە لەلایەن <ژاب>ەوە کراوە.

کاتی نووسینەکە بەپێی زانیارییە کۆنەکان سەدەی نۆزدەهەمە، نووسەرەکە، بە پێی دەستوخەتەکە «ملا مستەفا»یە. لە نێوان دێڕەکاندا وەرگێڕانێکی فەرەنسی بۆ کۆتایی وشە کرداریەکان و زارەکییەکان هەیە کە لە دەقەکەدا دەبینرێن. لە پەراوێزەکاندا تێبینییەکانی <ژاب> لەسەر لاپەڕەی ناونیشانەکەدا بە دەستنووسی خۆی نووسراوێک هەیە: ”Birité, “Chansons kurdes, dites birites.

<ژاب>، «١٨٦٨»، سانپترس بورگ، لە دەقەکەدا لە نیوەی لای ڕاستی لاپەڕە نوشتاوەتەوە، لای چەپی لاپەڕەکە دەق هەیە، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، «٨» نیوە دێڕ، قەبارەی دەق «٧,٥x٢٠»، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، بە دەستوخەتی «рика» بەستن و لێکدانی کارتۆنی بەرگ ڕەنگ ڕەشی ئەوروپی.

Уп.рук.: Отчет ПБ, 1868, стр.163; Восточный сборник, стр.169

١.«چیرۆکی شێخ بارسیس»؛
٢.«چیرۆکی توتی»؛
٣.«چیرۆکی غانمێ (خانمێ)»؛
٤.چیرۆکی بەخشندەیی سواڵکەرێک؛
٥.چیرۆکی پاشا سلێمان و شاژنی با؛
٦.چیرۆکی سلێمان؛
٧.چیرۆکی ژنە خیانەتکار؛
٨.چیرۆکی ئیمپڕاتۆر داود و ژنی وەزیری خۆپەرست؛
٩.چیرۆکی عیسا؛
١٠.چیرۆکی ئەنوشیروانی دادپەروەر؛
١١.چیرۆکی وەزیری ژیر؛
١٢.چیرۆکی پاشا سلێمان و باڵندەی ئەفسانەیی ئەنکا؛
١٣.چیرۆکی بازرگان و توتی؛
١٤.چیرۆکی ئەسکەندەری مەکدۆنی؛
١٥.چیرۆکی ژنەی ئەفسانەیی ئەهلی «چیانشین» مردوو خۆر؛
١٦.چیرۆکی بە دیلگرتنی سوڵتان بایەزیدی تورک؛
١٧.چیرۆکی حاتەمیتا؛
١٨.چیرۆکی سوڵتان و ماسیگرەکە؛
١٩.چیرۆکی بنەچەی ناوی «بەغدا»؛
٢٠.چیرۆکی فیرعەون؛
٢١.چیرۆکی شوانێکی ناپاک؛
٢٢.چیرۆکی گەمارۆدانی بەغدا؛
٢٣.چیرۆکی خۆشەویستی شیرن و فەرهاد؛
٢٤.چیرۆکی ئیبن سینا؛
٢٥.چیرۆکی جەنگی فارسەکان لەگەڵ سوپای هیندستان؛
٢٦.چیرۆکی سەرگەرمییەکانی شازادەیەکی هیندی؛
٢٧.چیرۆکی پاشا سلێمان و پیرەپیاوەکە؛
٢٨.چیرۆکی باخەوانە هەژارەکە؛
٢٩.چیرۆکی دە دزەکان؛
٣٠.چیرۆکی ئەنوشیروانی دادپەروەر و داربڕ؛
٣١.چیرۆکی یوسف و زولێیخا؛
٣٢.چیرۆکی ئەیوبی پەیامبەر؛
٣٣.چیرۆکی ژنە خواپەرستەکەی بازرگانێک؛
٣٤.چیرۆکی دوو ناپاک؛
٣٥.چیرۆکی دانایی فیرعەون؛

٣٦. چیرۆکی پاشا زوحاک؛
٣٧. چیرۆکی پاشا سلێمان؛
٣٨. چیرۆکی تورکە فێڵبازەکە؛
٣٩. چیرۆکی شاعیر حافزی شیرازی؛
٤٠. چیرۆکی شێخی حەق؛
٤١. چیرۆکی خەلیفە ئێزدی؛
٤٢. چیرۆکی کوشتنی حسێن؛
٤٣. چیرۆکی محمود غەزنەوی؛
٤٤. چیرۆکی حاتەمیتای؛
٤٥. چیرۆکی ئازایەتی ڕۆستەم؛
٤٦. چیرۆکی سلێمان و هیشام؛
٤٧. چیرۆکی هاوسەرگیری جەنگیزخان؛
٤٨. چیرۆکی ئادەم و حەوا؛
٤٩. چیرۆکی ئیدریسی پەیامبەر؛
٥٠. چیرۆکی پاشا نەمرود؛
٥١. چیرۆکی لوت؛
٥٢. چیرۆکی لافاوی جیهانی؛
٥٣. چیرۆکی یونسی پەیامبەر؛
٥٤. چیرۆکی پاشای ئەفسانەیی شەدداد؛
٥٥. چیرۆکی فریشتەکانی هاڕوت و ماڕوت؛
٥٦. چیرۆکی دارتاشەکە؛
٥٧. چیرۆکی ژنێکی خیانەتکار؛
٥٨. چیرۆکی مس سازەکە.

بەرواری نووسینەکە: «١٨٥٧-١٨٥٨»، ئەرزەرۆم. نووسەرەکە، بە پێی دەستوخەتی بێت ملا محمودی بایەزیدییە. <ژاب>، سانپترس بورگ، «١٨٦٨»، «٤١» لاپەڕە، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، «٢٦» دێڕ، قەبارەی دەق « x ١٦٢٩ »، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، بە دەستوخەتی «рика» بەستنەوەی کارتۆنی بەرگ ئەوروپی بە ڕەنگی سەوز.

Начало: روايت تى تەكرن كو د زمانى بريدا

Конец: شولا عبدان بامرى وى و ارادا ويه و السلام

Дата переписки-1274 г./1857-1858 г./, Эрзерум.

Переписчик, судя по почерку, - Mela Mehmûd Bayezîdî.

Колл. А.Д.Жаба, 1868, СПб.; 35,5x22; 41 лл.; пагинация восточная; 26 строк; текст 29x16; бумага европейская; текст писан черной тушью; почерк - рик'а; переплет европейский картонный зеленого цвета.

Уп.рук.: Отчет ПБ, 1868, стр.166; Восточный сборник, стр.171.

لە دەستنووس و لیستەکەی سەرەوەدا، بیست چیرۆکی یەکەم بە نووسینی لاتینییە «ل ٤٧٦ - ١٦» و وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە لەلایەن <ژاب>ەوە، «٣٦٦ – ٥ ل».

بەرواری نووسینەکە: سەدەی نۆزدەهەم، نووسەرەکە، بە پێی دەستوخەتی بێت «Seh Nazer» <ژاب>، سانپترس بورگ، «١٨٦٨»، «٢٢٦» لاپەڕە، لە لاپەڕە «٣٦» دەست پێدەکات، لاپەڕەی چەپی پەڕەکە نوشتاوەتەوە بەبێ دەق و نووسینە واتا بەتاڵە، لای ڕاستی بۆ دوو نیوە بەش دابەش بووە، لە نیوەی ڕاستدا دەقە کوردییەکەیە، بەڵام نیوەی چەپ بێ دەق و نوسینە، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، هەڵە لە لاپەڕەسازیدا هەیە: لاپەڕەی «١٠٦» لاپەڕەی «١١٠» بەدوایدا دێت بەبێ ئەوەی دەقەکە بپەڕێنێت، دوو جار لەدوای یەک ل «٢٥٩,٩» ڕستە هاتووە، قەبارەی دەق «٨ x ٢٠»، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، بە دەستوخەتی «рика» بەبێ بەستنی بەرگ.

Начало: روایت تی ته کرن

Конец: وفا نکری دناکه زانی

Время переписки-XIX в.
Переписчик, судя по почерку, - Şeh Nezer.

Колл. А.Д.Жаба, 1868, СПб.; 27x18; 226 лл. (+ 2 без текста); начиная с л. 36 левая страница развернутого листа без текста; правая разделена пополам; в правой половине - курдский текст, левая половина - без текста; пагинация восточная; в пагинации ошибки: за стр.106 следует стр. 110 без пропуска текста; два раза подряд стоит стр. 259; 9 строк; текст 20x8; бумага европейская; текст писан черной тушью; почерк - рик'а; без переплета.

Уп.рук.: Восточный сборник, стр.172.

«گۆرانی کچان»
گۆرانی پیاهەڵدان و خۆشەویستی دەوری ژنان «بڕوانە تێبینی خوارەوە».
فۆڕم و شێوە - چوارگۆشە و دوو بەیت و سێ بەیت لە نێوان خۆیاندا دەگۆڕدرێن، بەپێی جەدوەلەکە وەزن و قافیەی دەکەن: aaba، ccde، ffef ، aaa، bbb، ccc، aa، bb، cc.

کلامی کچان

"Песни девушек"

Лирические и любовные песни женского цикла (см. сн. к № I). Форма - чередующиеся между собой четверостишия, двустишия и трехстишия, рифмующиеся по схемам: I) aaba, ccde, ffef 2) aaa , bbb , ccc 3)aa , bb, cc.

Начало: مالامەنە بو

- I7 -

Конец: کته برمرینی رنگ گوهری

Дата переписки - 8 рамазана I276/26 июня I860/I86I г. Место переписки - Турция.

بەرواری نوسینەکە: «٨»ی ڕەمەزان، «٢٦/١٢٧٦»ی حوزەیران «١٨٦٠-١٨٦١» شوێنی نوسینەکە – تورکیا. نوسەرەکە ملا مستەفایە، لە نێوان دێڕەکانی دەقەکەدا و لە ژێر دەقەکەدا لە تێبینیی وەرگێڕانی فەڕەنسی بۆ تاکە تاکەی وشە جیاجیاکان و تێبینی لەسەر هەندێک ناوی تایبەت هەیە.

<ژاب>، «١٨٦٨»، سانپترس بورگ، «٢٥» لاپەڕە، دەقەکە: لە نیوەی ڕاستی لاپەڕەکە تێکست هەیە، لە لای چەپەوە - نوسینی لاتینی بە دەستوخەتی <ژاب>، «٨» دێڕ، قەبارەی دەق «x١٩,٥ ٧,٥»، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، بە دەستوخەتی «рика» بەبێ بەرگ.

Уп.рук.: Восточный сборник, стр. 175.

"گۆرانی کوردی"

کاتی نوسینەکە: نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، نوسینەکە بەپێی دەستوخەتەکە بێت "Seh Nazer"ە.

"گەوهەر و خەلیل بەگ"

حیکایەتێکی فۆلکلۆر <گۆرانی>، لە نێو کورددا زۆر بەناوبانگە، دەربارەی خۆشەویستی کچێکی سادە گەوهەر و حاکمی ئەلاشکەرت خەلیل بەگە.

گوری و خلیل بگ

"Геври и Халил-бег"

Народное сказание (песня), очень популярное среди курдов, о любви простой девушки Геври и алашкертского правителя Халил-бега.

- I9 -

Начало: حبویه خاف لگلی

Конец: بده قسمتی خدی وایه

Вариант сказания см. в № I4,6.

Сочинение помещено в сборнике (см. № I3), содержащем "Курдские песни" (лл. 46б–56б).

Сведения о месте и времени переписки, о переписчике, а также палеографические данные см. в № 9.

Уп.рук.: Восточный сборник, стр. I69.

«بێ ناونیشان»
له فارسییەوە وەرگێڕانی کوردی بۆ نوکتە و کورتە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان کراوە، کۆی گشتی «٨٤» چیرۆکە. وەرگێڕ – ملا محمدی بایەزیدی. لیستەکە لەگەڵ دەقە کوردییەکە و نوسینی بەشیوەی لاتینی و دەقی فارسی و وەرگێڕانی فەرەنسی لەخۆدەگرێت، لەلایەن <ژاب>ەوە کراوە. بەرواری نوسینەکە: «١٨٦٨»، سمیرنا.

Начало: دو ژن در حقی زارو یکی

Конец: بابی من ژی دگهیژه بهشتی

Колл. А.Д.Жаба, 1868, СПб.; 33x23; 102 лл. (+ 4 без текста); курдский текст – в левой половине правой страницы развернутого листа; в правой – латинская транскрипция; персидский текст – в правой половине левой страницы; в левой – французский перевод; пагинация восточная; 12 строк; текст 29x11,5; бумага европейская; текст писан черной тушью; почерк-рик'а; без переплета.

- 20 -

Уп.рук.: Отчет ПБ 1868, стр. 166; Восточный сборник, стр. 170.

<ژاب>، «١٨٦٨»، سانپترس بورگ، «١٠٢» لاپەڕە، دەقە کوردییەکە: لە نیوەی چەپی لای ڕاستی لاپەڕەکە نوشتاوەتەوە، لە لای ڕاستەوە - نووسینی لاتینییە، لە نیوەی ڕاستی لای چەپی لاپەڕەکە دەقی فارسییە، لەلای چەپەوە وەرگێڕە فەرەنسییەکەیە، لاپەڕەسازی ڕۆژهەڵاتی، «١٢» دێر، قەبارەی دەق «١١,٥ ٢٩ x»، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، بە دەستوخەتی «рика» بەبێ بەرگ.
«ئەدەب، وێژە»
«گەیشتنی هەواڵ بە ئەسکەندەری مەکدۆنی سەبارەت بە هێرشی ڕوسەکان، سەبارەت بە وێرانکردنی شاری بێردا، و سەبارەت بە بەدیلگرتنی نوشابێ»، ناونیشانی بەشی یەکەم بە ناوی پارچە، نوسەر - نیزامەددین ئەبو محمد ئیلیاس ئیبن یوسف نیزامی. بەرواری وەرگێڕان - ساڵی «١٨٥٦».

وەرگێڕانی نوسراوەکە لە فارسییەوە بۆ کوردی لە سێ بەشی یەک لە دوای یەک لە " ئەسکەندەر-نامە" <بەرگی یەکەمی کتێبەکە – شەرەفنامە، بەشی پێنجەم>. تاکە دەستنوسێکی بەناوبانگ و ناسراوە. هاوتەریب لەگەڵ وەرگێڕانی کوردیدا دەقێکی فارسی و نووسینەوەی لاتینی دەقی کوردییە.

بەراوردکردنی دەقی فارسی دەستنوسەکە لەگەڵ دەقی بڵاوکراوەکەدا <باکۆ، ١٩٤٧، بەرگی یەکەم، ل٣٩٢> ئەم ناتەواوییانەی تێدا هەن:

•دوو بەیتی یەکەمی بەشی هاوبەشی بڵاوکراوەکە لە دەستنوسەکەدا نەماوە؛

•دەستنوسەکەی دوا ٥b.No <لە چاپەکەدا هاوتایە لەگەڵ ٧b.No> بەیتێک زیاد دەبێت؛

•دەستنوسەکەی دوای ٧b.No <لە چاپەکەدا کە هاوتایە لەگەڵ ٨b.No > بەیتێک زیاد دەبێت.

Начало: ز بو دنیا گرانزا دنیای

Конец: ز وی دری به سمتی دشتی خوارزم آئذت

Сличение персидского текста рукописи с текстом издания (Баку, 1947 г., т.I, شرف نامه стр. 392) обнаружило следующие разночтения:

I) Первые два бейта соответствующей главы издания отсутствуют в рукописи:

بیا ساقی امشب بمی کن شتاب — که با درد سر واجب آید گلاب

می کاب در روی کار آورد — نه آن می که درسر خار آورد

- 29 -

2) Рукопись после б.№ 5 (в издании ему соответствует б.№ 7) добавляет бейт:

بشهری کسان گرچه باشد بهی — دل از مهر خانه نباشد تهی

3) Рукопись после б.№ 7 (в издании ему соответствует б.№ 8) добавляет бейты:

فرو ماند در شهر شاد و خواری — به شهر خود اندر کامرانی

که گلرا به گلشن بود رنگ و بو — که بیرون ز گلشن بود زرد رو

وەرگێڕانی کوردی پەندەکانی تورکی لەخۆ دەگرێت، بەرواری نوسینەکە - ساڵی «1856»، ئەرزەڕۆم، نووسەر بە گوێرەی دەستوخەتەکە «Seh Nazer»ە، نوسینەوەی لاتینی لەلایەن <ژاب>ەوە کراوە.
<ژاب> «1856»، لە لاپەڕە «16 – 24a»، ل. «38»a – بەتاڵە بێ تێکستە، لە نیوەی ڕاستی لای چەپی لاپەڕە نوشتاوەکە وەرگێڕانی کوردی دانراوە، لە نیوەی چەپی لاپەڕەکەدا دەق فارسی هەیە، لاپەڕەی ڕاست نووسینەوەی لاتینی تێدایە، «7» دێڕ، قەبارەی دەق «18 26 x»، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نوسراوە، سەردێڕ و تێبینییەکان بە ڕەنگی سور نووسراوە، نوسین و دەقەکە بە ڕەنگی جیاواز نوسراون «ئەو ڕەنگەی کە بۆ نوسینەوە بەکارهاتووە زیاتر کاڵ بووەتەوە»، «рика»ی وورد و بەدیقەت، بەستنەوەی کارتۆنی بەرگ ئەوروپی.
Изд.СОЧ.: ьегсЬ. Forschungen, erste Abteilung , стр.92-93, (l-e У .(бейтов

«باخەوان»

وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ شێوەزاری موکری (سۆرانی- موکریان)، لیستەکە تەنیا سەرەتای پێشەکی نوسینەکەی تێدایە، ئەو شیعرانەی لە دەقەکەدا دۆزراونەتەوە، بە شێوەی نۆسراو وەرگێڕدراون و بە هیچ شێوەیەک لەلایەن وەرگێڕەوە تیشکییان نەخراوەتە سەر. بەراوردکردنی وەرگێڕانەکە لەگەڵ ئەسڵیدا، لێکچوونی وەرگێڕانەکەی دەرخست.
ڤێلیامینۆڤ-زێرنۆڤ، «1857»، سانپترس بورگ، «8» لاپەڕە، «10» دێڕ، دێڕەکان ژمارەیان بۆ دانراوە، ژمارەکان لە پەراوێزەکاندا نوسراون، قەبارەی دەق «17 10 x»، کاغەزی ئەستوور و پۆلێشکراوی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە، دەستوخەت - نەستالیک، لە لاپەڕەی سەرەکی (تایتڵ لیست، بەرگی دەرەوە، لاپەڕەی ناونیشان) بە دەستوخەتی جیاواز و بە ڕەنگی جیاواز هەیە:

Начало: نعمت بو خدایکه غالب و گوریه

Конец: واقعه خبرداری کرد

Вельяминов-Зернов, I857 г., СПб.; 22xI6; 8 лл.; пагинация европейская; I0 строк; строки пронумерованы, номера выписаны на полях; текст I7xI0; бумага европейская плотная лощеная; текст писан черной тушью; почерк – насталик, с огласовками; на титульном листе другим почерком, другими чернилами надпись: گلستان شیخ سعدی به زبان کردی ; переплет европейский картонный черного цвета.

Изд.соч.: Lerch, Forschungen, erste Abteilung, стр. 98-I03.

«چیرۆک و حیکایەتی شێخی سەنعان»

نوسەر – محمد فقێ تەیران شاعیر-تێکستنووسی نایابی سەدەی «١٨». بەپێی هەندێک سەرچاوە، لە مۆکسا "ناوچەی هەکاری لە تورکیا" لە دایک بووە، لە ماکو کۆچی دوایی کردووە، ئەو شیعرەی نووسیوە: «شیعرەکانی فقێ تەیران بە ئاراستەی تەوژم» جگە لەوەش تا ئێستاش شیعرەکانی دەڵێنەوە و بۆ ئەو دەگەڕێنەوە. «شەڕی سەرکردەی قەڵای دم دم لەگەڵ قزڵباشەکان». لە پرۆسەی کارکردن لەسەر دەستنوسەکانی ئەم بەرهەمانەدا، ئەوە سەلمێنراوە کە هەردوو ئەم شیعرە هی فقێ تەیران نین.

شیعرەکە، چیرۆکێکە دەربارەی شێخێک – سۆفییەکیی موسوڵمان کە لە پێناو کچە خۆشەویستەکەیدا بووەتە مەسیحی. شیعرەکە «١٢٥٠» نیوە دێڕ لەخۆ دەگرێت.

حکایت شیخ صنعانیان

"Повесть о шейхе Сан'ане"

Автор – Mihemmed Feqî Teyran. Выдающийся поэт-лирик XIУ в. Родился в 707/I307-8 г. по одним источникам-в Моксе (район Хеккари в Турции), по другим – в Маку; умер в 777/I370-7I г.

Его перу принадлежит поэма: بیت فقی طیران بر آفیرا خبردایە ("Стихи Feqî Teyran'a, обращенные к ручью"). Кроме того, ему до сих пор приписывались поэмы نوالێ سیسەبان ("Долина Сисебан") и حکایا شری سرکلیا دمدمی دگل قزلباشان ("Битва предводителя крепости Дымдым с кызылбашами"). В процессе работы над рукописями этих сочинений удалось установить, что обе эти поэмы не принадлежат перу Feqî Teyran'a (см. № 55-60).

Поэма представляет собой повествование о мусульманском шейхе – суфии, принявшем христианство ради любимой девушки.

Поэма содержит I250 строк.

Начало: گوه بدرن نطق عاشقانە

- 8I -

Конец: اومان لوی دین وسنتی

فۆڕمی نوسینی شیعرەکە چوارگۆشەیە، وەزن و قافیە بەپێی ڕیتمەکانی: bbba، ccca، ddda، eeea، fffa، ggga و هتد. قەبارەی هێماکە، لە هەر دێڕێکدا هەشت بڕگەی بزوێنە، زمانی شیعرەکە لە فۆلکلۆرەوە نزیکە.

Уп.рук.: Восточный сборник, стр.171. Jon.СВ.: Jaba. Recueil, p.8*, Nikitine, Les kurdes, p. 281; خلاصه تاريـخ الاكراد ،امين زكى، t.ÏÏ» p.353;




Рис 1. «Повесть о шейхе Сан'ане». Автор—Feqî Teyran. Рукопись ГПБ, курд 24 (см. № 20).

چیرۆکی شێخی سەنعان، ئافتەر فقێ تەیران، دەستنوسەکە لە سانپترس بورگە، کورد٢٤ ، (بڕوانە: No.٢٠).




Рис. 2. «Продавец корзин». Автор — Mela Baté.
Рукопись ГПБ, курд 27 (см. № 25).

زەمبیل فرۆش، ئافتەر ملا باتێ، دەستنوس، سانپترس بورگ، کورد ٢٧ ، (بڕوانە: No.٢٥).
Уп.рук.: Восточный сборник, стр. 171.



Рис. 3 «Первый плод». Автор — Ehmede Xani. Рукопись ГПБ, курд 21 (см. № 42).

یەکەم بەرهەم، ئافتەر ئەحمدی خانی، دەستنوس، ГПБ، کورد ۲۱، (بڕوانە: No.۲۵).




Рис. 4. «Крепость Дымдым». Автор неизвестен.
Рукопись ГПБ, курд 26 (см. № 59).

قەڵای دم دم، ئافتەر دیار نییە، دەستنوس ГПБ، کورد ٢٦، (بڕوانە: 59.No).
سەرەتا و کۆتایی هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی پێشوودا، «٥٩» بەش لەخۆ دەگرێت: ناونیشانی بابەتەکان بە زمانی کوردییە. بەرواری نوسینەکە – «١٨٣٩-١٨٣٨»، نوسەر – فەیرۆز ئەفەندی.
<ژاب> «١٨٦٨»، سانپترس بورگ، «١٣٦» لاپەڕە، «١٠» دێڕ، قەبارەی دەق «١٧,٥ x ١٣»، کاغەزی ئەوروپی، دەقەکە بە ڕەنگی ڕەش نوسراوە، سەردێڕەکان بە ڕەنگی سوور نوسراون، بەستنەوەی کارتۆنی بەرگ ئەوروپی ڕەنگ سوور.
Уп.рук.! Восточный сборник, стр .١٧٩.

لیستەکە تەواو نییە، «٢٤» بەیتی یەکەم و «١٥٥» بەیتی کۆتایی نەماوە و دیار نییە، لە ناوەڕاستدا بۆشایی زۆر هەیە. لە لیستەکەدا «٤٥» بەش هەیە، ناونیشانی بەشەکان بە زمانی کوردییە، لێکدانەوە و وەرگێڕانی کوردی کراوە بۆ هەندێک وشەی عەرەبی کە بە دەگمەن بەکاردەهێنرێن لە دەقەکەدا دەبینرێن. بەرواری نوسینەکە «١٨٦١-١٨٦٠» کۆتور -تورکیا، نوسەر - حسن حکیم باشی.

Список неполон: отсутствуют первые 24 и последние I55 бейтов; много лакун в середине. В списке 45 глав, названия глав на курдском языке.

Начало: خانی کو نهن بقلب ذاکر

Конец: محروم دبن ژ زوق دیدار

В конце списка (лл. 92-97) даны толкование и курдский перевод отдельных редко употребляемых арабских слов, встречающихся в тексте.

Дата переписки-I277/I860-I86I, Котур (Турция).

Переписчик - Hesen Hekîm Başî.

Ул. рук.: Восточный сборник, стр. 179.



لیلا و مجنون، نوسەر حارس بەتلیسی، دەستنوس ГПБ، کورد ۳۰، (بڕوانە: ٤٨.No).

”زمانەوانی“

«ڕێزمان و چەند بنەمایەکی بنەڕەتی پێویست بۆ فێربوونی زمانی کوردی»

نووسەر – علی تێرمۆکی (Termûke) ژیان و بەرهەمی ئەم نوسەرە دەکەوێتە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یازدەهەم. زانراوە کە علی تێرمۆکی لە گوندی تێرێمەی تورکیا لەدایک بووە. سەردانی زۆرێک لە شارەکانی عێراق و تورکیای کردووە «بەغدا، موسڵ، بادینان، سۆران»، لەوێ شارەزا بووە لە کۆمەڵێک بنەمای زانست. گرنگییەکی تایبەتی بە خوێندنی ڕێزمان داوە، ئەم بەرهەمانەی خوارەوە هی ئەون:

«تاکە وشە، ڕۆڵەکانی نیشتیمان، ملوانکە و مورووی یاقوت، ڕاستی- ژیان= خەون»

قول یگانه ("Единственное слово") , کرید وطن ("Сыновья отчизны"), موریا یاقوت ("Яхонтовое ожерелье"), ژین حقیقتا خونه ("Поистине, жизнь - это сон").

کاتی نوسینەکە نیوەی یەکەمی سەدەی «١١»یە، وتارەکە بنەماکانی ڕێزمانی عەرەبی و فارسی بۆ قوتابیانی کورد دەخاتە ڕوو. بەرهەمەکە پێشەکییەک بە زمانی کوردی «ل٢-١٦»،کە لە نوسینی ملا مەحموودی بایزیدی هاتووە، زانیاری ژیاننامەی سەبارەت بە علی تێرمۆکی دەدات و زانایانی دیکەی کورد کە ڕێزمانیان نوسیوە، دەخاتە ڕوو.
بەپێی ناوەڕۆکی نوسینەکە دابەشی سەر سێ بەش دەکرێت:
بەشی یەکەم پێشەکییە، کە نوسەر باس لە گرنگی ڕێزمان و پێویستی لێکۆڵینەوەی دەکات، چونکە "ڕێزمان کلیلی تێگەیشتن لە زانستەکانی دیکەیە"؛
بەشی دووەم کورتەیەک و دوور لە تەواوەتی خستنەڕووی بنەماکانی ڕێزمانی عەرەبییە؛
نوسەر پابەندە بە بنەمای پەسەندکراوی گشتی، کە بریتییە لە دابەشکردنی بەشەکانی قسەکردن بۆ سێ گرووپی سەرەکی:
•«ناو، کردار، پیت و وشە یاخود بڕگە»؛
• بەشەکان وەسفی فۆرمەکانی ناو، کردار «بوونی ڕەگەزەکان تێبینی ناکرێت»، جێگرەوەی کەسی و ڕستەی جێناو و هاوەڵکار لەخۆدەگرن.
بەشی سێیەم پێشەکییەکی کورت و هەڕەمەکی لەبارەی بنەماکانی ڕێزمانی فارسی لەخۆدەگرێت. نوسەر خۆی لە وەسفکردنی کردار و جێناو و نیشاندەر و ئیزافیاتدا سنوردار دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک بەش لە ڕێزمانی عەرەبی و فارسی، نوسەر سوود لە کەرەستەی زمانی کوردی وەردەگرێت.

«ئێتنۆگرافیا، مێژوو»

«کتێبێک دەربارەی ئەخلاق و بنەچە و داب و نەریتی کورد»

نوسەر - ملا مەحمود بایزیدی، بەرواری نوسینەکە «١٨٥٨-١٩٥٩»، لێرەدا وەسفی داب و نەریت و ئەخلاقی کورد و هەروەها نیشانە و بیروباوەڕی هاوبەش لە نێو کورددا دەکات.
لە سەرەتای نوسینەکەدا نوسەر بۆچوونەکانی خۆی لەسەر بنەچەی کورد دەخاتە ڕوو. ئەو پێی وایە کورد لە هۆزە کۆچەرییە بەدەوییەکانەوە هاتووە، زمانی کوردیش لە ئەنجامی تێکەڵەیەک لە زمانی عەرەبی و فارسی پێکهاتووە. ناوەکەش «اکراد، کرد» لە زمانی فارسیشدا «گرد کردە»

عادات و رسومات نامه اکرادیه

"Книга о нравах и обычаях курдов"

Автор – Mela Mehmûd Bayezîdî.
Автограф.
Дата сочинения–I274/I858–59 г.
Список содержит описание курдских обычаев и нравов, а также примет и поверий, распространенных среди курдов. В начале сочинения автор излагает свои взгляды на происхождение курдов. Он считает, что курды произошли от бедуинских кочевых племен, а курдский язык образовался в результате смешения арабского и персидского языков. Самое название " کرد ", " اکراد " автор возводит к персидскому " گرد کرده " – "собранный".

لە نوسینەکەدا باس لە داب و نەریت: تۆڵەی خوێن، دەزگیرانی، زەماوەندی ژن گواستنەوە، پرسە، خەتەنەکردن و هتد دەکات، هەروەها لە وتارەکەدا زانیاری لەبارەی پێکهاتەی ماڵی کورد و یاری و مۆسیقای نەتەوەیی و جۆرەکانی پیشەی دەستی و پیشە سەرەکییەکانی کورد لەخۆدەگرێت.
لە نێوان دێڕەکان و لە پەراوێزەکاندا نوسینەوەی لاتینی لە کۆتایی وشە کردارییە زارەکییەکان هەیە، کە لە دەقەکەدا دەبینرێن، هەروەها وەرگێڕانی فەرەنسی بۆ وشە و زاراوە جیاوازەکان دەکەونە بەرچاو، ناونیشانی درێژ لە بەرگی ناونیشاندا هەیە.
«کتێبی مێژووی کۆنی کوردستان»، وەرگێڕانی «شەرەفنامە» لە فارسییەوە، بەرگی یەکەم. لەلایەن شەرەفەدین بەتلیسی «١٦٩٠-١٦٨» نوسراوە، لە ساڵانی «١٧٨٥-١٧٨٤» لە شاری قەرەخرودی (قوم)ی ئێران لەدایک بووە. لە بنەماڵەیەکی حاکم و میری کوردی بەتلیسەوە هاتووە.
شەرەفەدین بە بێبەشکردنی لە خاوەندارێتی - بەتلیس لەلایەن تورکەکانەوە، نیوەی یەکەمی ژیانی لە خزمەت شاکانی فارسی سەفەویدا شا تەهماسەبی یەکەم «١٥٧٦-١٥٢٤» و شا ئیسماعیلی دووەم «١٥٧٨-١٥٧٦»، بەسەر بردووە.
لە کۆتایی سەدەی شازدەدا، شەرەفەدین چووە خزمەت تورکەکان و سوڵتانی تورک موراد شا «١٥٩٥-١٥٧٤» موڵکی باوباپیرانی خۆی بۆ گەڕاندەوە لە بەتلیس، کە شەرەفەدین پێشتر وەک فەرمانڕەوایەکی وەسیلی سوڵتانی تورکیا و لە ساڵی «١٥٩٦» بەرهەمی مێژوویی بەناوبانگی خۆی نووسیوە بەناوی «شەرەفنامە».
وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی، ملا محمود بایەزیدی، کاتی وەرگێڕانەکە، «١٨٥٩-١٨٥٨»، وەرگێڕانەکە لەسەر داوای ‹ژاب› کراوە، وەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ل.١٦. وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» زۆر ورد و نزیکە لە دەقە ئەسڵییەکە.

کتاب تواریخ قدیم کوردستانی

ترجمهٔ شرف نامهٔ لسان فارسیه

جلد اوّل

"Книга древней истории Курдистана"

Перевод "Шереф-наме" с персидского языка, том первый.

Автор – Şeref-ed-dîn Bîtlîsî IIOI/I689-90 – II6I/I784-85. Родился в Карахруде (Иран). Происходит из рода курдских владетелей Битлиса.

Лишенный турками своего владения – Битлиса Şeref-ed-dîn первую половину своей жизни находится на службе у персидских (сефевидских) шахов – Тахмаспа I (I524–I576 гг.) и Исмаила П (I576–I578 гг.).

В конце XУI в. Şeref-ed-dîn перешел на службу к туркам и турецкий султан Мурад Ш(I574–I595гг.)вернул ему его родовое владение – Битлис, где Şeref-ed-dîn уже в качестве вассального владетеля турецкого султана и написал в I596 г. свой знаменитый исторический труд – "Шереф-наме".

Перевод на курдский язык с персидского – **Mela Mehmûd'a Bayezîdî.**

Дата перевода – I275/I858-59 г.

Автограф переводчика. Рукопись уникальная.

Перевод сделан по просьбе А.Д.Жаба, как указано в предисловии (л.Iб).

Список содержит перевод I тома "Шереф-наме".


Перевод выполнен очень точно, близок к тексту подлинника.

Начало: باب اول در حقی دیار بکر و جزیره بوهتان

Конец: خدی عمرکی دریژ بدتن وخوی رحم و عدل احسانه کتن یا ربّ العالمین

Переводу предшествует предисловие переводчика (л.Iб).

Маргарита Борисовна Руденко, Описание Курдских Рукописей Ленинградских Собраний, Издательство Восточной Литературы, Москва, Центр, Армянский Пер, 2, 1961.


کورد لە نەخشی
ئاسەواردا
توێژینەوە: سارا تەڵایی

ڕاپۆرتێک لەسەر پەڕتووکی «کورد لە نەخشی ئاسەواردا»
نووسینی: سارا تەڵای

پێشەکی

«بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاسودە بژیت دەبێ لە ڕابردوو و داهاتوودا نەمێنێتەوە، بەڵام بۆ منی کورد، بە زاهیر بێ خاک و نیشتمان لەم سەردەمەدا لەبیر کردنی ڕابردوو ناتوانێ دروشمیەکی ئارام بەخش و باوەڕ پێکراو بێت بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی خۆش و دوور لە کێشە جەنجاڵی ژیان، بۆ منێک کە دەبینم لە سەر گۆی ئەو خاکە نامۆترین بوونەوەری ئەو زەوییەم لە چاوی هەموو گەلانی دونیا، بە ڕای تۆ دەکرێ هەناسەیەکی ئارام هەڵمژم لە ئێستادا!؟

ئەوەی کە بۆ ئێمە وەک خەڵات ماوەتەوە، بە درێژایی مێژوو تەحەدا و زڵم و زۆریان بەرامبەر کردووین تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، ئێمە وەکوو کورد دەبێ لەسەر ئەو باوەڕە بین کە ئەگەر نەمانهەوێ ڕاستییەکانی مێژوو بزانین و خۆی لێبشارینەوە بێگومان ئەمڕۆ و داهاتووشمان بەردەوام لە هەڕشە و مەترسی نامرۆڤەکانی گۆی زەوییدایە و لە هەر ئەگەرێکدا کە دەرفەتی سڕینەوەی گەلی کورد بدرێ، ئەوە ئەو کارە دەکرێ لە لایەن زۆردارانی سەردەم کە چاویان خستۆتە سەر داگیرکاری لانکەی مرۆڤایەتی هەموو گەلانی دونیا کە ئەوەش خاکی بێ دەوڵەتی کوردستانە، کە لە هەر چوار لایێکەوە لە لایەن داگیرکەرانەوە دەستیان بەسەردا گرتووە و بوونە هۆکاری سڕینەوەی زۆربەی ناسنامە دێرینەکانی کورد کە وەک بەڵگە بوونی نیشتمانی دایک و ڕەچەڵەکمان بۆ هەموو دونیا دەسەلمێنێت.

هەر چەند مێژوو، کلتور و زمان، شارستانیەت و ڕەسەنایەتی ڕەچەڵەکی کورد لە زۆردارانی ئەم زەوییە شاراوە نییە، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەک ڕۆڵەی ئەم خاک و نیشتمانە قەتیان نەهێشتووە چاوی خێرمان بە پیرۆزییەکانی ئەو خاکەدا بکرێتەوە و بە هەموو جۆرە سیاسەتێک خەونی چەوتی کۆچ و هەندەرانیان لە بیر و بیرکردنەوەی تاکی کورددا وا تەنیوە و چەقاندووە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو خاکەی کە مەڵبەندی ڕاستەقینەی هەموو مرۆڤێکی کوردە، بە ماڵی خۆمانی نەزانین و ئەو زاروزەوییەی کە بنەماڵە و هەموو مێژوو و بیرەوەرییەکانی بە نازەوە گەورە کردووین و خولقاندنت لە دایکەوە تا پێگەیشتنی تۆی لە هەناویدا جێکردۆتەوە، چۆن بە بێنازی و چۆلکراوی بە تاپۆوە بۆ بێگانە جێی بێڵین.

ئەوەی ئەمڕۆ وەک مێژوو خراوەتە ڕوو لە ژێر دەسەڵاتداری بازرگانان، لەمێژ ساڵە ژارخۆر کراوە و هەموومانیان بە لاڕێدا بردووین تا نەتوانین هەست بە خاوەنداری نیشتمانێک بکەیین کە لێی لەدایک بووین و زمان و کلتورمان تێدا پەرەی گرتووە و گەشەی ستاندووە. بۆ گەڕانەوەی هەموو ڕاستییەکانی مێژوو، پێویست بە خوێندنەوەی قووڵی نووسراوەی ڕۆژهەڵات ناسەکان ناکات، تەنیا ئەو بەڵگەیەت بەسە کە تۆ لە مێژووی ئەو خاکەدا بۆ سەربەستی و پاراستنی شەڕەف و کەرامەتی کوردایەتیت ڕۆژ نییە بە کۆمەڵ قوربانی نەبەخشی و ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە تۆ لەم وەڵاتە خاوەنی زمان و کلتور و دابونەریتی خۆتی کە لە مێژووی ئەو کوردستانەدا بە میرات لە باب و باپیران بۆت بەجێماوە و تایبەتە بە خۆت، چۆن دەکرێ تۆ وەکوو کورد لە سەر پانتایی ئەو زەوییە بێ خاوەن و ناسنامە بیت ئەی خۆ ئێمە لە مڕیخەوە نەهاتووینە دونیا!

بەڵێ ڕاستە ئێمە پێشتر و بەر لە هەموو گەلانی دونیادا لە چەقی ئەو نیشتمانە ڕیشەمان گرتووە و خاوەنداری کۆمەڵێک شارستانییەتی گەورە و بەبەهامان لەدەست بووەو پێشەنگی هەموو گەلانیتر بووین لە جۆری فەرهەنگ و داهێنانی بنەڕەتدا وکە بە ئاشکرایی لە تەواوی بەڵگە کۆنەکان و سایتە شوێنەوارییەکانی کە لە پانتایی جوگرافیای کوردستانی گەورەدا دۆزراونەوە و ڕۆژ نییە لەم خاکەدا پەردە لەسەر چینی تازەی هەڵدانەوەی شوێنەواری لانەدرێ کە تەواوی ئەو بەڵگانە ئاماژەیەکی ڕوونن بە بوونی تۆ لەم خاک و ئاوەدا کە بە ئاشکرا هەموو خێچ و خوارییەکانی مێژوو بۆ ئێمەی کورد زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە، تا لە خەوی نەگبەتی وەخەبەر بێین.

بەداخەوە تا ئێستا هەم میدیای کوردی، هەم حوکمەت نەیتوانیوە بە ڕادەی پێویست تیشک بخاتە سەر شوێنەوارە مێژووییەکان، ڕووداوە مێژووییەکانی بە پێی پێویست، وەک باس و پرسی شوێنەوار و ئاسەواریان زەق نەکردۆتەوە تا بتوانین زیاتر لە جاران منداڵەکانمان ڕێز و حورمەتیان هەبێت لە ئاست پیرۆزییەکانی ئەو خاک و ئاوە کە گرینگترینیان ژێرخانی مێژووییە کە وەک بەڵگەییەکی بەهێز دەتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارە بێ وەڵامەکان داتەوە. نەمانتوانیوە بە پێی پێویست ئاوڕێکی دڵسۆزانە لە مێژوو و شارستانییەتی کوردستان بدەینەوە و ئەوەی هەشمان بووە بە بێگانەی کورد نەویستمان فرۆشتووە. ڕۆڵێکی گرینگمان نەبووە لە ئاست مێژوو تا منداڵەکانمان فێربن، خۆیان پارێزگاری لە ناسنامەی گەلەکەیان بکەن و مێژووی ئەو شارستانییەتانە ببێتە سەروەرییەک لە هەمبەر مێژووی گەلانی دونیادا و لەسەر بناغەکانی مێژوو بتوانین بەهێزترین شارستانی نوێ دامەزرێنین.
بەڵێ کورد دەتوانێ بە خوێندنەوەی دروست لە سەر خۆی و ناسنامەی خۆی سەرلەنوێ ببێتە خاوەنی بونیادنانی دەوڵەمەندترین شارستانیەت کە پێشەنگی هەموو گەلانیتر بێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا،

ئەگەر بتوانین هەر تاکێکمان هەست بە بەرپرسیارییەتی بکات لە پاراستنی پیرۆزییەکانی کوردستان وەک»خاک و ژینگە، ئاو، زمان، کلتور، ئاڵا، ژێرخانی مێژوویی و ئابووری، کشتوکاڵ، بەوە دەتوانین دڵخۆش بین کە لە هەنگاوەکانمان داهاتوویەکی گەشمان لەسەر بناغەی مێژوو دامەزراندۆتەوە کە ئەوکات دارمانی لە لایەن بێگانە ئەستەم دەبێت.
ئەو کتێبە بەرچاوڕوونییەکی پوختەیە کە دەتوانێ مێژووی ئەو خاکەمان زیاتر لەجاران بۆ بخاتەڕوو، هیوادارم هەموو ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە بیخوێننەوە و سوودی تەواوی لێوەربگرن. خوێنەری ئازیز و هێژا ئەو کتێبەی لەبەر دەستتە، بەشێکی زۆر کەمە لە بەرجەستە کردنی مێژووی ڕاستەقینەی ئەو خاکە، کە داگیرکەران لە چوار بەشەوە خەریکی ڕاماڵین و تاڵان کردنی ژێرخان و گەنجینە مێژووییەکانی کوردستان بوون و لەو تاراج کاریە، ئاسەوارەکانمان ڕۆژانە لە مۆزەخانەی وەڵاتان سەردەردێنن و بە ناوی داگیرکەران لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیان بۆدەکرێ.

بۆیە بە پێویستم زانی لەم پەڕتوکەدا وەک کوردێک خوێندنەوەی خۆم هەبێ لەسەر بنەمای نەخشی نەخشە گرینگەکانی سەر ئاسەوارە مێژووییەکان، ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە کە بتوانم بە بەشی خۆم لە ڕێگای نەخشاندنەوەی ئاسەوارەکان تەمی سر هەموو جوانییەکانی کوردستان لابدەم تا زیاتر لە جاران ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە هەوڵ و تێکۆشانیان هەبێ بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و هەموومان بەیەکەوە شانازی بۆ بێشکەی مرۆڤایەتی بگەڕێنینەوە.

***چۆنیەتی دروست بوونی بیرۆکەی دارشتنی ئەو پەڕتوکە**

لە سەرەتادا چۆن زۆر حەزم بە گرینگی و بایەخی مێژووی هەبوو، بوو بە هۆکار هەتا موتیڤ و نەخشە کوردییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناو تابلۆ هونەرییەکانی من دا ڕەنگ بداتەوە. و بتوانم بە شێوەیەکی تەعبیری سوودمەند بم لە لێکدانەوە و لە لەبێژنگدانی قۆناغەکانی چەمکی مێژوو.

هەروەها زۆر جاران توانیوومە بە خوێندنەوەی نەخشی سەر ئاسەوارە مێژووییەکان و ناسینەوەی هێما و ئاماژەکانیان بە هۆی شارەزا بوونم لە هونەری شێوەکاری و ئاوێتە بوون لە ناو نەخشی سەر ئاسەوارەکان ، بتوانم قفڵی زۆر لە پرسیارە بێ وەڵامەکان بشکێنم. کە ئەگەری هەیە پرسیاری زۆربەی مرۆڤ ومنداڵی کورد بێت.

زۆر جاران بە هۆکاری نارێکی و لێکترازانی گەلی کورد لەیکتر و تەسک ڕوانینی منداڵەکانمان بۆ مێژوو و شارستانیەت و نیشتمانمان، ئەوەی دەخستە نێو خەیاڵدانی ئەندیشەمەوە، کە چۆن بتوانم ئەو ڕوانینەی من بۆ مێژووی هونەری و نەخشی سەر ئاسەوارەکان هەمە و بتوانم لەبەر دەستیان بێت. تا وەکوو من ببینن و هەستی پێبکەن، کورد خاوەنی شکۆی چ شارستانیەتێکی گەورە و مێژوویێکی چەند مەزنە کە کورد دایماڵیوە لە شوناسی خۆی و دووربۆتەوە هەستی پێناکات.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کتێبانەی کە لەسەر بنچینەی مێژوو و شارستانیەتە کۆنەکانی باب و باپیرانی ئێمە دەدوێ، تا ئێستاش نەمانتوانیوە بەو قەناعەتە بگەیین، کە مێژوو چەندە دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگی هاوچەرخی هەبێ لە بەرەوپێشچوون و دامەزراندنی نەتەوەیەکی ئازا و هۆشیار و چاو کراوە.

کە ئەو هۆکارەش دەگەڕێتەوە، بۆ نەبوونی پاڵپشتی پەروەردەیەکی سیستماتیکی شارەزا لە بوارەکانی، هونەری، مێژوویی، وەرزشی و هتد...


میللەتانی هۆشیار ئەو نەتەوانەن کە هەموو شانازییان پێناسە کردنی شوناسی فەرهەنگی و مێژوویی و وێژەییە، تا بە دونیا بڵێن کە ئەوەی هەین، شکۆی دەوڵەمەندی ژێرخانی نەتەوەکەیانە. و ئەو بەڵگانە هەموو شتێک پشتڕاست دەکاتەوە.

بەڵام بە داخەوە مێژووی هاراوی کورد لە نێو بەرداشی دوژمن وایکردووە، نەک شانازی بە مێژووی خۆمانەوە نەکەیین، تەنانەت ئەوەی کە هەشمانە بە ئی خۆمانی نەزانین و بە چاو ساغی کفنی بە بەرداکەیین و لەگۆڕی خەین.

سەدان ساڵە نەیاران و دوژمنانی کورد وایان لە ئێمە کردووە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە ژێر هەموو گوشار و چەوساندنەوەیەک دا هەست بە کەمی و حاشا لە بوونیەتی خۆمان و زمانمان بکەین. چما بەوەی کە دەنگ هەڵبێنین و پەردە لە ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکانی مێژوو و شوناسی گەلی خۆمان هەڵدەینەوە. دوژمنانی کورد لە پێناو بەرژەوەندی، نەڕوخان شارستانیەت و ڕاگرتنی کۆڵەکەی سستی دیرۆکی درۆیینەیان، کە لەسەر خاکی داگیرکراوی کورد دایان ڕشتۆتەوە. قەت کەمتەر خەم نەبوون لە دەستدرێژی کردن بۆ سەر بەها پیرۆزییەکانی کوردستان.
تا هیچ ناوێک بە ناوی کورد و کوردستان لە مێژوو دا نەمێنێت.
بە گشتی ئەوە ئەرکی پیرۆزی هەر تاکێکمانە کە ئیتر خەم سارد نەبین و لە هەوڵی پاراستن مێژوو و شوناسی نەتەوەیی خۆمان دا بین.
و چیتر ڕێگە نەدەیین نەیاران و ناحەزانی دژ بە کورد، ڕێخۆشکەر بن بۆ شێواندن و لەناو بردن و تێکدانی ژینگە و بەڵگە مێژووییەکانی ئێمە.

بۆیە بوونی خەمێکی وا قوڵ لە ڕامانی بەندەی بچوکتان بوو بە هۆکار بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکانیتر وەک بیانی و کورد، تیشک بخەمە سەر شتێکی نوێ تا پاڵنەر بێ لە بۆ سود وەرگرتنی و کەڵک وەرگرتنی هەموو ئەو ئازیزانەی خولیای مێژوو و شارستانیەتی کۆنی پانتایی خاکی کوردستانن و ئەوە هاندەر بوو تا پەڕتوکێکی نوێ لە مێژوو دابڕێژمەوە کە پەیوەست بێ بە لێکدانەوە و باس کردنی نەخشی ئاسەوارە گرینگەکان.

*»پەڕتوکی کورد لە نەخشی ئاسەوار دا» بەرهەمی هەوڵ و خوێندنەوەی سێ ساڵ شەونەخوونی و تێکۆشانە.
ڕاستە من زانستیانە چەمکی مێژووم لە زانکۆ تەواو نەکردووە. بەڵام بەشێکی گرینگ لە تایبەتمەندی خوێندنی من لە هونەرەجوانەکان کار کردن لەسەر نۆژەن کردنەوەی نەخش و نیگاری سەر ئاسەوارەکانی ئێرانی بووە و هەردەم بەدواداچوون بۆ مێژوو و شوێنەواری ئەو ئاسەوارانە یەکێک لە خولیاکانی من بووە.
بۆیە دوا خوێندنەوەی زۆر ئەو پاشخانە مێژوویە وایکرد، بە وردی تیشک بخەمە سەر نەخشاندنەوەی کۆمەڵێک ئاسەواری گرینگ و پڕ بایەخ لە پانتایی کوردستانی گەورەدا، کە لە مۆزەخانەی وەڵاتانی دراوسێ بە ناوی خۆیان تۆماریان کردووە بێ ڕچاو کردنی پرەنسیپی ئەخلاقی و نەتەوەیی.
چۆنیەتی داڕشتنەوەی ئەو کتێبە، بەم شێوازەیە کە لەسەرەتادا پێشەکییەک لە بایەخ و پێناسەکردن ئەو پەڕتوکەم ئاماژە پێداوە.
لە دواتردا، شیکاری بۆ وشەی چەمکی مێژوو و دیرۆک کراوە. دوا بەدوای ئەو هاتوومە سەر ناساندنی مرۆڤی نیاندرتاڵ و چاخەکانی مێژووی کوردستان و هەر قۆناغە لە مێژووشم بە دانانی وێنەی شوێنەوارەکە ئاماژە پێداوە.


DECEMBER 15, 1951—THE ILLUSTRATED LONDON NEWS—

WORLD'S FIRST VILLAGERS AND FARMERS:
RISE FROM THE CAVE TO THE VILLAGE COMMUNITY.

مێژوو چییە؟

مێژوو یان دیرۆک کۆڵینەوەی ڕابردووی مرۆڤە. کەسانێک کە سەبارەت بە مێژوو دەنووسن پێیان دەوترێت مێژووناس یان دیرۆکناس. مێژوو گۆڕەپانێکی کۆڵینەوەیە کە بۆ بەدواداچوون و شیکردنەوەی پاشیەکیی ڕووداوەکان لە چیرۆکەکان کەڵکوەردەگرێت و هەندێجار تێدەکۆشێت شێوەئاساکانی هۆ و بەرهۆ کە ڕووداوەکان دەستنیشاندەکەن بپشکنێت.
مێژووناسان سەبارەت بە سروشتی مێژوو و بەسوودبوونی لەگەڵ یەکتر دەدوێن.
لە کوردیی باکووریدا، وشەی دیرۆک بەکاردەهێندرێت. دوو تیۆری لەسەر وشەی دیرۆک هەیە. بەپێی یەکێکیان، دیرۆک لە «دوور»ەوە دێت کە لە هەندێک لە بنشێوەزارەکانی شێوەزاری کوردیی باکووریدا وەکوو «دیر» یان «دویر» دەوترێت. تیۆرییەکەی تر لەو باوەڕەدایە کە وشەی دیرۆک لە وشەی «چیرۆک»ەوە هاتووە. ئەم تیۆرییە دووهەمە زۆرتر ڕێیتێدەچێت چونکو وشەی History ژی لە گەلەک زمانان‌دا واتای چیرۆکیش دەدات.
لە کوردیی ناوەندیدا، وشەی مێژوو بەکاردەهێندرێت کە لە وشەی «مێژ»ەوە وەرگیراوە کە واتە کاتێکی دووری پێش ئێستا.
هەروەها هەندێجار، بەتایبەت لە دەقە کۆنەکاندا، وشەی تاریخ بەکاردەهێندرێت کە عەرەبییە.
وشەی History ژی لە یۆنانییەوە هاتووە: ἱστορία، دەخوێندرێتەوە: هیستۆریا، واتە لێپرسێنەوە.


چاخەکانی کوردستان.



مرۆڤ لە چاخە کۆنەکانەوە، واتە (پێش لە ٦٠ هەزار ساڵ) لە چیاکانی کوردستان ژیاوە، ئەشکەوتەکانی کردووە بە جێگەی پشوودانی خۆی، بە ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بەری دارەکان و ڕەگی ڕووەک ژیانی ڕۆژانەی بە سەربردووە.
مرۆڤ لە کوردستانی دێرین سەرەتایی و کۆچەرایەتی بردەوتەسەر، پاش پەی بردن بە کشتوکاڵ کردن لە دەورووبەری هەزارەی نۆیەمی پێش زایین ژیانی مرۆڤ گۆڕاوە، خانووی بۆخۆی لە نزیک کێڵگەی بنیاتناوە، بە کۆبوونەوەی چەند خانوویەک لە دۆرماندۆی یەکدا، گوند پێکهات، لێرەوە سەرەتای شارستانیەت دامەزراوە.

قۆناغەکانی چاخی بەردین :

زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ساڵی خایاندوە ماوەی چاخەکانی بەدرینی کۆن و ناوەڕاست و نوێ بۆ پێك هاتنی گروپەکانی مرۆڤ و پاشان مرۆڤی ژیر .
١٢٠ هەزار ساڵ ئەبێ لە چیاکانی زاگرۆس لە کوردستان ژیانی گروپە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەستی پێکردوە و لەوێشەوە مرۆڤ بەرەو ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوای گۆی زەوی کۆچیان کردوە .زیاتر لە ٦٠ تا ٨٠ هەزار ساڵ ئەبێ لە چاخی ئەشکەوت لە چیاکانی زاگرۆس لە کوردستان گروپەکانی مرۆڤ نیشتەجێ بوون و ژیاون لە نموونەکانی :
مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر لە شاخی برادۆست (چاخی برادۆست زیاتر لە ٦٠ هەزار ساڵە) .



ئەشکەوتی شانەدەر، وەک یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارەکانی جیهان هەژماردەکرێت و تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی لێکراوە و دۆزینەوەی کۆمەڵێک پەیکەرە ئێسکی مرۆڤەکانی نیاندەرتاڵ لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەلایەن شوێنەوارناسی ئەمریکایی راڵف سولیکی وایکردووە کە بە درێژایی نیو سەدەی رابردوو، شوێنەوارناسان و شارەزایان خەریکی لێکۆڵینەوەبن و هاوکات دۆزینەوەی گۆڕستانێک لە قوڵایی ئەشکەوتەش بووەتە هۆکارێک کە شوێنەوارناسانی ئەمریکا و بەریتانیا بە درێژایی ئەو ماوەیە خەریکی لێکۆڵینەوەبن.



مرۆڤی هەزار مێرد لە ئەشکەوتی هەزار مێرد زیاتر لە ٣٨٠٠٠ ساڵە .
ئەشکەوتی هەزارمێرد، ئەشکەوتێکی گەورەیە، دەمێکی بەرفراوانی هەیە بەڵام قوڵییەکەی کەمە، بە ١٣ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و بەتەنیشت شاخی بەرانانەوەیە، بە دووەم گەورەترین ئەشکەوت لە دوای ئەشکەوتی شاندەرەر ناسراوە، لەپاڵ ئەشکەوتی هەزارمێرد پێنج ئەشکەوتی دیکەی بچووک هەن، کە دەکەونە لای ڕاست و چەپی ئەشکەوتەکە بەڵام دەمەکانیان فراوان نییە و مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی بچێتە ناویان بەڵام قوڵیان زۆرە لەخوار ئەشکەوتی هەزار مێردەوە گوندێک هەیە، هەر بەناوی



گاروود (ئانی – ئەلیزالیب) ژنە زانایی بەناوبانگ کە لێکۆڵینەوەی لە چاخەکانی بەر لە مێژوو کردووە، لە ساڵی ١٩٢٨ لەلایەن دەزگای نێردراوی هاوبەشی قوتابخانەکانی ئەمریکا، لەگەڵ کۆمەڵەی بێرسی سلادن پێکەوە پشکنینیان لەسەر ئەشکەوتە گەورەکەی هەزارمێرد کردووە کە ماوەی ١٨ ڕۆژ لەناو ئەشکەوتەکە و لاکانی و بەردەم ئەشکەوتەکە و ناوەڕاستەکەی لە پشکنینی بەردەوامدا بوون و لە ئەنجامدا گاروورد گەیشتە ئەوەی ئەم ئەشکەوتە چینەکانی بەسەر ٣ سەردەمی شارستانیەتدا دابەش بکات.

چینی یەکەم: پاشماوە دۆزراوەکانی ئەم چینە بۆ سەردەمی نوێ لە مێژوو دەگەڕێتەوە واتە سەردەمی شارستانی ئیسلامی تێیدا کۆمەڵێک گۆزە و گڵێنەی جۆراو جۆری تێدا دۆزاوەتەوە. لەگەڵ ٣ گۆڕ کە یەکێکیان گۆڕی منداڵ بووە و لەگەڵ هەر گۆڕێکیشدا گۆزەیەک نێژراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ٣ پارچە ئاسن دۆزراونەتەوە کە یەکێکیان سەری تیری بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بەکاریان هێناوە، هەروەها ٢ پارچە دراویش دۆزراوەتەوە یەکێکیان سەردەمی بێزەنتینیە ئەوەی تریان هی سەردەمی ساسانییە.
چینی دووەم: ئەم چینە چینێکی تەنکە هەندێک بەردە ئەستێی جۆری ئۆرگانیشی (گریماڵدی)، لەبەردەئەستێی ئەشکەوتی شانەدەر (زەرزی) دەچێت واتە بۆ چاخی بەردینی سەروو یان ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.



چینی سێیەم: ئەم چینە لە ئەشکەوتەکەدا یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی کنەو پشکنینەکەی گاروود، لەم چینەدا شوێنی ئاگردان و ئامێری بەردە ئەستیش دۆزراوەتەوە، بەڵام شوێنەکانیان لە یەک جۆر پیشەسازی بوون کە نزیک بوون لە جۆری ناسراو بە (مۆستیری) لە چاخی بەردینی کۆن.
ئەم بەردانە کە لەم چینەدا دۆزراونەتەوە بۆ ۳۰ بۆ ۵۰ هەزار ساڵ پێش زاینی دەگەڕێتەوە کە هاوکات ئەم چینە لەگەڵ دۆزراوەی یەکێک لە چینی ئەشکەوتی شانەدەر لە یەکتری دەچن هەروەها هاوشێوەی ئەم بەردە ئەستێیانە لە فەلەستین لە ئەشکەوتی زەویتە و ئەشکەوتی شەکەبە دۆزراونەتەوە جگە لەوەش هاوشێوەی هەندێک بەردە ئەستێ بیابانەکانی خۆرئاوای شامن.
پێش گاروود لەلایەن سپایزەر لە ساڵی ١٩٢٦، کنە و پشکنین کراوە لە هەمان شوێن بۆ دەرخستنی زانیاری لەسەر چاخە کۆنەکانی مێژوو بەڵام زانیاری لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیە نیە و پشتگوێخراوە.
یاڵەکانی چەم چەم ماڵ (چەمچەماڵ) لە چاخی میولۆتیك لە ماوەی زیاتر لە ١٠٠٠٠ ساڵ .
ئەشکەوتی شووش لە پشتی گوندی شوش لە نزیك چیای ئاکرێ لە بادینان ١٨٠٠٠ ساڵ .
ئەشکەوتی بێتاسێ لە نزیك گوندی بێتاسێ لە شاری دهۆك لە چاخەکانی ناوەڕاست و نوێ
ئەشکەوتی چۆم باوڵۆك لە نزیك شاری سۆران لە چیای سپی لە چاخی بەردینی ناوەڕاست
یەکەمین گوندی کشتوکاڵی لە پێدەشتیەکانی کوردستان و یەکەمین موڵگەی شارستانیەتی جیهانی، (گوندی چەرمۆ)یە لە نزیک شارۆچکەی (چەمچەماڵ)ی ئێستا(لە پارێزگای کەرکووک). هاوچەرخ لە گەڵ گووندی (چەرمۆ)، جوتیارانی گوندی(نمریک) لە باشووری شارۆچکەی(فایدە)ی ئێستا لە پارێزگای (دهۆک) بە کشتوکاڵ کردن بژیوی خۆیان دابین کردووە. دانیشتوانی یەکەمین گوندە کشتوکاڵیەکان، گەنم و جۆ و نیسکیان چاندووە. ئاسەواری گەنم لە (چەرمۆ) دۆزراوەتەوە.



Jarmo, October 1950. Operation II - higher stone foundations of 1st level

خانووەکانیان لە قوڕ و بەرد بنیاتناوە بایەخیان بە بەخێوکردنی (مەڕومالاّت) و (بزن) و (چێڵ) داوە، کەرەستە و ئامێری ناوماڵ و کشت و کاڵیان دروست کردووە، دواتر گەشەیان پێداوە و جگە لە بەرد ئێسک و قوڕ و قیڕیان لە دروستکردنی کەل و پەلەکانیان بە کار هێناوە.
پاشان پیشەسازی قاپ و قاچاغ و داس و تەشی لە قوڕی سوورکراو دەستی پێکرد. بەم شێوەیە مرۆڤ چووەتە قۆناغی پیشەسازی(گۆزەکاری).
ئافرەتان سەرقاڵی کاری ناو ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ بوون، پیاوان خۆراکیان پەیدا دەکرد و لە کێڵگە کاریان دەکرد و کێڵگە و گوندەکانیان دەپاراست، ئیتر حەزی موڵکداری و خاونێتی زەوی پەیدابوو.
هەر بە هۆی پێویستی بەردەوامی کشتوکاڵ و گەشەپێدانی کەل و پەلی ناوماڵ هەندێک لە دانیشتوانان پسپۆڕیان لە دروستکردنی چەند جۆرێک لەو کەرەستەو ئامێرانە پەیداکرد.
بەم شێوەیە جۆرێکی دیاریکراو لە (پسپۆڕایەتی) پەیدابوو. ئەم پسپۆڕیە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی چالاکی(ئاڵوگۆڕکردن)، بەرهەم هێنی کەرەستەی کشتوکاڵی و کەلوپەلی ناوماڵ، بەرهەمەکانی بە بەرووبومی کشتوکاڵی ئاڵوگۆڕ دەکرد. جۆ یان خوری، بوونە هۆکارێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی چونکە مرۆڤ تا سەدەی شەشەمی پ.ز دراوی نەزانیوە.
ئەگەر دروستکردنی(کەرەستەی کشتوکاڵی و کەلوپەلی ناوماڵ) بە جۆرێکی پیشەسازی بژمێرن، دەتوانین فێربوونە سەرەتاکانی کشتوکاڵ بە ((شۆڕشێکی ئابووری)) لە قەڵەم بدەین.
پەیدابوونی کشتوکاڵ بووە مایەی پەیدابوونی(پیشەسازی و بازرگانی و چالاکیەکانی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی شمەک و بەرووبومەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئەمەش وایکرد

گرنگی بە هۆیەکان و ڕێگاکانی گواستنەوە بدرێت). لە ئاکامدا بیرکردنەوەی جدی لە مەڕ دۆزینەوەی هۆکارێکی ئاڵوگۆڕ هاتە ئاراوە،(زیو) بووە ئەو هۆکارە بۆ ماوەیەکی درێژ. پاشان مرۆڤ(دراو)ی بەکارهێنا، پاشای شانشینی (لیدیا) لە (ئاسیای بچووک) کە ناوی کراسوس (قارون) بوو لە ماوەی نێوان(٥٦٠-٥٤٦ پ .ز)



فەرمانڕەوا بووە توانی پارە لە زیوو زیڕ لێبدات، لە دەڤەرەکانی تر بڵاوبووەوە.
پێوسیتی مرۆڤ بۆ پاراستنی گوند و کێڵگە کشتوکاڵیەکان، بووەتە مایەی پەیدابوونی (پیشەسازی چەک) و بونیاتنانی شورەو قەڵاو هەڵکەندنی خەندەک وەکوو هۆکاری بەرگری. هەروەها پیاوان لەم ڕووەوە هاوکاری یەکتریان دەکرد و (هێزی هاوکار و چەکدار) پێکهات، کە لەم سەردەمە پێی دەوترێ (سوپا).
لەوانەیە هەریەکێک لە ئێمە بپرسێت بۆچی کوردستان پێش هەرناوچەیەکی تری جیهان کەوت لە دۆزینەوەی کشتوکاڵدا، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ژینگەی کوردستان لە ڕووی خاک و ئاوی بارانەوە بۆ کشتوکاڵ گونجاوە، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ سەوزبوونی دانەوێڵەی کێوی لە دۆڵە بە پیتەکانی کوردستاندا، ئەوکاتەش مرۆڤ دانەوێڵە کۆ دەکردەوە پێدەچێت هەندێ لەو دانەوێڵانەی لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونیەوە لە دەست کەوتنبێتە خوارەوە پاشان سەوز بووبێتەوە ئەمەش سەرنجی ڕاکێشاوە بۆیە لە سەوزبوونە ورد بۆتەوە تا دواتر بۆ خۆیشی چاندوێتی.
هەندێک لە توێژەرەوان وای بۆ دەچن کە ئافرەت یەکەم کەسی بووبێ دەرکی بەو سەوز بوونە کردبێ، چونکە ئەو هەڵدەستا بە کوتان و پاککردنەوە هاڕینی دانەوێڵە تا خواردنی لێدرووست بکات. فێربوون و دۆزینەوەی شێوازەکانی کشت و کاڵ گۆڕانی بنەڕەت بوو، چونکە ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی گوڕی. یارمەتی مرۆڤیدا جێنشین بێت و گوند بنیات بنێت. بە تێپەڕبوونی زەمەن (شارۆچکە و شارەکان) پەیدابوون، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دروست بوون، هۆکارەکانی شارستانی بوون هاتنە ئاراوە. بە واتایەکی تر کشتوکاڵ بوو بە یەکەم بەردی بناغەی بنیاتنانی شارستانیەت، چونکە ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی، بۆیە دەتوانین بڵێین دۆزینەوەی کشتوکاڵ(کودەتا)یەک بوو لە ژیانی مرۆڤایەتی.



بڵاوبوونەوەی گوندە کشتوکاڵیەکان:
گوندە کشتوکاڵیەکان، لە باشووری کوردستان هاتنە فرەبوون، وەکوو گوندی(حەسونە) لە پاشووری شاری (موسڵ)، هاوچەرخی هەردوو گوندی (شەمشارە) لە دەشتی(ڕانیە) و گوندی(چوخەمامی) نزیکی(مەندەلی) بوو، شوێنەواری چەندین گوندی کشت و کاڵی دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی دواى(هەزارەی شەشەمی پ.ز) لەوانەش (گردی حەلەف) لە ڕۆژئاوای کوردستان لە سەر زێی خاپوور لە سووریا، و گوندی (ئارپەچی) لە نزیکی(نەینەوا) و گردی(تەپەسەراب) لە نزیکی کرماشان.
هاوشان لە گەڵ پەیدابوونی گوندی کشتوکاڵی، پێشکەوتنی شارستانی بەرچاو دەبینرێت، وەکوو هەڵکەندنی(جۆگەکانی ئاودێری)، لە گوندی (چوخەمامی) تۆڕێک لەم شێوەیە دیتراوە.
لە شوێنەوارە دێرینەکانی ئەم سەردەمە ژمارەیەک پەیکەری قوڕ دۆزرایەوە کە ئاماژەن بۆ پەیدابوونی سەرەتاکانی بیری ئاینی لەم سەردەمە، کە شێوەی خوداوەندی دایک بەرجەستە دەکەن، وەک لە گوندی (چەرمۆ) و (تەپەسەراب) و (ئارپەچی).



هەر لەو شوێنەوارە ئاماژە پێکراوانە، هەندێک لەو ئامرازانە دۆزراونەتەوە کە ئافرەتان بۆ جوانکاری بەکاریان هێناوە لە بەرد و ئێسک دروستکراون. لە کۆتایی(هەزارەی شەشەمی پ.ز)دا بە کارهێنانی(کانزا) باوی هەبوو، لە گوندی(حلف) و(تەپە گورا) ئامرازی لە کانزا دروستکراو دۆزراونەتەوە.
هەروەها مرۆڤ(چەرخی گڵکاری) کانزای لە دروستکردنی قاپ و قاچاغی گلینەیی بە کارهێنا. لە کۆتایی چاخی بەردینی کانزایدا، مۆری گرۆڤەری لولەیی بەکارهات. و پەرستگا لە باشوورەی عێراق و (تەپەگورا) بنیاتنرا. لە دەورووبەری(٣٢٠٠ پ.ز) مرۆڤ نووسینی وێنەیی دۆزیەوە و لە دەورووبەری(٢٨٥٠ پ.ز)دا لە تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا سوودی لێبینی و بەمە مێژووی مرۆڤایەتی چووە قۆناغی سەردەمە مێژوویەکانەوە.
-دانیشتوانی(کوردستان)
تۆمارە (سۆمەرەی) و (ئەکەدی)یەکان لە (هەزارەی سێیەمی پ.ز) دا ئاماژەیان بە دانیشتوانی کوردستان کردووە، کوردستان لەو سەردەمە ناوی(وڵاتی سوبارتو)ی لێنراوە، بە دانیشتوانەکەیشیان گوتووە(سوبارتییەکان) و ناوی تریان پێ وتراوە وەک(لولوییەکان) و (گوتییەکان)، و لە چاخەکانی پاشتر ناوی(خورییەکان) و (کاشییەکان) و (میتانییەکان) بۆ دانیشتوانی کوردستان بەکارهاتووە.
لە (هەزارەی یەکەمی پ.ز)دا تۆمارەکانی ئاشوریەکان و بابلیەکان ئاماژە بە ناوی(ئورارتۆ میدی و مانی و زگرتو و ئیزیرتۆ) دەکەن.
١٢٠٠٠- ٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ توانی بۆیەکەم جار لە مێژوودا و لە کوردستان لە

دەرەوەی ئەشکەوت بژی و لە دۆڵ و دەشتەکانی کوردستان شارستانی (ئاوەدانی سەرەتایی) پێك بێنێ .
(١٠٠٠٠ ساڵ پ.ز) شوێنەواری گرێ ناڤۆکی لە نزیك شاری ئورفە، شوێنەواری شمشارە لە نزیك شاری ڕانیە، شوێنەواری یەکەمی شێخ ئاباد لە کرماشان(٨١٦٠ ساڵ پ.ز) شوێنەواری بێستان سوور لە شارەزوور .
(٧٩٥٠ساڵ پ.ز) شوێنەواری دووەمی شێخ ئاباد لە کرماشان، شوێنەواری سێیەمی شێخ ئاباد لە کرماشان .
(٧١٠٠ ساڵ پ.ز) شوێنەواری چەرموو لە نزیك شاری چەمچەماڵ .
(٧٠٠٠- ٦٠٠٠ هەزار ساڵ پ.ز) شوێنەواری منارە لە نزیك شاری کەرکوك، شوێنەواری چۆخمە لە نزیك شاری کەرکوك، سەنگەسەر لە حەوزی حەمرین، شوێنەواری تەمەر خان لەنزیك خانەقین، شوێنەواری نەمریك لەنزیك شاری دهۆك .
(٥٠٠٠ ساڵ پ.ز)شوێنەواری قەڵاگچکە لە ناوشاری هەولێر، شوێنەواری گردی باب و کور لە دەشتی بتوێن، شوێنەواری سیلاخوری لە لووڕستان .
(٤٠٠٠ ساڵ پ.ز) شوێنەواری باس موسیان لە دەشتی بتوێن .
لەگەڵ سەدان شوێنەواری تر لە کوردستان لە چاخی ئاوەدانی سەرەتایی کە هێشتا پشکنینیان بۆ نەکراوە .

سەردەمی شارنشینی : شارستانیەت

٤٠٠٠- ٢٣٥٠ ی پێش زایین سەردەمی شارستانی(سۆمەری) لە گەرمیانی دووزێ (میسۆپۆتامیا) درێژەپێدەری شارستانی ئاوەدانی لە چیاو دەشتەکانی کوردستان (کوردا) لەم دەم و سەردەمەدابوە ناوی کوردا (شاخاوییەکان / کوێستانییەکان) لە کورد نراوە و خۆشیان (سۆمەرییەکان) بە گەرمیانی (قامیشەڵانییەکان) ناوناوە .
٢٣٥٠ ی پێش زاین یەکەمین داگیر کاری هۆزەکانی بەدووی سەحراوی (ئەگا دوو) ئەکەدی لە باشور و خۆرئاوای زاگرۆس و دووزێ (میسۆپۆتا) بوە و پاشتر لە سەر دەستی جەنگاوەرانی (گاردەکانی) گوتییەکان لە (٢٠٩٨ پ.ز) لابران .
٣١٠٠ - ٢٠٠٤ ی پێش زایین شارستانیە سەرەتاییەکانی شاخەکانی زاگرۆس و کەنارەکانی دووزێ تێژەلە و بۆران (تێژەلە و فۆرات): ئێلامی - گووت
لە دواتردا تیشکم خستۆتە سەر دسپێکی شارستانیەت و شارنشینی کە لەم قۆناغەدا شارستانیەتی سۆمەرەوە دەستم پێکردووە و لە شارستانییەتی ساسانییەکان کۆتاییم پێهێناوە. هەوڵم داو تا پێش هاتنی مێژووی ئیسلام کۆتایی بە قۆناغی ئەو شارستانیەتانە بێنم کە کورد دایمەزراندووە.
چونکە بەداخەوە دوای هاتنی ئیسلام زۆربەی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژوویەکانی دەستدرێژی کراوەتە سەر و شێوێندراوە.
ئەو شارستانییەتانەی کە لێرەدا تیشکی خراوەتە سەر ئەوانەن، سۆمەرییەکان، گوتیەکان،لولوبییەکان، کاشیەکان، ئیلامییەکان، هورییەکان، میتانییەکان، هیتییەکان،ئورارتوویەکان، مانایەکان، دوڵەتێ ماد، ململانێی ماد و لیدیا، ساسانییەکان،

ئەوانەی باسم کرد لێرە بە وردی لەم پەڕتووکەدا ئاماژەی پێدراوە. لە لەسەرەتادا شارستانیەتەکە پێدەناسێنم، شوێنی ژیانیان لە سەر نەخشە، بە دانانی خریتەی شوێنەکە ئاسانکاری کراوە بۆ بینینی شوێنی نیشتەجێ بوونیان. هەروەها ئەگەر ئەو شارستانیەتە خاوەنی چەند ناوێکی بێت، لە سەرەتای ناساندنی ئاماژەم پێکردووە. هەر وەها ساڵی دامەزراندنیان و کۆتایی هاتنیان. ناوی پاشاکانی کە حوکمڕانیان کردووە و لە چ ساڵێکدا بووە باس کراوە. شێوەی ژیانیان و کار و چالاکی و هونەری بەرزیان بە پێی کۆمەڵێک بەڵگە وێنەی گرینگ هەم توانیومە نەخشی سەر نەخشەکان بە پێنووسی گرافیت بە شێوازی هێڵکاری بنەخشێنمەوە. هەروەها جیا لە هێڵکاری، ئەسڵی ئەو ئاسەوارەی کە لە ڕووی ئەو نەخشاندوومەتەوە و ڕێکم خستۆتەوە، پێناسەی تەواوی هەر ئەسەوارێک کە لە دەستمدا بووە وەک پرۆفایلی وێنە لە ژێری وێنەکاندا پشتڕاست کراوەتەوە.
تەواوی ئەو نەخشانەی کە بە دەست و پەنجەی خۆم نەخشاندوومەتەوە زەمەنێکی زۆری بردووە و هەموو نەخشەکانم لە سەر paper canvas بە قەڵەمی گرافیت ڕەش و سپی نەخشاندووە و ئەرشیفی مۆزەخانەی زانکۆی جیهان پارێزراوە.
هەروەها ئەگەر لە شوێنێک نارێکی دارِوخانێک بە وێنەکەوە دیار بێت، ئەوە بە کەڵک وەرگرتن بە شارەزایی هونەری خۆم ڕاستم کردۆتەوە.




کۆماژن

چیای نمرود گلکۆی (ئانتیوخوس)ی یەکەم لە پاشاکانی کۆماژن

چیای نمرود یا نمرود داغ لە شاری کاهتا یا کاحتا سەر بە پارێزگای ئادیامان لە باکووری کوردستان، یەکێکە لە گەورەترین شوێنەوارییەکانی سەردەمی «هێلێنی»، گۆری ئانتیوخوسی

یەکەم، لە پاشاکانی کۆماژن لەو شوێنە مەزەندە دەکرێت.
ئەو شوێنەوارە مێژووییە هاوشێوەی شوێنەوارەکانیتری خاکی کوردستان، جێگای ڕامان و سەرنجی شوێنەوارناسانە.
پاشایاتی کۆماژن لە ساڵی ١٠٩ی پ.ز لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی وەک یەک ئیمپڕاتورییەتی سەربەخۆ دروستکراوە.
پێکهاتەی مێعماری هونەری ئەو شوێنەوارە، تێهەڵکێشێکە لە هونەری یۆنانی و ڕۆژهەڵاتی کە دەکرێ لە سەردەمی هاتنی ئەسکەندەری مەقدوونی، کۆمەڵێک لەو بنکانە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنەوەی هونەری دوو لایەنە و بە مەبەستی چاوگەی گرێبەست و یەکگرتوویی و هاوپەیمانی بونیاد نرابن.
کێشی کۆمەڵێک لەو تەختە بەردانەی کە لە بونیاد نانی شوێنەکە بەکار هاتووە تا (نۆ)٩ تۆن مەزەندە کراوە.
بەهێز کردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ خوداکان و ئارامی ڕوحی خەڵکی ئەو ناوچەیە تا ڕادەیەک گرینگی و بایەخی بووە کە لە زۆر شوێنیتری وەڵاتەکەیان، پەرستگەی زۆریان هاوشێوەی ئەوە بونیاد ناوە.
هەروەها لە کۆتایی کتێبەکەش دا ئاماژە و ڕوونکردنەوە داوە لەسەر چەند شوێنەواری گرینگ و مێژوویی لە کوردستان، کە پێش مێژوویان پێش هاتنە ئارای بەستەری شار نشینیە. هەر بۆیە خستوومەتە کۆتایی کتێبەکە دوای تەوەری مێژووی ساسانییەکان دەست پێدەکات.
دواجار کتێبەکەم بە کورتە باسێک لە سەر مێژووی ئەکەدییەکان کۆتایی پێدێ کە هیچ پەیوەندی بە کوردەوە نییە.
بەڵام لەبەر ئەوەی لە زۆر ڕوداوی تۆمارکراوی مێژووی ئەکەدی و ئاشورییەکان دا ئاماژە بەو شارستانیەتانە کراوە کە پەیوەندی بە کورد ەوە هەیە و لە ڕوداوە مێژووییەکان بەرکەوتنیان لەیەک زۆر بووە، بۆیە بە پێویستم زانی خوێنەریش کورتە پێناسەیەکیان لەسەر هەبێت.
لە کۆتایی کتێبەکەش ئاماژە بە سەرچاوە و پەراوێزەکان کراوە.
لێرەدا جێگای خۆی بوو زۆر سپاس پ.د وریا عومەر ئەمین بکەم. کە باری هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی، بە دڵ فراوانییەوە لە ئەستۆ گرت. و لە سەرەتای کتێبەکە دەستنووسی لە لەبێژنگدانیمان داناوە.
و سپاس و ستایشی تایبەتی جەنابی د. نەوزاد یەحیا باجگر سەرۆکی ئەمیندارییەتی زانکۆکانی جیهان بۆ هەوڵ و پاڵپشتی بۆ بە چاپ گەیاندنی کتێبەکە، لە لایەن خۆیانەوە.
ئەو کتێبە بە ژمارە سپاردنی ١٥ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر، پێشکەش کراوە بە هەموو کوردێکی وشیار نیشتمان دۆست، کە بۆ پاراستنی پیرۆزییەکانی ئەم خاکە تێدەکۆشێ.

پێشکەشە بە خوێنی شەهیدان و خاکی پیرۆزی کوردستان



دەروازەی گەورەی قەڵای هەولێر لەساڵانی ١٩٣٠



کەریم کابان و قادر کابان لەگەڵ خێزانەکەیان(سلێمانی ١٩٣٢)



کوردانی عەفرین ١٩٠٠



وێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٤. مارک سایکس کەسایەتییە کوردەکانی لەگەڵدایە
تێبینی: مارک سایکس وەک ڕێبوار و گەڕۆکێک بە گشتی هاتۆتە ناوچەی کوردی و بەگشتی، نەک وەک بەرپرسێکی دەوڵەت یان حکومی.



شوانێکی کورد ١٩٤٩